# کوردایەتی و  شاڵاوی دژەناوخۆییەکان




کارێکی هاوبەشە. نوسینی:

ب. هەندرێن     ،     کامیل ژیر

# کوردایەتی و شاڵاوی دژەناوخۆییەکان

❋

ڕەخنەو توێژینەوەی وێژەیی

❋

پێنوسێکی  وێل و گومڕا

خاڵۆخاڵۆکەی مەولوی و ژیر

هەڵۆ بەگ و  عەولە سیسە

وانەیەک لەبارەی هۆنراوەوە

❋

کارێکی هاوبەشە، نوسینی:

ب.هەندرێن   ،   کامیل ژیر

2715ک 2015ز

سلێمانی

-------------------------------------------.

سەرەتا، هەزار درود لەگیانی پاکی هاوبیری کوردایەتی کاکە لەتیف قەرەداخی (ب.هەندرێن)ی جوانەمەرگ. من ئەم بەڕێزەم نەئەناسی، لە هەشتاکانی چەرخی رابوردوا بەوە خۆی پێناسانم کە وەک رەخنەسازێ 3 توژینەوەی ئەدەبیی نوسیوەو لەپەرتوکێکا بەناوی (کامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست و رەخنەدا) کۆیکردۆتەوەو ئەیەوێ چاپیبکا.

+پیرۆزە.

-پێمباشە تۆ پێشەکی بیخوێنیتەوە.

چاوێکم پیاخشان. خەتەکەی ئەوەنە ناخۆشبو، بەئاسانی بۆم نەخوێنرایەوە. دامەوە دەستی و وتم با کەسێکی خەتخۆش بینوسێتەوە، دوایی ئەیخوێنمەوە. هاوبیرحەمە ساڵح هۆشمەند بە خەتە خۆشەکەی بۆی نوسیەوە. ئەویش بە پەلە بردی بۆ بەغدا پێشئەوەی من بیخوێنمەوە. دوای رەزامەندیی چاودێری لەبەغدا، یەکسەر دابوی بە چاپخانەی ئۆفسێتی مینا لە بەغداو هەر ئەو دەسخەتە وێنەی لەبەر گیرایەوەو کرایە پەرتوکێ. بەڵام پێش بڵاوبونەوەی، پەرتوکەکە قەدەغەکراولە کتێبخانەکان کۆکرایەوە! باشبو دە دانەی لای من و هەندێکیشی لای خۆی مابوەوە.

ئێستا پاش 30 ساڵ، 3 هۆکار پاڵم پێوەئەنێ بۆ چاپی دوەمی ئەو پەرتوکە، تێکەڵ بە دیدو وەڵامەکانی خۆم و وانەیەک لەبارەی هۆنراوەوە:

1-رەوانشاد خۆی لەژیانا نەماوە. پێش کۆچی دواییەکەی، وتووێژیکی چڕوپڕم لەگەڵاکرد سەبارەت ناوەرۆکی پەرتوکەکەی و باری سەرنجی خۆمم پێراگەیان . ئەنجام پێکهاتین لەسەر ئەوەی: هەرکات هەل ڕەخسا، چاپی دوەمی بکرێ و ئەو سەرنجانەی من پەیڕەوبکرێ. لەم چاپی دوەمەدا، زوربەی ئەو گۆڕانکاریانەی کردومن وەک پیاچونەوەو کورتکردنەوەو راستکردنەوەی هەڵەی رێنوس ورێزمان و بژاری وشەو رستەی هەڵەو لابردنی ناوزڕاندن وئەو رستانەی دەرچون و لادانبون لە مەبەستەکە، رەزامەندیی ئەوی لەسەربوە. لاریشی نەبوە وەڵامی رەخنەکانی بەمەوە. تەنیا شتێک کەدەسکاریم نەکردوە، ئەو نوسینانەیە کە لەسەر منی نوسیوە بە ئەرێنی یا نەرێنی. هەمو رەخنەکانیم بەرامبەر من یا هۆنراوەکانی من، وەک خۆی نوسیوەتەوەو ئەوەی پێویستیکردبێ وەڵاممداوەتەوە.وشەی (مامۆستا) کەدابویە پاڵ ناوی من و هەندێ ناویتر، هەمویم لابردوە. چونکە ئەو وشەیە بۆ کەسی دوەم بەکارئەهێنرێ نەک بۆ کەسی سێیەم. لەسەر گۆڕینی ناوی پەرتوکەکەش پێکهاتین و ئەم ناوەی ئێستا گونجاوترە بۆ ناوەرۆکەکەی.. من بەتەمانەبوم پەرتوکەکە ناوبنێم کارێکی هاوبەش، بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییەکی زۆرو لێزیادکردنەوە، بمانەوێ و نەمانەوێ پەرتوکەکە بو بەکارێکی هاوبەش. جابۆئەوەی مافی هیچ لایەک نەچێ بەلای ئەویتراو وەک رێنماییەکیش بۆ خوێنەرەوەی بەڕێز، ئاماژە بۆ ئەوەئەکەم کە هەمو ئەو لاپەڕەو رستانەی بەپیتی- فۆنتی (یونیکورد ژینۆ-پیتە رەشەکان) چاپکراون، هی ب. هەندرێنن. ئەوانیتر کەبە (ئەریاڵ)چاپکراون، هی منن.

2-قەدەغەکردنەکە بوە هۆیئەوەی بڵاونەبێتەوە، جگە لەژمارەیەکی کەم. پەرتوکەکەش راستیی مێژویی و وێژەیی زۆری تیایە کە بۆ کتێبخانەی کوردی و بۆنەوەی نوێ و بۆرەخنەسازان پێویستە. بەتایبەتی دوابەش (وانەیەک لەبارەی هۆنراوەوە) بۆ هۆنیاران.

3-ئەو چاپی یەکەمە لەبەرگیراوەیدەسخەتەکەبو کە لەهەندێ شوێنا کاڵبۆتەوەو بەئاسانی ناخوێنرێتەوە.بۆیە ئەم چاپی دوەمە پێویستبو------------------------------ کامیل ژیر.

***

## ناسینێکی گشتیی پەرتوکەکەی ب. هەندرێن

سێ بابەتی سەرەکیی لەخۆی گرتوە:-

١-لێکۆڵینەوەیەک لەنوسینێکی گوشاد محەمەد سەعید.

2-ئاوڕدانەوەیەک لە خاڵۆخاڵۆکەی مەولەوی و ژیر.

3-شەهیدی گۆران و عەولە سیسەی کامیل ژیر لەبەراوردێکی ئەدەبی و ئاوێنەی راستیی کێشەکەوە.

نووسەر بە شێوازێکی رەخنەگرانەی زانستی، لەدەرگای ئەو سێ بابەتەی داوە، بەوەی هەردو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بابەتەکانی رەچاوکردوە. واتا، بەپێی بۆچونی خۆی، راستبوبێ یاهەڵە، بەچاکی وتوە چاک و بە خراپی وتوە خراپ. پشتی بە پەراوێزو سەرچاوەیەکی زۆریش بەستوە. واتا بە هەرەمەکی، راکانی خۆی نەسەپانوە.

بەرگی پێشەوە بەمجۆرە نەخشێنرابو:
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
کامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست و رەخنەدا
ب. هەندرێن
چاپی یەکەم 2685ک – 1985ز
چاپخانەی ئۆفسێتی مینا-بغداد



بەرگی پشتەوە:
رەتکردنەوەی خامەیەکی وێڵ و پیشاندانی لایەنە نەتەوەییەکانی ژیر
رۆشناییەک لەسەر خاڵۆی مەولەوی و خاڵۆخاڵۆی ژیر
-بەراوردێ لەنێوان شەهیدی گۆران و عەولە سیسەی ژیرا
لەنامەخانەی نیشتمانی ژمارەی 984 ساڵی 1985ی دراوەتێ
نرخی یەک دینارە
*

ب. هەندرێن بەمجۆرە دەسپێئەکا:

**پێشکەشە: بەو شاعیرانەی راژەی میللەتەکەیان ناگۆڕنەوە بەناوبانگی جیهانی.**

**رێبازو بڕوای نازم حیکمەت و بابلۆ نێرودا بە تەنیا رێگەی لوتکە نازانن.**

**خاوەنی بیروباوەڕی نەتەوەیین و کەچی ناکەن بە پەیژەی سەرکەوتنی خۆیی.**

**دنیای بێ دەنگیان لا پیرۆزترە لەڕیاکردن لەپێناوی لوتکەدا.**

**ب. هەندرێن**

***

**پێشەکییەکی پێویست**

**ژیری شاعیری نەتەوەیی تا ئەمدەمە لەسەری نەنوسراوە، بنەڕەتییەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانە:-**

**1-بەدوای سەرهەڵدانی دیوانی هۆنراوەی (کوردایەتی)[1] کامیل ژیرا، ئەوەنەی پێنەچو چاپەمەنیی کوردی کەوتە بەر لێشاوی دامودەزگاکانی قاسمەوە.**

**هەرچەن کاک محەمەدی مەلا کەریم بەرەنگاریبو بەنوسراوێکی 10تا12 لاپەڕەیی بەناوی (کوردایەتی لەژێر نەشتەری**

**یەکالاکردنەوەدا)[2] بەلام هەڵگرانی بیروباوەڕی نەتەوایەتی، بەنامیلکەیەک لەژێر ناوی (کوردایەتی بزوتنەوەو بڕواو رژێمە)[3] بەتەقینەوەیەک پیایا تەقینەوە، بۆ ئەو سەردەمە گونجاوبو. لەبێدەنگیی کاکە حەمە بەرامبەر ئەو هەڵمەتە بەجێیە ، بەدوایا زەمینەکەی ئەدەبی کوردی کپی بەسەراهات و لە نەشونما کەوت. لەدەمێکا کوردایەتییەکەی زەردەشت تەنیا لایەنە سیاسییەکەی گرتبوە خۆی.**

**2-لەکۆتایی شەستەکانا هەندێک لەدوکتۆرەکان، وەک عیزەدین مستەفا رەسوڵ ومارف خەزنەدار، هەتا رادەیەک دەستیان بەسەر نووسینی کوردیا گرت و هەر شاعیرو نوسەرێ لە رێبازو باوەڕیان نەبوایە،ئەکەوتە دنیای لەبیرچونەوە. بۆ راستیش (الواقعیە فی الادب الکوردی)[4] باشترین نمونەی ئەو سەردەمەیە، لەگەڵ هەندێ نوسینیترا[5].**



**3- لەگەڵ بەهاری ساڵی 1970دا جۆرە ئەدەبێ بەناوی (روانگە)[6] باڵی بەسەر هەمو مشتومڕێکیتراگرت بەئەندازەیەک وتیان(قۆناغی گۆران کۆتاییهات[7]و قۆناغی نوێ دەستیپێکرد. هەرچەن زۆر بڕینەکردو لەساڵی 1974ەوە کپبو، یا بەواتایەکیتر، جوانەمەرگبو!.**

**4-سستبوونی ژیر لەشەستەکانەوە لەمەیدانی هۆنراوەدا کە ئەشێ ئەمەیان لەهەمو هۆکانیتر کاریگەرتربوبێ، بۆئەوەی هۆنراوەکانی نەبونە جێگە سەرنج و نوسەرەکان خۆیان تیا تاقینەکردۆتەوە.(**
راستە من 1961 تا 1966 هۆنراوەم نەوتوە بەهۆیئەوەی لەو ماوەیەدا بە چەندین کارەوە دەستمگیرابو وەک: 1-فەرمانبەرێ لە کۆمپانیای کەرەستەی بیناسازی 2- خوێندنی ئامادەیی و کۆلێجی ماف 3- خوێندنی هەشت کۆرس زمانی ئنگلیزی 4- خوێندنی یەک کۆرس زمانی ئەڵمانی 5- وتنەوەی وانەی زمانی کوردی بە باڵیۆزی یۆگۆسلافیا میستەر نیاز 6- چونم بۆ سویسرا بەنیازی بەڕێوەبردنی رادیۆیەکی کوردی لەپاریس هەرچەن سەرینەگرت 7-کارەکانی کاژیک...هتد راستتریش ئەوەیە سستنەبوم، ئەو 1982 پەرتوکەکەی نوسیوە.من هۆنراوەکانی ئەو سەردەمەم دەرنەئەخست تا ساڵی 1983 کە دیوانی سێیەمی هۆنراوەکانم لەژێر ناوی (جوانی)ا بەچاپ گەیانو بریتیبون لەهۆنراوەکانی ناوەڕاستی شەستەکان تا 1983. ئەمە یەکێکە لەو هۆنراوانە:

## بۆ جوانێکی هەنگاری

لەدیسکۆکانی[1] بۆدابست[2] کۆڕی ئاهەنگ گەرم و گوڕە

سەرشانۆی جوانی رازاوە، پڕ لە کچە پڕ لەکوڕە

هەموو شەوێ ئەستێرەکان بەڕێئەکرێن بەچاوبڕکێ

پێشوازی لە شەفەق ئەکرێ بە گۆرانی و بە هەڵپەڕکێ

تا بەیانی ئاواز و ساز، زڕەی پیاڵە، چریکەی دەنگ

راز و ژوان، ماچی ناودەم، گوشینی دەس، کەمەری تەنگ

شەوێك جەژنی سەری ساڵبو لەناو ئەو هەمو جوانەدا

(ئەدید)[3] جوانێ بو، بێوێنە، ئەدید زیاتر روی بە مندا.

وتم فەرمو بۆ سەمایەك بەبێ وەستان وتی (ئیگان)[4]

لەدوای جۆپی و یەکترناسین بۆ خواردنەوە چوینە سەرخوان

وەك سەرەتای دڵدارییەك بەرێزەوە قسەی ئەکرد

---

[1] دیسکۆ: جێگەی سەما، دانس

[2] بودابست: پایتەختی هەنگاریا (مەجەڕ)

[3] ئەدید: کچێکی هەنگاری

[4] ئیگان: بەڵێ، باشە بەزمانی مەجەڕی



بۆ مەبەستێ باس و خواسی دانیشتنی شەوی ئەبرد

وتم ئەی جوان، ئەی پەری زاد، ئەی روناکی شەوی جەژنم

هەرچەن من ئێستا پێکراوی، قژی زەرد و باڵا و بەژنم

بەڵام من دورم لەتۆوە، من رێبوارێکم، من کوردم

لانەوازم، کێشە ئاڵۆز، تۆ بۆ وازو دڵت بردم؟

وتی من و تۆ نزیکین، تۆ دەربەدەر، من دەم بەسراو

دڵم بەجۆرێ لێئەدا، جۆرێکیتر ئەبینێ چاو

جگە لەوەش بەراستتبێ، یا ڕواڵەت، مەڵێ (وازو)

نایەتەوە هەر چرکەیەك، لەم ژیانە کە لەدەسچو

وتم ئەدید ئەی کچۆڵە، فریشتەی ئەم راگوزارەم

وتی ئەی لاوی ئاوارە، هەڵبژاردەی ئەم دیدارەم

وتم بابێ پەرداخی مەی بەچاوی گەشی تۆوە نۆش

**وتی (ئەگێش)[5] ئنجا سەمای زۆر، (کۆسەنەم)[6]جەژنێکی خۆش**

5:ئەگێش: نۆش.   6: کۆسەنەم: سوپاس بە زمانی مەجەری

بۆدابست: دوا شەوی 1982 / 1983

لە دیوانی جوانیدا 1983 بلاوکراوەتەوە

پێشئەوەو دوایئەوەش چەندین هۆنراوەیتر وەک: سرودی سلێمانی 1973،کێ وەکومن 1976، داستانی ئەوینی کوردستان 1976، ئۆپەرێتی نازە، ساڵی 1986 لەژمارە 5ی گۆڤاری نوسەری کوردا بڵاوکراوەتەوە. لەبیرەوەرییەکانی ساڵانی دێرین، لەگۆڤاری بەیانا ژمارە 152 ساڵی 1989 بڵاوکراوەتەوە. بەشی یەکەمی هۆنراوەی گوندەکان و هەڵەبجەو راپەڕین 1988 بە هاوبیر هۆشمەنا ناردم بۆ پاسۆک لە شاخ بۆئەوەی بڵاوییکەنەوە، ئەمە دەقەکەیەتی :

---



# گوندەکان

**ئەو گوندانە مەڕوخێنن**

**ئەو گوندانە مەسوتێنن**

**بەبێ ورە، لەدوکەڵی ئەو گوندانە زیرە مەکەن**

**لەبەربورە، تۆپی دەستی نامەردانە ئاگر مەدەن**

**ئەو گوندانە جوان و دلگیر و رازاوەن، بێ زیانن**

**ئەو گوندانە فریشتەی ئەم سەرزەمینەن، بێ زمانن**

**ئەو گوندانە بەهەشتێکی پیت و فەڕن**

**دەسی تاوانیان نەگاتێ، دورەشەڕن**

★★★

**ئەگەر سزای ئەو گوندانە سوتاندنە،**

**چونکە گوندی جۆرە خەڵکێکی نەبەردن**

**کوڕەکوڕەی ئەو گوندانە، وان لەچیا، ئەڵێن ئێوە ئەگەر ئازان،**

**ئەگەر مەردن**

**وەرن ئێمە جەنگاوەرین، دروستکەری ئەو گوندانەین، وەرن وەرن**

**ئێمەین گیان و چاوو دەستی ئەو گوندانە، یەخەی ئێمەی لەسەر بگرن**

**وەرن لەمەیدانی جەنگدا دەرئەکەوێ کێ سوارەیە، کێ پیادەیە**

**کێ لەسەر مافی نەتەوەی، لەگەڵ ئێوەی ترسنۆکا، یەك بەدەیە**

★★★

**ئەگەر کێشەی ناڕەواتان، دەسەو یەخە، لەمەیدان و کۆڕی جەنگدا**

**لەگەڵ ئەو خاوەن گوندانە، یا لەتاوان دەسهەڵگرتن، ئەنجام نەدەن**

**ئەوا لەجێی ئەو گوندانە، ئەو مەردانە، کە دەستێکیان پیادا هێنان**

**لەکەللەی سەری پەڕیوتان، گوندی جوان و رازاوەتر، دروست ئەکەن**

**تائێرە:** 1988 **وتراوە.** ئەوەبو 1991ئەم پێشبینییە هاتەدی.



گەلێکیتر کەساڵی 1993لە دیوانی (هەڵبەستەکانی ژیر)ا بەچاپم گەیان. دوای ئەوە دیوانی (کوردایەتی و جوانی 2010)و زۆر هۆنراوەیتر.

ئەمەش یەکەم  هۆنراوەی ئەو دیوانەیە:

## هەمان سوارەم

**من لەو بیرە پەڕگرانەم**

**بەگژ هەمو جەردەکانا چونەتەوە**

**من لەو سوارە سەرچڵانەم**

**لەهەڵمەتا بون بەئاگر بۆنەتەوە**

**ئەشێ ئەستێرە رامابێ لەوەی ماوم هەتا ئەمڕۆ**

**لەناخیدا گومانیبێ لەتوانام و بپرسێ بۆ!؟**

**نەخێر یاران**

**من هەر هەمان ئەو ئاگرەی هەرزەکاریم، کڵپەسەندوم**

**وەکو جاران**

**بۆ کوردەکەی بێ مافەکەم، باج و دیاریم، من نەمردوم**

**ئەی ئەستێرەی پرس و گومان من وەکو تۆی تەماشاکار**

**دانانیشم دەستە ئەژنۆ، هیچ لەبارا نەبوی لاسار!**

**ئەسوتێم تا ئەبمە ژیلەو**

**لەگۆڕیشا ئەبمە مینی لەچاڵنانی ناجۆرانم**

**تاکو ئالای سەربەخۆیی**

**ئەدا مژدەی کامەرانی بەسەرتاپای کوردستانم**

ئێستەش هۆنراوەکانی دوای 2010م ئامادەیە بۆچاپ. زۆری لە هۆکارەکانی راگەیاندن و فەیس بوکا بڵاوکراوەتەوە -------------------- ژیر)

ب. هەندرێن لەسەر نوسینەکەی ئەڕواو ئەڵێ:

**لەگەڵیا نابێ راستییەک حەشاربدرێ کە سەرهەڵدانی دیوانی هۆنراوەی (کوردایەتی)ژیر، گواستنەوەی بیرو باوەڕی نەتەوایەتیبو لە سۆز (عاتیفە)وە بۆ تیۆر(النظریە) لەدنیای هۆنراوەی کوردیا.**

**هەر ئەو راستییەش پاڵپێوەنەری (نەبەز)ی رابەرو مامۆستابو کە ئەوپەڕی رێزو ستایش لەهۆنراوەکانی ژیر بنێت و لەپێشەکی دیوانی کوردایەتییەکەیا بنوسێ: (رۆژ لەدوای رۆژ هۆنراوەکانی بەتامترو**



**لەبارترو بە دڵی ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی ئەبێ و ئەبنە نمونەی هۆنراوەی پاشەڕۆژمان)[8].**

**بەم پێیە ئەگەر شاعیرانیتر رابەری قوتابخانەیەکبن، ژیری شاعیر سەرقافڵەی کاروانێکە کەهەمو ئاوات و خواستەکانی نەتەوەی پێیە.**

**ئێمەش لەم رێبازەوە، بۆیەکەمجار لەجیهانی ژیری شاعیرو نەتەوەییەوە، ئەکەوینە رێگاو پەڕاوەکەمان سێ بابەتی گرتۆتە خۆی:**

**یەکەمیان، بەتاڵکردنەوەی بۆچونەکانی گوشاد محەمەد سەعید لەژێر ناوی (چەند سەرەتایەکی نوێ لەشێعری کوردیدا [9].**

**دوەمیان، تەواوکردنی خاڵۆخاڵۆکەی شاعیری فەیلەسوفی کورد مەولەیی لەلایەن ژیری شاعیرەوە.**

**سێیەمیان، بەراوردێ لە نێوان دو هۆنراوەی شاکاری کورد(شەهید)ی گۆران و (عەولە سیسە)ی ژیرا.**

**هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتانە لەترازوی راستی کێشەکەو لەناخی بیروباوەڕە نەتەوایەتیەکەوەیە، کە بەرزترین بیروباوەڕی مرۆڤایەتییە تائەمرۆ لەسەر ئەم زەویە لەدایکبوبێ.**

**ئەوە ئێوەو کامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی لەهەڵوێست و رەخنەدا.**

**ب. هەندرێن**

**پەراوێزەکان:-**

**١-کوردایەتی، هۆنراوە، کامیل ژیر، چاپی بەغدا ساڵی 1960**

**٢-محەمەد مەلا کەریم ، لێکۆڵینەوە، چاپی بەغدا، ساڵی 1960**

**٣-زەردەشت، لێکۆڵینەوە، چاپی بەغدا، ساڵی 1960**

**٤-د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، دراسات ئەدەبیە، چاپی بێروت. ساڵی پێوەنیە.**

**٥-لەلێکۆڵینەوەکاندا لەجێگەی خۆیا یەکەیەکە دەسنیشانمانکردوە.**

**٦-بڕوانە بڵاوکراوەی روانگە، ژ-1 چاپی نەجەف، ساڵی 1971، ل/3.**

**٧-بۆیەکەمجار لەکۆڕێکا لەسەر تەلەفیزیۆنی کەرکوک، سەلاح شوان و عەبدوڵا عەباس و رەفیق سابیر ئاشکرایانکرد لەساڵی 1971دا.**

**٨-کوردایەتی ژیر، سەرچاوەی پێشو، ل/22**

**٩-رۆشنبیری نوێ، گۆڤاری بەڕێوەبەریتی رۆشنبیری کوردی، ژ/72 شوباتی 1979، ل/39.**

---

**بابەتەکان:**

**1-لێکۆڵینەوە**



**گوشاد کۆلکە خوێندەوارە لەئەدەبدا. لەڕوانگەی نەتەوایەتییەوە بۆچونەکەی پوچە.**

**تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامێکە بۆ نووسینێکی کاک گوشاد محەمەد سەعید لەژێر ناوی (چەند سەرەتایەکی نوێ لەشێعری کوردیدا) بۆیەکەمجار لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە72 شوباتی1979 ل/39 بڵاوکرایەوە. بۆدووەمجار لەگۆڤاری بەیان ژمارە61نیسانی 1981 ل/56 بڵاوکرایەوە. هەردو گۆڤارەکە سەر بەدەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنن.**

**هەڵسانی د. ئەورەحمانی حاجی مارف بەرامبەر مامۆستا جەمال نەبەز، بەکارێکی خۆیی نازانم وەک لەدۆخی نوسینەکەیا سەرجەم دەرئەکەوێ و رێکەوتنی لەگەڵ گوشاد محمەد سەعید لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێدا [1]. ئەگەر بێت و شیبکرێتەوە ئامانجەکەی بەستراوە بەدەرفەتێکی مێژوی میللەتەکەمانەوەکە 22[2] ساڵ لەمەوبەر حەمەی مەلا کەریم بەرەو روی بڕوای نەتەوایەتی و نەبەزو ژیر بووەوە. هەرچەن لەبواردا دەرنەچو، بەراپەڕینی زەردەشت بەرامبەری، لەدەریادا نقومبو و وەک گۆمێکی مەنگ کپبو.**

**بێینە سەر وتارەکەی کاک گوشاد محەمەد سەعید کەبۆتە جێگەسەرنجی دەزگای رۆشنبیری کوردی وەک لەگۆڤارەکانیانا (رۆشنبیرو بەیان)[3] دەرئەکەوێ، زۆر بەپەرۆشەوە تینون بۆ**

بەگژاچونی بیروباوەڕی نەتەوایەتی و ئەدەبەکەی. لەدەمێکا هەزاران وتاری ئەدەبی و مێژویی و سیاسی و هونەریی کورد [4] بونەتە پێخۆری سیڤەری بەیان و لۆزانی کورد [5].

گوشاد ڕێبازی حەمەی مەلا کەریمی گرتوە. بەڵام لەبارەی نوسینەکانیەوە زۆر هەڕەمەکیترەو لەوەناچێ تەنیا پەڕاوێکی خوێندبێتەوە لەسەر بیری نەتەوەیی یا ئەدەبی نەتەوەیی، بگرە لەسەر ئەدەبی کوردیش!!.

گوشاد بەبێ بناغە هاتوە باسێکی دەسپێکردوە ناویناوە(چەند سەرەتایەکی نوێ لەشێعری کوردی) [6] بەم وشانە سەری بەوتارەکەی هەڵداوە (کامەران هەر لەسەرەتای پەیدابونیەوە لەگەڵ ئەو هەمو تەئسیرانەی لەسەریبو-لەچەند هەوڵدانێکی شێعری باش خاڵینەبو، ئەم باشییەش زیاتر وەک پڕکردنەوەی بۆشاییەکی بیری نەتەوایەتی نەوەک تەکنیکی شێعری لەچواچێوەی شێعری نوێدابو (گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە 72 شوباتی 1979 ل/39.

گوشاد پێشەکی هێلێکی راستوچەپی بەسەر هەمو هۆنراوەی کوردیا هێناوە هەتا کامەرانیشی گرتۆتەوە وەک ئەڵێ (لەگەڵ ئەو هەمو تەئسیرانەی لەسەریبو، ئەگەر بهاتایە ئەو تەئسیرانەی لەسەرنەبوایە سەرکەوتوتر ئەبو). ئەبێ گوشاد مەبەستی چیبێ!؟ تۆبڵێی کامەرانی بەیەکەم لوتکەی ئەدەبی کوردی دانابێ؟



ئەگەرکەموکوڕییەکی هەبێ خستبێتیە ئۆباڵی ئەدەبەکە بەوەی کامەران لەئەدەبەکە بەرزترە!؟

بەلای گوشادەوە ئەگەر بهاتایە کامەران یەکەم شاعیری کوردبوایە ئەو هەمو تەئسیرانەی لەسەرنەئەبو!؟ زۆرزۆر پێشکەوتوتر ئەبو لەئێستا.

تۆبڵێی گوشاد هەمو هۆنراوەی کوردیی رەتکردبێتەوە بەقوتابخانەو قۆناغ و ڕێبازەوە لەپێناوی کامەرانا!؟ ئەم راستییە پێویستی بەپرسیارە، پرسیارەکەش لە کاک گوشاد. وەڵام رونەو زۆریش ئاشکرایە هەر لەخۆیا، ئەوەنیە گوشاد ئەڵێ (لەچەند هەوڵدانێک...هتد) ئەو چەند هەوڵدانەی کامەران بەسەر هەمو هۆنراوەی کوردیدابوە. هەر ئەو هەوڵدانەی کامەران لای گوشاد بوە بەهاوکێشەیەک هەمو ئەدەبی کوردی ئەگرێتەوە نەک هەر هۆنراوە. کەواتە باووباپیرەکانمان چییانکردوە؟ هەرچەند زۆر وەڵام بەرامبەر ئەم رستانەی گوشاد هەیە، لەوانە هەتا نوسینی کامەران خۆی [7]. بەڵام نوسەرێک رادەی رۆشنبیریی بگاتە ئەو پلەیە لای ئێمەش وشەکانی وەک داستانێکی گوێئاگردان دێتە گوێ کە داستانبێژ بەڕازی خۆی داستانەکە بگێڕێتەوە.

هەمو ئەدەبدۆستێ تا ئەم دێڕە ئەگەر گوێ شلکا لەئاستی فەرمایشتە بێ سەروپاکانی گوشاد بەوەی کامەران هەموشتێکبێ لەئەدەبی کوردیا، یا لوتکەی پڕکردنەوەی بیری نەتەوایەتیبێ، بێ

شک هێڵێکی سەرەوخوار بەوشەکانیا دێنێت و بەگوشادیش ئەڵێ شارەزای یەک پیتی کوردی نیت نەک ئەدەبی کوردی.

کامەران بەوشەی ناسک و گیانی مۆسیقاو هەندێ هۆنراوەی بڵندی، جێگەیەکی هەیە لەهۆنراوەی نوێی کوردیا.بەلام لەبارەی پکردنەوەی بیری نەتەوایەتییەوە، هەرگیز نەگەیشتۆتە عەلی تەرمۆکی و خانی و حاجیی کۆیی و بێ کەسی باوک و پیرەمێردی نەمر، هەتا هەژاری مهابادیش کەتەنیا هۆنراوەیەکی دڵداریی نیە.

ژیریش بەو لوتکەییەی گرتویەتی لە (تیۆری نەتەوایەتی)ا کەتا ئەمرۆ ساڵی 1982 [9] شاعیرەکانمان توخنی نەکەوتون. ئەوەلەلایەک، لەلایەکیترەوە هەمو بیروباوەڕیک لەگەڵیا بیری نەتەوایەتی، بریتینیە لەبۆشاییەک پڕبکرێتەوە.. لەوانەیە کاک گوشاد بیر بە بڕی عەرەبی تێگەیشتبێ نەک فیکر!

لەبارەی شاعیرو نوسەرەوە، بۆ باوەڕ، دەوری هاندەر ئەبینێ، لەدەمێکا بڕوایەک، شاعیر یا نوسەری نەبو، مانایئەوەنیە بۆشاییەک لەو باوەڕەدا بەدی ئەکرێ یا لایەکی بەبەتاڵی ئەمێنێتەوە. ئەوەی جێی سەرنجبێ، یەکەمجار گوشاد دەسنیشانی ئەوە ئەکا کامەران لەناوەرۆکا سە رکەوتوە، دوایی دێتە سەر شێوە (شکل) هەروەک ئەڵێ (نەوەک تەکنیکی شێعری، لەچواچێوەی شێعری نوێدابو).



نازانم کاک گوشاد خۆی لەم رستەیەی خۆی ئەگات و ئەتوانێ بۆمان شیبکاتەوە؟ یا ئەترسم وەک نوکتەکەی رشتەی مرواریی بەسەرهاتبێ! کە ئەگێڕنەوە لەو دەروێشە دەسبڕانەی بەدەروێشی ئەبنە شێخ، یا بە واتایەکیتر تەکیەی شێخێتی داگیر ئەکەن، ئەو شێخەمان نەخوێندەوار ئەبێ، رۆژێک مەلایەکی رۆشنبیر لەخزمەتیا ئەبێ، لەبەرچاوی مریدەکان روئەکاتە مامۆستاو ئەڵێ: مامۆستا خوا لەقورئاندا باسی ئیمەی کردوە؟ مەلا ئەڵێ: بەڵێ یاشێخ لەسورەتێکدا ئەفەرموێ (هل یستوی الذین یعلمون والذین لا یعلمون) شێخ فرمێسک بەچاویا دێتە خوارێ! بەمانا تێیگەیشتوە! گوشادیش هەر ئەوەندەی ئەو شێخە لەتەکنیکی شێعری و شێعری نوێ گەیشتوە.

زۆر نزیکە د. ئەورەحمانی حاجی مارف ئەم رەخنەیەی گوشادی لەریزی رەخنە زانستییەکانا دانابێ و بەئەندازەی گەشەی خوێندەواریی بژمێرێ! [10].

هیوادارین کاک گوشاد بەوشەکانی خۆیا بچێتەوەوتەنیا تێمانبگەیەنێ مەبەستەکەی چیەو هیچیتر! لەگەڵیا رەچاوی ئەم رستەیەی د. عیزدین بکا کە ئەڵێ: (کامەران هونەرێکی نوێی نەهێناوەتە کایەوە، بەڵکو تەواوکەری رێبازە جوانکاریەکەی پیرەمێردو گۆرانە [11] .

ئەو پێنوسانەی تائەمڕۆ ئەدەبی کوردییان هەڵسەنگاندوەو قوتابخانەیان بۆدیاریکردوە، قۆناغ بەقۆناغ جیایانکردۆتەوە، بۆنمونە قۆناغی بێخود [12] یان جیاکردۆتەوە لەقۆناغی بێکەس و پیرەمێردو ئەحمەد موختار بەگی جاف. لەدەمێکا بێخود لەدوای هەمویان کۆچی دوایی کردوە. هەروەها بەدوای قۆناغی ئەواندا ، گۆران و نوریی شێخ ساڵح و هەردی و بەختیار زێوەرو دڵدارو بلەو دیلان و کامەران و ژیرو ع،ح،ب، کەئەمانە زوربەیان لەقۆناغی پێشودا هاتونەتە مەیدانەوە. بۆنمونە: یادگاری هیوای بلە کەتا ئەمڕۆ لەشاکارەکانی هۆنراوەی کوردی ئەژمێردرێ ، لەساڵی 1933دا بڵاوکراوەتەوە، هەمو شاعیرەکانی قۆناغی پێشو لەژیاندابون .

لەقۆناغی ئەم شاعیرانەو هەمو قۆناغەکانا، جۆن پلەی یەکەم بوە لەشاعیرەکانا، پلەی دوەمیشبوە. بەلام گوشاد بەبێئەوەی پەیڕەوی ئەم رستەیەبکا، هێناوێتی قۆناغەکان و پلەی شاعیرەکانی وەک چێشتی مجەور تێکەڵاوکردوە بەبێئەوەی خۆی لەخۆی بگا یابزانێ ئەڵێ چی یا چی ئەنوسێ. ئنجا ئەڵێ: ( بۆیە کامەران لەچاو ئەو شاعیرە نەتەوایەتیانەی کەلەم سەردەمەدا هەبون وەک عوسمان عوزێری و کامیل ژیرو لەسەردەمی خۆیا بێکەسیش پێشکەوتوتربو-



رۆشنبیری نوێ، سەرچاوەی پێشو ژمارە 72 ل/39 ) لێرەدا بەرەوڕوی گوشاد ئەبینەوە بەم خاڵانە:

1-بارە نەتەوایەتییەکە لابدەین و بێینە سەر پلە شاعیریەکە، عوزێری لەو قۆناغەدا لەپلەی یەکەما نەبوە وەکو کامەران و ژیر. بەڵکو لەپلەی دوەمابوە، یا لەڕیزی شیرکۆ بێکەس و کاکە شوان- د. ئیحسان فوئادو جەمال شارباژێڕی و کاکەی فەلاحا بوە [14] . زوربەی ئەمانە لەسەردەمی ژیانی عوزێریا هۆنراوەی بەهێزترو شاکاری نەتەوایەتیتریان بوە لە عوزێری. بەڵام لای گوشاد خراونەتە پشتگوێ!.

2- لەبارەی بێکەسی باوک، وەک لەپێشەوە باسمانکرد، لەقۆناغی پێشتربوە، یاقۆناغێ پێش کامەران و ژیربوە، ئیتر نازانم گوشاد ئەم بەراوردەی بە چ ترازویەک کێشاوە؟ لەڕاستیا لەهەر دەمێکا باسی بێکەس کرابێ، پیرەمێردی لەگەڵابوەو ئەز بێکەس و پیرەمێردم وەک زەهاوی و رەسافی [15] دێتەبەرچاو. لەدەمێکا پیرەمێرد لەبارەی ناوەرۆک و باوەڕی نەتەوەییەوە لەبێکەس پێشکەوتوتر نەبوبێ لەو کەمتر نەبوە. بەلام بێکەس شۆڕشگێڕییە دەرونییەکەی و یەخەگرتنە بەرەوڕوەکەی لەگەڵ خوێن گەرمییە لاوییەکەیا زیاتر دیاری کردوە، بەتایبەتی بەدوای 6/ئەیلولی/1930دا، هەرچەندە

**لەبارەی هونەرو شێوەوە نەگەیشتۆتە پیرەمێرد. هەروەها بێ کەس شاعیرێکی میللیبوە نەک هونەری وەک پیرەمرد.**

**لەلایەکیترەوە گوشاد بێئەوەی پلەی پێشکەوتن دیاری بکا، بەدوایا ئەڵێ( گەرسەیری شیعرەکانی هەمویان بکەین بەڕونی بۆمان بەدیادەکەوێ کە کامەران وەک شاعیرێکی لاو لەوسەردەمەدا بەهێزتر لەهەمویان هاتە کایەوە شێوەی نوسینەکەشی لەهەمویان بەهێزتربو- رۆشنبیری نوێ، سەرچاوەی پێشو ل/40).**

**بەو پێیە کامەرانی سەرخستوە بەسەر بێ کەس و عوزەیری و ژێردا بێئەوەی رەچاوی قۆناغ و پلەو شێوە بکا. لەلایەکی ترەوە ئەڵێ ( بێکەس گەلێ شێعری بەهێزی هەبوە، بەڵام شێوەی نوسینی ئەم شێوەیەنیە کە کامەران پێی نوسیوە- رۆشنبیری نوێ، سەچاوەی پێشو ل/40.**

**سادەیی و ساکاریی گوشاد گەیشتۆتە پلەیەک جیاوازیی نێوان هۆنراوەی هونەری و هۆنراوەی میللی بۆ ناکرێ. هەر ئەوەنە ئەڵێ: شێوەی کامەران و بێ کەس جیاوازە! ئافەرین مامۆستا گوشاد، بەم رەنگە بویتە جێ سەرنجی گۆڤارەکانی رۆشنبیری و بەیان!؟ کە دو جار ئەم وتارەیان بۆ بڵاوکردیتەوە بێئەوەی جیاوازیی هۆنراوەی هونەری و میللیت بۆبکرێ. جائەگەر بێت و لەسەر ئەم کێشەیە برۆین، زۆر درێژ ئەبێتەوە بێ گەیشتنە ئەنجام. چونکە گوشاد**



**هێشتا لە ئەلف و بێی ئەدەبدایەو دەسنیشانەکانیشی لەجێگەی خۆیانیە هەتا رەتبکرێنەوە، بێ سەروپایەو هەرجارەی سەنگی بەلایەکدایە بێئەوەی خۆی بزانێ ئەڵێ چی! بەبێزارییەوە ئەڵێم: کاک گوشاد ئەمە کاری تۆ نیە. کوردیش ئەڵی نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب. هەرەچەن ئەوانەی بەرەوڕوی کێشە نەتەوەییەکە بونەتەوە لەو سەردەمەی گوشاد دەسنیشانی کردوە، کامەران و دیلان و ژێرو هەژاری شاعیری میللییە. وەنەبێ بەختیار زێوەرو دڵدارو هەردیش، جێگەدەستیان دیارنەبێ لەمبارەیەوە. بەلام گوشاد بەم شێوەیە تێئەڕوانێ و ئەڵێ (زۆریش داهێنەرتر لەم شاعیرە نەتەوەییانەی هاتنە ناو جیهانی شێعرەوە دەشتوانین چاو بەدیوانی کامیل ژێری کوردایەتیدا بگێرین لەگەڵ یەکەم دیوانی کامەران کە دیاری یە بەراورد بکەین، کامەران ئەم دیوانەی لەسالی 1957 چاپکردوە لەگەڵئەوە کامیل ساڵی 960 چاپیکردوە- هەمان سەرچاوەی پێشو ل/40 )**

**گوشاد بەئاستەمێک شارەزایی  لەئەدەبی کوردیا ببوایە، دیوانی نازەنینی ژێر سالی 957 چاپکراوە، بەرامبەر دیاریی کامەرانە نەک دیوانی کوردایەتی. دوایی گوشاد ئەڵێ (دەبینین کامەران زۆر شتی لە ژێر جوانتر هەیە هەرچەندە ژێر تاقیکردنەوەیەکی دورودرێژیشی لەشێعردا هەبو- هەمان سەرچاوە) راستییەکەی**

نازەنینی ژێر هاودەمی دیاری کامەرانە. گوشاد کە ئەڵێ، کامەران شتی جوانتری هەیە، ئەبوایە دەسنیشانیکردایە. ئێمە بە دەسنیشان ئەلێین: ژێر لە نازەنیندا هۆنراوەی هەیە لەهۆنراوەی دیاریی کامەران جوانترە. بۆنمونە (بەهاری کوردستان)[17] کە پاداشتی یەکەمی لەسەر وەرگرت[18] . لەدەمێکا کامەران لەدیاریدا[19] بەهاری هەیە لە (رۆژنامەی ژین)ا (بەهاری کوردستان)[20] دورنیە بەشداریی ئەو گرەوەی کردبێ لەو سەردەمەدا کە سەرەتای سەرهەڵدانی کامەران و ژێریش بوە، بەپێچەوانەوە پاداشتی وەرنەگرتوە وەکو ژێر. لەگەڵئەوەشدا ئێمە وەک گوشادنین و نالێین هۆنراوەی ژێر لەهۆنراوەی کامەران جوانترە.

وەک بەراوردێک، نازەنین لە 72 لاپەڕەدایە، بریتییە لە 20 هۆنراوە، 9 هۆنراوەیان لەسەر تێکۆشان و خەباتی نەتەوایەتییە، بەڵام دیاری لە 84 لاپەڕەدایە، 30 هۆنراوەو کۆمەڵێ هۆنراوەی کورتە، تەنیا 3 هۆنراوەو 2 کورتە هۆنراوەی پەیوەندیی بە خەباتی نەتەوایەتییەوە هەیە.. لەبارەی تاقیکردنەوەو تەمەنی هۆنراوەییەوە، ئەگەرێینەوە بۆ کۆڕێکی کامەران کە زانکۆی سلێمانی[21] بۆی سازکردبو ساڵی 1978، لەو کۆڕەدا کامەران دانی بەوەدانا کە سەرەتای دەسپێکردنی ژیانی هۆنراوەی ساڵی 1953بوە. وەک لەهەندێ هۆنراوەی بڵاوکراوەشیا دەرئەکەوێ،



سالی 1954 گەرمەی ژیانی هۆنراوەییبوە. بۆنمونە بڕوانە رۆژنامەی ژین ژمارە 1205 هۆنراوەی نابەزین. ژمارە 1210 هۆنراوەی کۆتری ئاشتی، ژمارە 1216 هۆنراوەی کە مردمی بڵاوکردۆتەوە لەساڵی 1954دا. بەڵام ژێر لەو سالەدا تەنیا هۆنراوەی هەژار لەجەژنای بڵاوکردۆتەوە لە ژینا کە یەکەم هۆنراوەیەتی[22]، هەتا 1955یش ژمارەی هۆنراوەکانی لەپەنجەی دەستێک تێناپەڕێ. گەرمەی هۆنراوەکانی ساڵی 1957بوە. لەروی تەمەنیشەوە کامەران 1929[23] لەدایکبوە، ژێر 1934[24]. ئیتر نازانم گوشاد ئەم تەمەن درێژییەی ژێری لەکوێوە هێناوە!؟

سوڕانەوەی گوشاد لەدەوری خاڵێکدایە کە بەهەر لایەکا بسوڕێتەوە هەر پێکانی ژێرە! ئەمەش نە پەیوەندیی بەقۆناغی هۆنراوەوە هەیە نە ئامانجە نەئەنجام، وەک ئەڵێ (هەرچەندە لەم سەردەمانەدا هەوڵدرا کەپڕوپاگانتە بۆ چەند شاعیرێک بکرێت وەک ئەم شتانەی بۆ ژێر کرا- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ل/40)

کام شت بۆ ژێرکرا، کام پڕوپاگانتە، کام نامیلکە، کام رۆژنامەو گۆڤار!؟ تەنانەت نوسینێ!؟ کە زوربەی ئەمانە بۆ کامەران کرا[25]. جائەگەر مەبەست تەنیا پێشەکییەکەی دیوانی کوردایەتییە، ئەوا بروانە ئەو پیشەکییە بزانە پروپاگانتەی بۆ ژێر کردوە یابەئاستەمێک بەسەرو باڵی ژێرا هەڵیداوە؟ بەپێچەوانەوە نوسەری

پێشەکییەکە ئەڵێ:(ناتوانم رای خۆم دەربڕم بەرامبەر رادەی بەرزی و نزمیی ئەم هۆنراوانە لەبارەی وردەکاری و خەیاڵەوە یا رێکی و نارێکی و کێش و لەنگەرەوە) ئنجا بڕوانە پیرۆزیی بیری نەتەوەیی کە ئەلێ (با ئەوان هەست و ویژدانی خۆیان بخەنە کارو بەچاوێکی بێکینەو لانەگیرەوە لێیبکۆڵنەوەو فەرمانی بەسەردا بدەن) [26]

ئنجا بۆبەراورد بروانە ئەو پیشەکییەی د. عیزەدین بۆ (خەبات و ژیان)ی دڵزاری نوسیوە (ئەبێ شاعیرەکانمان بەرێگای دڵزاردا پەلی خوێندەوار بگرن روەو بەرزکردنەوەی رادەی لەهونەر گەیشتنیان تابەتەواوی بەرزی ناوەرۆک و روخسار!؟ یەکبگرێت بەتەواوی بەرهەمیان بۆ گەلبێت هەر بەوجۆرە خۆشیان ببن بە شاعیری گەل)[27]ئەی کاک گوشاد بۆ روتنەکردە د. عیزەدین و پێیبلێی بە چ مەرجێک دڵزارت کردە مامۆستایەک تا شەهادەی شاعیری بدا بەشاعیران تاببن بە شاعیری گەل)؟. لەکاتیکا باوەڕناکەم تائەم دەمە لەلێکۆڵینەوەیەکا ناوی دڵزار هاتبێ، د. عیزەدین و هاورێکانی لێدەرچێ، لەدەمێکا هەمو جەماوەری دڵزار لە کوردستانا ناگاتە پەنجەی دەست لەبەرئەوەی هۆنراوەکانی نەگەیشتونەتە ناخی چەوساوەکانی کوردستان.



رەشوڕوتەکانی کورد لەهۆنراوەکانی دڵزارا جێگەیاننەبۆتەوە. ئەو هۆنراوەی بۆ سوپای سورو کۆشکی کریملین و یەکێتی سۆڤێت و مۆسکۆو ستالینگراد وتوە. ئیتر شاعیری کام گەلە، کورد یا روس!؟ لەلایەکیترەوە دڵزار شاعیرێکی میللیە، ئاگای لەهونەرو روخسار هەر نیە.

بەکاکەی فەلاحیشا بەم شێوەیە هەڵئەدا:(هەندێ شاعیر بەڕاستی بە شاعیری راپەڕینی کانون ئەناسرێن[٢٨]) .لێرەدا ئەپرسین: ئەیبۆ لەپەڕاوەکەیا،الواقعیە فی الادب الکوردی، باسی راپەڕینی کانونی[٢٩]کردوە بەڵام ناوی کاکەی فەلاحی نەهێناوە؟ لەدەمێکا ئەو پەڕاوە ساڵی 1967 چاپکراوە، کانونیش 1948رویداوە، دیوانەکەی کاکاکەی فەلاح 1980بوەو باسی هەندێ شاعیریتری کردوە[٣٠]!

د. عیزەدین پێشەکی بۆهەرکەس بنوسێ، پیایا هەڵئەداو خاڵێک ئەدۆزێتەوەو ئەیخاتە پاڵ گەورەییەکەی راستبێ یانا[٣١]. تۆش گوشادی رەخەگری چەرخی بیستەم، بۆ ئەوپێشەکیانەت نەخستەڕو لەگەڵ بەراوردێکی شاعیری گەل و شاعیری کانون بە ژیری شاعیری نەتەوەیی!؟ پێشەکیش دڵنیاتئەکەم کە دڵزارو فەلاح نەگەیشتون بەڕادەی ژیر.

گوشاد لەرەخنەکەیا لەزانست دابەزیوەو گەیاندوێتیە وشەی ناوبازاڕو هەڕەمەکی وەک(ئەمەش لەبەرئەوەبو کە ژێر خۆی شتێکی[٣٢] ئەوتۆی تیابەستەنەبو – ڕۆشنبیری نوێ ل40) ئێمەش ئەپرسین لای گوشاد پلەی هەڵسەنگاندن بە چ شێوەیەکەو بە چ بەڵگەیەک ئەیسەلمێنێ ژێر شتێکی ئەوتۆی تیابەستەنەبوە!؟ ئایا ژێر لەهەمو هۆنراوەکانیا تەنیا هێرشێکی کردۆتە سەر باوەڕێ، چینێ، کۆمەڵێ، لایەنێ، میللەتێ، یا وڵاتێ؟ یا بەپێچەوانەوە باڵی برایەتیی کردۆتەوە بۆ هەمو مرۆڤێک لەسەر تۆپی ئەم زەوییەداو ئاواتەخوازە لەژێر سایەی ئاشتیا بە سەربەستی بژی نەک بە ژێردەستی :

ئاشتی لای ئێمە ژێردەستی نیە

ژیانی دیلی سەربەستی نیە[٣٣]

ژێر بەمشێوەیە ئاشتی و برایەتی هەڵئەسەنگێنێ. ئەگەر ئەم ڕێیەی پەیڕەونەکردایە، شاعیرێتی نەتەوەیی پێنەئەبڕا. گوشادیش دڵنیا ئەکەین ئەمە بڕوا مرۆڤایەتییەکەیە کە بڕوا نەتەوایەتییەکەشەو هەڵهێنجراوی ئەو ڕاستییە بێگەردەیە. ڕاستە ئەگەرهەڵسەنگاندن بەپلەی نۆکەری، بەکرێگیراوی، خۆفرۆشی یا بەترازوی باوەڕی لەدەرەوەهێنراو بکێشرێ، ژێر شتێکی ئەوتۆی تیابەستەنیە. بەڵام خۆبەستنەوە بەخاک و بیروباوەڕە نەتەوەییەکەوەبێ، ئەگەر لەڕیزی



پێشەوەی شاعیرانی کوردەوەنەبێ، جێگەیەکی دیاریکراوی بڵندی لەناویانا گرتوە. هەرچەن لەم بارەیەوە روی پێنوس ئەکەینە ژێر کەجێیهێشتین لەمەیدانی هۆنراوەداو بێدەنگیی ئەم چەندساڵەی ڕێگای بۆ وێنەکانی وەک گوشاد پاککردۆتەوە، وەک حاجی قادری کۆیی نەمر ئەڵێ:

شێری نەڕ وەک لەناو بێشە نەما

گورگ و مامرێوی دێنە ڕەقسوسەما[٣٤]

گوشاد ریزی مرۆڤایەتی جێدێڵێ و ئەنوسێ: (ئەو پاڵپشتە فکرییەی کەئەیویست گەورەیبکا شتێکی وە نەبو-ڕۆشنبیر ل40) ئەمشەکرەی گوشادرستەیەکی ڕۆژنامەی وەقتی تورکیم دێنێتەوە بیر کەنوسیبوی-لەهەرجێیەک سەرنیزەی تورک هەبێ مەسەلەی کورد نیە[٣٥]) بەلای گوشادەوە بیروباوەڕی کوردایەتی شتێکی وانیە! وەک بەلای ڕۆژنامەی وەقتەوە مەسەلەی کورد نیە! ئەی کاک گوشاد تۆ بڕیاردەربە، چ بیروباوەڕێک شتێکی ئەوتۆی تیابەستەیەو ئەتوانێ ژیانی مرۆڤی کورد بپارێزێ؟ چارەنوسی بۆبەدەسبهێنێ؟ ئەوانەی بەوشەی کوردستان ئەسڵەمێنەوە؟ یا بێدەنگبون لەئاست لەسێدارەدانی شۆڕەسوارەکانی کورد لەمهابادو بۆکان[٣٦]؟ دیارە مێژو لەوانە نابورێ.

**نوسەر پێشئەوەی مەبەستێک بدابەدەستەوە، لێپرسراوە بەرامبەر هەر وشەیەکی، نەک وەک گوشاد لەخۆیەوە ئەڵێ: (هەرئەمەشبو کەبوە هۆی ئەم بگرەوبەردەی نێوانی کاک محەمەدی مەلا کەریم و جەمال نەبەز- رۆشنبیر ل40)**

**کام بگرەوبەردە؟**

**وەکلەپێشەوە باسمانکرد، بەدوای کوردایەتیەکەی ژیرا، حەمەی مەلا کەریم بەرەنگاریبو، بەڵام بەراپەڕینی زەردەشت، بەشێوەی گۆمێکی مەنگ بێدەنگبو. جانازانم بەڕێزتان لەگەڵ د.ئەورەحمانا[37] ئەتانەوێ بیهێننەوە کایە؟ هەرچەن باوەڕناکەم جارێکیتر ئەو بگەڕێتەوە ئەومەیدانە. چونکە وادیارە هەستی بەهەڵەکانی پێشوی کردوە. کاک چاوێکیش لەرۆژنامەی برایەتیا پێیوت: هەرچەندەکو لەمبارەیەوە زۆر باسکراوەو بۆئەو بالزات -مەبەستی کاک محەمەدە- رونکراوەتەوەو چەندەها بەڵگەی عیلمی و واقیعی خراوەتە بەرچاو و بەدورودرێژی لەمبارەیەوە، پێش پانزە ساڵ باسکراوە[38]. بەڵام کاک محەمەد جارێکیتر نەیتوانی بەرامبەر ئەو تەوژمە بوەستێتەوە. لەوەڵاما وتی: بەشبەحاڵی خۆم هەندێ لەم رۆژانە ئەناسمەوەو هەندێکیشیانم لەیادنیە، زۆر کەسیتریش وەک منن و هیواش هەیە هەمویانئەناسێتەوە[39]. جا کاک گوشاد بزانە کاک محەمەد چۆن ساردبۆتەوەو ئەمڕۆ زۆر پێشتریشکەوتوەو بەلای نەتەوایەتیا**



**وەرچەخاوەو گەیشتۆتە رادەیەک بەتەوسەوە بەدوکتۆرای سۆڤێت ئەڵێ کاندێت!! دوکتۆرەکانی سۆڤێتیش ئەمەیان زۆر لانەنگە. ئنجا بەم گاڵتەبازارییەوە بە د. مارف خەزنەدار ئەڵێ بڕوانامەی بەرزی کاندێداتی بەدەستەوەیەو سەری زمانی و بنی زمانی باسی عیلم و عالمە![40].**

**گوشاد پەنائەباتە بەر وشەیەک لەهەمو راستییەکەوەدورە. ئەنوسێ (ژیر بیرکردنەوە نەتەوایەتییەکەی بە ئاینەوە ئەبەستێتەوە هەمو بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخواز دەنێتەلاوە- رۆشنبیر ل40) دوایئەوە هەمان وشەکانی حەمەی مەلا کەریم دوبارەئەکاتەوە کە لەدەمی خۆیا زەردەشت وەڵامێکی تێروپڕی داوەتەوە. ئێمەش چەن خاڵێکیتر ئەخەینە پاڵ راستییەکانی زەردەشت .**

(لێرەدا، ب. هەندرێن، بە 4 خاڵ لە 6 لاپەڕەدا، وەڵامێکی دورودرێژی ئەو قسەیەی گوشادی داوەتەوە کەئەڵێ-ژیر بیرکردنەوە نەتەوایەتییەکەی بەئاینەوە ئەبەستێتەوەهەمو بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخواز دەنێتەلاوە-

جابۆئەوەی ئەم بوختانە لەکورتی ببڕێنینەوە، ئەڵێم: من بەهیچجۆرێ بیرکردنەوە نەتەوایەتییەکەم بە ئاینەوە نەبەستۆتەوە. تەنیا وشەیەک لە 67 وشە ، کە لەناوپێشەکی دیوانی کوردایەتییەکەما هاتوە، وتومە یەکێ لە بنەماکانی کوردایەتی، خواپەرستیە، ئەوەش پەیوەندیی بەئاینەوەنیە. خواپەرستی شتێکەو ئاین شتێکیترە. جگەلەوە، چەمکی خوا

لەمێژودا گەلێ جۆرو شێوەی بەخۆیەوە دیوە. بێجگە لە ئاینە ئاسمانیەکان، ئاینەکانیترو کۆمەڵە خەڵکەکان لەقۆناغەجۆربەجۆرەکانی مێژودا کە هیچ ئاینێکیان نەبوە، هەریەک لەوانە بەجۆرێ لە خوا گەیشتون، یا هەریەکەیان لە هزری خۆیانا خوایەکیان بۆخۆیان دروستکردوەو پەرستویانە جیاواز لەوانیتر، تەنانەت کۆمەڵە خەڵکی واهەبوە 2 خوای بۆخۆی دروستکردوە. ئنجا خوا چیە؟ چۆنە؟ لەکوێیە؟ئەوە هەر لایەنە بەجۆرێ وەڵام ئەداتەوە. بۆنمونە، بەپێی ئایەتی (الله نور السماوات والارض) واتا خوا روناکیی ئاسمان و زەوییە، ئەبێ خوا ( رۆژ)بێ.راستییەکەی منیش مەبەستم لەو خواپەرستییە، ئەوەبوە کەمرۆڤی کورد نمونەیەکی بەرز-المثل الاعلی-ی هەبێ باشە، بۆئەوەی لەترسی لێپرسینەوە، لەخراپەکاری دورکەوێتەوە. ئەمەش بەستنەوەی نەتەوایەتینیە بەئاینەوە وەک گوشاد ئەڵێ.

لەبەرئەوە، من کەمەبەستم لەخواپەرستی، لایەنگیریی هیچ ئاینێک نەبوبێ، بیرکردنەوە نەتەوایەتییەکشم بەهیچ ئاینێکەوە نەبەستۆتەوە. بەڵکو هەر ناوی هیچ ئاینێکم نەهێناوە.. بۆیە بەباشمزانی ئەو بەرگرییانەی لەمن کراون لەلایەن هەردو بەڕێز زەردەشت و ب. هەندرێنەوە لەڕوی ئاینەوە، لەم پەرتوکەدا دوبارەیان نەکەمەوەو کاتی خوێنەرەوەی بەڕێزی پێوە نەگرم، تەنیا هەندێ رستەیتری ناوئەو6لاپەڕەیەی ب.هەندرێن گولبژێرئەکەم--------------ژیر)

ئنجا هەندرێن ئەڵێ:



**ئاین، کاروانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی هەندێ میللەتی دواخست لەوانە میللەتی کورد، بەڵام مارکسیەت بەتایبەتی دیکتاتۆرێتی پرۆلیتاری، نرخ بەمرۆڤوە ناهێلێ[42]**

**تینسون شاعیری ئنگلیزی ئەلێ: جیهانی کۆن ئەگۆڕرێ جێگا جێدێلێ بۆ هاتنی رژێمیتر. خوا خۆی ئەسەپێنێ بەزۆر شێوە، هەتا جیهان وەکو خۆی نامێنێ. بەمانەوەی بۆگەنئەکا[43].**

**گوشاد بەبێ هیچ بەلگەیەک ئەلێ: (ژیر هەمو بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخواز دەنێتە لاوە) لەکاتێکا ژیر دژی چەوسانەوەیە بەهەمو شێوەکانیەوە بەچەوسانەوەی بیروباوەڕیشەوە:**

**ئێمەیکورد ئێمەی گورد    گەلێکین بێزیان**

**دۆستی گشت میللەتان    بۆئاشتی و ئاسایش**

**گۆرانی و ستایش    ئەبێژین هەمومان (کوردایەتی ل48)**

**کورد ئەلێ مشتێک نمونەی خەروارێکە. ئایا ئەم مشتە بەسنیە بۆ بەلگەی پێشکەوتنخوازی و ئاشتی پەروەریی بیری نەتەوایەتی و شاعیرە مەزنەکەی، ژیر؟ کام مارکسی یا کام بیری مرۆڤایەتیتر ئەوەندە ئاشتیخوازە؟ جەورو ستەمی تورکەکان گەیشتە پێنوسەکەی جەواهیر لال نەهرۆ[58]و نەگەیشتە لنینی ئاشتیخواز کەلەئاستی نامە مێژوییەکەی شێخ مەحمودی نەمرا[59]بێدەنگبو! بەڵام لەیارمەتیدانی خوێنرێژێکی وەکو مستەفا کەمالابێوچانبو بۆ وێرانکردنی کوردستان**

لەپێناوی بەڵێنێکی ئەتاتورکا بەتەسلیمکردنی شارەکانی بتلیس و موش[60] بۆ ئەرمەنستانی روسیاو دروستکردنی حیزبێکی شیوعی[61] دەستکرد بەناوی حیزبی شیوعی تورکی[62]بۆ تۆرانییەکی وەک حقی بهیج کەبوبە سکرتێری گشتیی[63]و لیژنەیەکی ناوەندیان دروستکرد لەفەوزی پاشا، عەلی فوئاد پاشا، کازم پاشا، رەفعەت پاشاو ئەنوەر بەگ[64] لەگەڵ هەندێ کەسیترا کە بەڕاستی شیوعیبون وەکو: سورەیا ئایدەمیر[65] هەتا شۆڕشو[66] راپەڕینەکانی کوردی پێدامرکێننەوە. ئەو دەمە هەر رویان نەکردەوە بەلای سۆڤێتاو کۆمۆنستەکانیش دران بە دادگای ئیستیقلال[67]!

ئەم لایەنەی سۆڤێت زیاتر دەرکەوت کاتێ هەتیوەکەی رەزاشا ویستی نەرێتی کوردەواریمان بگۆڕێ لەمهاباد، ولیەم دۆگلاس[68] هات بەهاوارمانەوە. لەدەمێکا کۆماری کوردستان لەمهاباد، دەسکردی خۆیانبو، هەر خۆشیان بەگورگانخواردویاندا. لەلایەکەوە سۆڤێت پەیمانی هێشتنەوەی سنوری ئێرانی وەکوخۆی واژۆئەکرد، لەلایەکیترەوە کۆماری بۆ کوردو ئازربایجان[69] دروستئەکرد پشت بەسوپاکەی، دواییش کردیانە پارویەکی چەورو قەوامو سەڵتەنە[70] بەناوی ئیمتیازی نەوتی ئازربایجانەوە[71] لەدەستیدەرهێنان!. پاشان قەوام کۆتایی بەوەزارەتەکەی هێنا بۆئەوەی ئێران دەربازکا لە بەڵێنی نەوت بەسۆڤێت، وەک چۆن



مستەفا کەمال گرەوی لە لنین بردەوە، ئاوا قەوامیش لەستالین![72] لەسەر لاشەی کوردی بێدەرەتان. سەیرئەوەیە تائەمدەمەش کورد ماوە باوەڕی بە سۆڤێت و هاوڕیکانیان مابێ!! ئەو سۆڤێتەی لەئاستی لەسێدارەدانی سەرکردەکانی کۆماری کوردستانیشدا بێدەنگبو!

ئەم وشانە هەموی واقیعە ، واقیعەکەش ئازارە، ئازارەکەش بە ژان لەدایکبو کەبریتییە لەستەم و برسێتی، برسییەکانیش ئاگایان لەیەکدی هەیە بەڕاستی نەکبەدروشم. ژێریش، چەوسانەوە، رێبازی نەتەوایەتیی پێگرتوە. دوژمنانیش ئەیانەوێ بە شەڕی چینایەتی لایەنە نەتەوەییەکەی لەبیربەرنەوە! بەڵام ژێر ئەڵێ:

بیری تازەی کوردایەتی          رێبازمانە
ئێمە کوردین مەردایەتی          ئاوازمانە
کوردایەتی بۆئێمەی کورد          چەکی دەستە
فەلسەفەیەو باوەڕی ورد          هۆش و هەستە (کوردایەتی ل37)

لەلایەکیتری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو راستییەمان هەڵسەنگان کە ژێری شاعیر کەلێنێکی گەورەیگرت لەئەدەبی کوردیا بەوەی کوردایەتی لە هەستە دەرونییەکەو گیانە ستایشەکە تێپەڕانو گەیانییە بارە تیۆرییەکە کەهەتا ئەمڕۆ شاعیرانیترمان خۆیان لەو بوارە نەداوە. هەروەها ئەو بیرۆکانە پوچئەکاتەوە کەنەتەوایەتی

بەقۆناغێک دیاریئەکەن لەمێژواو بەلاشیانەوە گرنگنیە ئەو قۆناغە بپەڕێنرێ!:

ئەڵێم کردەم جێی داخنیە- کوردایەتیم قۆناغنیە

فەلسەفەو باوەڕوبیرە- ڕێگەی پیاوی داناو ژیرە (کوردایەتی ل44) ژیر، کوردستانی بۆکوردئەوێ و تێئەکۆشێ لەپێناویا خۆی ببێتە خاوەنی نەک لانەی داگیرکەران. نەتەواییەتیش تەنیا باوەڕە کەبنجەکەی رەگی بەزەویدا داکوتاوە هەرچەن ئەو بنچ و رەگە پێشتر خۆی لەشێوەی هەستێکی دەرونیا ئەنوان، بەڵام ئەمرۆ وەک بیرێکی زانستی خۆیپیشانئەداو هەزار گیاکەڵەش سەردەربێنێ، ئەنجامی بنبڕکردنە. ئەگەر نەشونماشیکرد، لەئاستی خۆرێکی نەورۆزا خۆیناگرێ.

کوردستان ئاگردانێکە بۆ کوردایەتی وەک لەمێژوی میللەتەکەمانا دەرئەکەوێ و پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە. ژیر بلیمەتانە ئەم راستییانەمان پیشانئەدا:

کوردستانم خەیاڵ نیە - گڕوگاڵی مناڵ نیە

ئەگەر کوردستانی بەرین - نەبێ ئەی کورد لەکوێ بژین

یاخوبڵێین کوردی دێرین- ئەگەرنەبێ ئەیئێمە چین!؟(کوردایەتی ل45)



جاکە ژیر بەوجۆرە لەنەتەوایەتی بکۆڵێتەوەو بەو شێوە زانستیانەیە شیبکاتەوە، مێژوی دوێنێ و ئەمڕۆ دیاریبکاو دەسنیشانی دوژمنانی میللەتەکەمان بکا، ئیتر چۆننابێتە روگەی هاوبیرانی؟ چۆن وشەکەی جەمال نەبەز لە پێشەکیی دیوانی کوردایەتیا نایەتەدی کەئەڵێ:(رۆژ لەدوای رۆژ، هۆنراوەکانی بەتامترو لەبارترو بەدڵی ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی ئەبن، واتا ئەبنە نمونەیهۆنراوەی پاشەڕۆژمان)[73]

گوشاد دێتەوە سەر پێشکەوتنخوازی و ئەڵێ (هەرچی کامەرانبو لە بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخازانەوە، مەسەلەکەی خۆی بەهەمو مەسەلە مرۆڤایەتییەکانەوە دەبەست– رۆشنبیر ژ72 ل40

گوشاد هەمو نوسینەکانی بریتییە لە قسەی روت و قسەش ناچێتە گیرفانەوە. ئەیبۆ یەک دو نمونەی نەهێنایەوە!؟ بەڵام ئێمە بەبەڵگەوە بەگوشاد ئەڵێین کامەران تاساڵی 1968 بەتایبەتی تابڵاوکردنەوەی ئاوات و رەنج[74] نەک رێبازێک بەڵکو بڕوایەکی نەتەوەیی هەبو بەڕادەیەک کۆمۆنستەکان ساڵی 1958-1959 لەسەر شەقامەکانی سلێمانی شاڵاویان بۆئەبرد[75]. ئەو پەلاماردانەشیان هەمو گەلی عێراقی گرتبووەو لەرۆژنامەکەشیانا، اتحاد الشعب ، ئەوەی بەئاشکرا دەسنیشان ئەکرد[76]. بەڵام لەکوردستان بەهۆی گەشەی رەوتی نەتەوەییەوە، ئەوەیان بۆ نەلوا،

بەتایبەتی زوربەی ڕێکخستنەکانی جوتیاران لەدەرەوەی شارەکان[٧٧] بەدەس بەرە نەتەوەییەکەوەبو. کامەرانیش لەوەلامی هەڕەشەی کوشتنیا ئەیوت:

وتیان ئەو ڕێیەی کەتۆ لەسەری  مانای ئەوەیە بە لاوی ئەمری
منیش پێموتن ئەو ڕێیە نەگرم   بەگەردن کەچی و کەساسی ئەمرم[٧٨]

کامەران لەو دەمەدا لەبۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانا، لەسلێمانی پێش ڕێکخراوە کوردستانییەکان[٧٩] ئەکەوت و بەرامبەر کۆمۆنستەکان بێ سڵکردنەوە ستایشی کوردو کوردستان و بڕواکەی ئەکردو بو بە رابەری ئەو دەمەی نەتەوەکەمان. بەوەش نەوەستا، ئەوەبو بو بە سەرنوسەری گۆڤاری ڕۆژی نوێ[٨٠] و گەیاندیە پلەیەک میللەتی کورد هەتاهەتایە شانازیی پێوەبکاو خزمەتێکی بێپایانبو کامەران و هەڤاڵەکانی[٨١]کردیان بەنەتەوەکەیان لەڕوی نەتەوەییەوە، هەتا لەرادەیەکابو چەپەکانیش شتیان تیابڵاوئەکردەوە. بەڵام نامەخانە کۆمۆنستەکان لەشاری سلێمانی وەریاننەئەگرت بۆفرۆشتن!

لەبارەی پێشکەوتنخوازییەوە، ئەتوانین بڵێین لەهەمو فەرهەنگی ئەدەبی کوردیا یەک شاعیرمان نیە پێشکەوتنخواز نەبوبێ و مەسەلەکەی بە بەمرۆڤایەتییەوە نەبەستبێتەوە. لەوانەی گوشاد پەنجەی بۆ ڕاکێشاون کە پێشکەوتنخوازی ئەنێنەلاوە، ژێری شاعیرە! (ڕۆشنبیر ژ72 ل40) بەبێ هیچ بەڵگەیەک، کە ئەبوایە



هیچنەبێ یەک بەڵگەی بهێنایەتەوە، نەک وەک فاڵچی ڕمڵ لێدا لەکاتێکا باسی زانستئەکا! ئێمە بەبەڵگەوەو پشتبەست بەهۆنراوەکانی، پێشکەوتنخوازیی ژێر ئەسەلمێنین:

ئێمەی کورد ئێمەی گورد-   گەلێکین بێزیان
دۆستی گشت میللەتان -    بۆ ئاشتی و ئاسایش
گۆرانی و ستایش   -      ئەبێژین هەمومان (کوردایەتی ل48)
کەئەبینن بەرەی گەلان -  ئەڵێن ئاشتی ئاشتیی جیهان
مرۆڤ ئەبێ شادمانبێ- دور لەدیلی و لەزیانبێ (کوردایەتی ل58)
چەند خۆشە ژیان  -  لەگەڵ میللەتان
بەبێ قڕەو دەنگ -  بێ کوشتارو جەنگ
سامانی گەلان   -    نەبرێ بەتاڵان (کوردایەتی ل74)
کوردستانم فراوانە-  بوکی رازاوەی جیهانە (کوردایەتی ل29)

ئایا کام شاعیر مەسەلەی نەتەوەکەی ئەوەندە بەمرۆڤایەتییەوە بەستۆتەوە؟ئەو شاعیرانەی پشتیانکردۆتە میللەتەکەی خۆیان و بون بە شایەری بێگانە لەژێر ناوی مرۆڤایەتی و خۆبەستن بەخەباتی گەلانەوە!؟.

هەروەها لەبارەی کامەرانەوە، ئێمە لەگەڵ گوشادین کەلەبارەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازەوە، مەسەلەکەی خۆی بەمەسەلەی مرۆڤایەتییەوە ئەبەست. ئەو دەمەش  کامەران هەر نەتەوەییبوەو

ئەگەر بێت و کامەران باسی مرۆڤی کوردی کردبێ،واتا هەر مەسەلەکەی بەمرۆڤایەتییەوە بەستۆتەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤی کورد بەشێکە لەمرۆڤایەتی و ئەمەی دواییان زیاتر لەکامەرانا دەرکەوتوە. لەکورتەی باسەکەمانا ئەڵێین: کامەران لەکوردەوە سەرکەوتوە بۆمرۆڤایەتی، نەک لەمرۆڤایەتییەوە بۆکورد.

ئێمە وەک گوشاد بێ بەڵگە وشە دەرناپەڕێنین، بۆنمونە پەنجە رائەکێشین بۆ هۆنراوەکانی کامەران کە تێایا رویکردۆتە بارە مرۆڤایەتییەکە، وەکو هۆنراوەکانی: جەمیلە، نادیە، جیم ویلسن، گیڤارا، لۆمۆمبا[٨٢] و...هتد.

بەڵاوم بەداخەوە کامەران لەسەر ئەو دۆخە نەمایەوە، گەڕایەوەو پوکایەوە لەنەتەوەییەکەی، لەپێشکەوتنخوازییەکەی. لەساڵی 1961ەوە، لەئاست هەڵمەتەکانی قاسما بێ ورەبو. لە 1964ەوە پەنایگرت. وەک بڵێ ئاگرە سورە لەخۆم دورە! لەساڵی 1968ەوە ئیتر نەیتوانی ترسەکە داپۆشێ، هومو شتێکی کەوتەڕو،توشی کارەساتی وشکبونەوەبو[٨٣] نەک هەر لەهۆنراوەدا بەڵکو لەهەمو بارێکەوە ترس بەسەریا زاڵبو، خۆپێنەگیرایەوەو کەوتە خەمی خۆی. ئەیویست بەهۆنراوەکانی بەرگری لەخۆیبکا. ئەم راستییە لەئاوات و رەنجا بەتەواوی دەرکەوت، بەڵام بەرگری لەچی!؟ لەترسەکەی. ئەیوت: کورد نەفامن نرخی خۆبەکوشتدانی ئەو



نازانن، پاداشتی ئەوێ چونکە بەندکراوە، دڵسۆزە. راستتر ئەوەیە وەک گوشاد[٨٤]بەسادەیی نەڕوانین، بەڵکو لەواقیعەکەوە، لەهۆنراوەکانیەوە بڕوانینە کامەران.

لەمێژوی کوردا بۆیەکەمجار هەڵکەوت شاعیرێک خۆی هۆنراوە بەسەر خۆیا بڵێ لەژێر سەردێڕی کامەران موکریا:

لە کۆتی پێ، کەلەپچەی دەس بپرسن

من چیم و کێم ئەوان چاکمئەناسن- زەبری هۆنراوە 1970 ل 4،5.

کوردستانیشم کە من شاعیربم   لێمنەدی لەگەڵ منا نیانبێ

من کەفرمێسکی هۆنراوە ئەگریم رۆژێ نەمدیوە بۆم میهرەبانبێ- زەبری هۆنراوە ل61

لە دیوانەکەیا ئەم هۆنراوانەی خستۆتە پاڵ ئەوەی بۆ سەفەربەری وتون: (دیمەنێک، ماچی مردن، کوشتنی عەبە، لەپێناوی چاوەکانیا، یادێک[٨٥]. لەکاتێکا زوربەی ئەم هۆنراوانە مافی سەفەربەریان پێوەنیە

(لەبارەی کامەرانەوە ، ب. هەندرێن، بە 7 لاپەڕەیتر بەرەنگاری گوشاد ئەبێتەوە. بەپێویستم نەزانی لێرەدا ***دووبارەی بکەمەوە، تەنیا کورتەیەکینەبێ، چونکە لەهەندێ رستەدا ناوزڕاندنی تیایە، سەرباری ئەوەی ئەو لاپەڕانە دەرچونە لە***مەبەستەکە ------------------------ ژێر)

لەدوا وتەی ئەم بابەتەدا، ب. هەندرێن ئەڵێ:

**لەكۆتاییدا ئەڵێم،چاكوابو لێكۆڵینەوەكەی گوشاد بەگیانێكی ئەدەبی و زانستیبوایە، نەک بەوشێوە ناوبازاڕیانەیە.ئەبوایە دەزگای رۆشنبیریی كوردی رێگەی بڵاوكردنەوەی وتاری وا بێ سەروپاینەدایە، نەک دوجار بەدوای یەكا لە دو گۆڤاری جیاوازی ئەو دەزگایەدا بڵاوبكرێتەوە، بەڵام دیارە نامەو هاوڕێیەتی و كەسایەتی، هەزار سپی رەشئەكاو رەش سپیئەكا!.**

**دوا وشە داوا لەژێر ئەكەین بۆ گەڕانەوەی بۆ دنیای هۆنراوەی نەتەوەیی. نەتەوە چاوەڕوانی بەهرەكەیەتی. زەمینەكەی لەزەمینەكانیتر جیاوازە. كاروانەكەی بخاتەوە رێگا بۆبەربەستی ئەوكەسانەی وائەزانن سەدەی هۆنراوەی نەتەوەیی دوایی هاتوە. جێكەكەی بەتاڵە. چاوەڕوانی هەنگاوی گەورەترین بۆ ئەم سەردەمە. بێپەروا پشتوێنی نەبەزین ببەستێ و ئەگەر لەسەنگەریشا پێكرا، ئەوا ناوە نەمرەكەی بۆئەمێنێتەوە . وەک هێمنی شاعیر ئەڵێ:**

**دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیرو هۆش**
**گەر گلاشم، كوردەواری و ئێوە خۆش**

(پێشتر لەم پەرتوكەدا وەڵامی ئەم داخوازیەم داوەتەوەو بەنمونەوە پێشانمداوە كەبەردەوامبوم لەسەر هۆنراوەی نەتەوەیی . --------------------------- ژێر)



**پەراوێزەكان:**

**١-گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە** 72 **شوباتی** 1979.

**یەكەمیان: د. ئەورەحمانی حاجی مارف : با رێز لەلێكۆڵینەوەی زانستی بگرین ل**7**تا**25.

**دوەمیان : گوشاد محەمەد سەعید : چەند سەرەتایەكی نوێ لە شێعری كوردیدا ل**37

**هەردو وتارەكە بریتییە لە شاڵاوبردن بۆ سەر بیروباوەڕی نەتەوایەتی و نەبەزو ژێر. نوسینەكەی د. ئەورەحمانمان رەتكردۆتەوە بە لێكۆڵینەوەیەكیتر بەمزوانە ئەخرێتە ژێر چاپ لە ژێر ناوی (بەرگری لە جەمال نەبەز بەرگرییە لەئەدەب و زانست ).**

**٢-كوردایەتی لە ژێر نەشتەری یەكالاكردنەوەدا- محەمەدی مەلا كەریم، چاپی بەغدا** 1960**ئەم لێكۆڵینەوەیەی ئێمەش لەسەرەتای ساڵی** 1982**وەوە تەواوبوە، گۆڤارو رۆژنامە كوردییەكان ئەم نوسینانە بە بڤە ئەزانن. روی بێ پارەیی رەشبێ توانای چاپمانەبو بۆیە دواكەوت.**

**٣-گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ل**31 **سەرچاوەی پێشو. گۆڤاری بەیان ژمارە** 61 **نیسانی**1981 **ل** 56 **هەردو گۆڤارەكە دەزگای رۆشنبیری**

و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن دەریانئەکا.

٤-وەک لە پێشەوە دەسنیشانمانکرد، گۆڤارەکانی دەزگا 2 جار وتارە بێ سەروپاکەی گوشادیان بڵاوکردەوە. بەڵام ئەم شاکارانە کە لەپۆستەی خوێنەوارانی گۆڤاری بەیان دەرمانهێناوە لەسەر دانپیانانی سیڤەر (لێپرسراوی ئەو بەشە کە شاکارن بەڵام هەر بڵاونەکراونەتەوە، ئاخۆ چیبکە خراوەتە پشتگوێ تەنانەت لەئەرشیف نەپارێزراوە بێجگە لە رۆشنبیرو هاوکاری کە ئەو بەشەیان هەر نیە. ئەمانەی بەیانیش تەنیا بریتییە لە 2،3 ژمارە کەخۆیان مۆری شاکاریان پیاناوەو هیچیتر.

٥-پەیمانی سیڤەر دانی بە چارەنوسی کوردانا، بەڵام پەیمانی لۆزان پێشێلیکرد، لەبەرئەوەی سیڤەر لێپرسراوی پۆستەی خوێنەوارانی پۆستەی بەیانە، لۆزانی کوردە نەک سیڤەر.

٦-رۆشنبیر ل39.

٧-دیاری، دیوانی کامەران موکری 1957 پێشەکییەکەی لەنوسێنی خۆی ل8تا11.

٨-بروانە کوردستان 1978دیوانی هۆنراوە تەنیا هۆنراوەیەکی دڵداری تیایە-نەشمیل کچەکور ل102.



٩-لەسەرەتای1982ەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامادەکراوە.

١٠-رۆشنبیر ل 17.

١١،١٢-الواقعیە فی الادب الکوردی د. عزالدین رسول ل 111،112.

١٣-یادگاری لاوان -بڵاوکراوە 1922 چاپی بەغدا.

١٤-بۆ یەکەمجار ،هەڵکەوت کەسێک لەسەر خۆی بنوسێ وەک کاکە.

١٥-لەوسەردەمەی پیرەمێردو بێ کەس لەسلێمانی تەختی هۆنراوەی کوردییانگرتبو، زەهاوی و رەسافیش لەبەغدا مشتومڕی تەختی هۆنراوەی عەرەبی و جیاوازی باوەڕیان هەبو هەتا رێکەوتنە مێژوییەکەیان 1928 لەکاتێکا هەردوکیان بەرەگز کوردبون!

١٦-نەک هەر گوشاد، بەڵکو زوربەی نوسەرانمان بەوشێوەیە ئەڕوانن. بۆنمونە کاکەی فەلاح، مەدهۆشی خستۆتە پاڵ کۆمەڵە شاعیرێکی هونەری کە شاعیرێکی میللیە،بروانە کاروانی شێعری کوردی ل118. هەروەها مەسعود محەمەد هۆنراوەی میللی و فۆلکلۆری تێکەڵکردوە بروانە گۆڤاری بەیان ژ 21 ل3.

١٧-نازەنین. کامیل ژیر. 1958 ل2.

١٨-ساڵی 1957 رەشید عارف گرەوێکی پێکهێنا بۆ جوانترین هۆنراوە بۆ بەهاری کوردستان. ئەنجام ژیر پاداشتی یەکەمی

وەرگرت بەبریاری لیژنەکە: عەلائەدین سوجادی، ئەنوەر سائیب و شەماڵ سائیب.

١٩-دیاری- دیوانی کامەران ل62.

٢٠-رۆژنامەی ژین ژ 1349لە 1957/6/20 ل7،،6.

٢١-لەهۆڵی فارابی زانکۆی سلێمانی. د. کوردستان ئەو کۆڕەی بردبەڕێوە. کامەران ترس و ورەبەردانی پێوەدیاربو.

٢٢-نازەنین، ل50.

٢٣-کاروانی شێعری نوێیکوردی ل231.

٢٤-باخچەی شاعیران عەبدولعەزیم ماوەتی و عەبدولقادر ساڵح1970 ل152.

٢٥-ئەوانەی بۆکامەران کران:

ا-کامران شاعر من کوردستان – کامل بەسیر 1960.

ب-کامەران و هۆنراوەی نوێ- محەمەد سدیق عارف.1958.

ج-فتاە نغدە-ترجمە حسین عارف 1959.

د-الواقعیە فی الادب الکوردی ل 166،123،112،111،170تا172.

ە-مرۆڤایەتی لەشێعری کوردیدا، کامیل بەسیر گۆڤاری رۆژی نوێ ژ8

و-پاش تەموز دیوانی رەفیق حیلمی1960ل2.



بێجگە لەگۆڤارو رۆژنامە کوردییەکانی 1956-1962 بەتایبەتی هیوا، شەفەق،نەورۆز،رۆژی نوێ.

٢٦-کوردایەتی ل5.

٢٧-خەبات و ژیان، دیوانی دڵزار 1960 پێشەکی عیزەدین، ئەودەمە دوکتۆرای نەهێنابو، ل4.

دیوانی کاکەی فەلاح1980 پێشەکی د. عیزەدینل4

٢٩و٣٠-الواقعیە.. ل 107،95.

٣١-بۆ نمونە بڕوانە ئەم دیوانانە عیزەدین پێشەکی بۆنوسیون:ا-خەبات و ژیان-دڵزار ل4،3،2.

ب- دیوانی کاکەی فەلاح ل3تا66. ج-شەونامەی شاعیرێکی تینو عەبدوڵا پەشێو 1972 د- خونچەی سەهۆڵ

-ئازاد دڵزار 1975ل3تا20 واتا 17 لاپەڕەی لەسەر نوسیوە هەر لەبەرئەوەی کوڕی دڵزارە!نەک شاعیرە!

٣٢-گوشاد هەتا دەقە ئەدەبیەکەی بەجێهێشتوە تەنیا مانای (شت)مان بداتێ(بازاڕیەکە یائەدەبیەکە یا زانستییەکە).

٣٣-کوردایەتی ل73.

٣٤-شێعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی 1941ل 103.

٣٥-کوردستان و کورد قاسملۆ 1973 ل61

٣٦-شۆڕشەکانی کورد سوجادی 1959ل116.

٣٧-گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژ72 ل17.

٣٨و٣٩-رۆژنامەی برایەتی ژ23 سالی 1973 ل6و7

٤٠-لەرێگای ئەدەب و لەپێناوی نالیدا، محەمەدی مەلا کەریم 1979ل6و7

٤١-رۆشنبیر ژ2ل42. گۆڤاری بەیان ژ61ل59.

٤٢-المادیه التاریخیه کیلله کوفالو ل260.

٤٣-لمحاه من تاریخ العالم، نهرۆ 1957 ل174.

٤٤-کوردایەتی ل2.

٤٥-ناچار پەنا بۆ پیتیش بەرین بۆ سەلماندنی کوردایەتی لەهەمو بارێکەوەو بەتاڵکردنەوەی بۆچونەکانی گوشادو حەمەی مەلا کەریم.

٤٦-کوردایەتی ل66.

٤٧-رۆژنامەی هاوکاری 1972/1/1 مومتاز حەیدەری ل22.

٤٨-دیوانی نالی لێکۆلینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەرس و کورەکانی 1976 ل734.

٤٩-رۆژنامەی برایەتی ژ16-1972/9/7 چەند دێرێکیش بۆ شێرکۆ نوسینی محەمەدی مەلا کەریم

٥٠-بروانە ژمارەکانی هاوکاری 167،134،131،130،129،125و رۆژنامەی برایەتی ژ16لە72/9/7.



٥١-لەجیاتی السکرتیر العام و الامین العام بەکارم هێناوە.

٥٢-لای ئێمە ئەم حیزبە زیاتر بە تۆرانیەت ناوی دەرکردوە .

٥٣-کوردستان و کورد، قاسملۆ ل68.

٥٤-القاموس السیاسی ب ن ماریف اعداد عبدالرزاق الصافی- الحل السیاسی للمساله القومیهل107.

٥٥-دیوانی دیلان 1969 ل115.

٥٦-کوردستان و کورد قاسملۆ ل20.

٥٧-کفاحی هتلر ترجمه لویس الحاج 1958ل162.

٥٨-لمحات، نهرۆ ل260،259.

٥٩-کوردستان و کورد قاسملۆ ل77 و 60تا67

٦٠تا٦٧- رجل الصنم ترجمەمن الترکیه عبدالله عبد الرحمن1978 ل 181تا 188.

٦٨-کوردستان و کورد قاسملۆ ل96.

٦٩،٧٠،٧١ ، ٧٢ -شۆڕشەکانی کورد سوجادی ل72،71،70،302 –ل307،311،310،305،

٧٣-کوردایەتی ل22.

٧٤-ئاوات و رەنج 1968.

٧٥-بەتایبەتی لەدەرفەتی بونی داود جەنابی بەسەرکردەی تیپی دو لەکەرکوک کەسەرەوکاری سلێمانی و هەولێریشی ئەکرد.

٧٦-جريده اتحاد الشعب العدد 5فى 1959/4/1 ل2.

٧٧-هەڵبژاردنی یەکێتی جوتیاران لە سلێمانی 1961،1960،1959بەرەی کوردستانیەکان دەرچون.

٧٨-ئاوات و رەنج ل15.

٧٩-هەمو لایەنەکان کەبریتیبون لە یەکێتییە کوردستانیەکان : ئافرەتان، قوتابیان، لاوان، مامۆستایان، کرێکاران و جوتیاران.

٨٠-گۆڤاری رۆژی نوێ یەکەم ژمارەی مارتی 1960بلاوکراوەتەوە 18 ژمارەی لێدەرچو ئەیلولی 1961داخرا.

٨١-خاوەن و بەرپوەبەرو لێپرسراوی جەمال فەقێ شاڵی پارێزەربو. سەرنوسەر کامەران، دەستەی نوسەران: موحرەم محەمەد ئەمین، ئیحسان فوئاد،کە 1960 چوبۆ خوێندن، عەبدوڵا ئەژدەرو کەریم زەند.

٨٢-ا، جەمیلە لەدیوانی ئاگرو ژیلە 1958 ل10 ب،نادیە ئەو کچە ئەردەنیەبو ساڵی 1958گیرا بەتاوانی بۆمباهاویشتن فەرمانی خنکاندنی درا. نادیە هۆنراوە کامەران ژین ژ1958/8/140728 ل5.

ج، جیم ولسن – شانۆنامەی شێعری کامەران – گوڵئەستێرە 1959ل65تا71 د. گیڤاراهۆنراوە ئاوات ورەنجل71. لۆمۆمبا-هۆنراوە، زەبری هۆنراوە دیوانی کامەران 1971 ل47.



٨٣-رۆژنامەی هاوکاری ژ44و45 ساڵی 1971 لەنوسینی سامی شۆرش.. هاوکاری ژ تایبەت 1972/1/1 لەنوسینی بەهرەل31.

٨٤-گوشآد لە لێکۆڵینەوەکەیا تەنیا بەڵگەیەکی نەهێناوەتەوە. بروانە رۆشنبیری نوێ ژ 72 ل39.

٨٥-ئاوات و رەنج، کامەران ل50.

------------------------------------------------------------

--------------------------------

## ئاوڕدانەوەیەک

## لە خاڵۆخاڵۆکەی مەولەوی و ژێر

### یا

### ژێر ئاواتەکەی نەجمەدین مەلای هێنایەدی

*

چارەنوسی زۆر شاکاری رەسەنمان،وەک کێشەی میللەتەکەمانی بەسەرهاستوە. زۆر گەنجینەی بەنرخمان بۆتە پێخۆری ئاگر[١]،بە ئاوارەبونی شاعیرەکانمان، زۆر گەوهەری شەوچرا سەرەونگونبون[٢] وەک لەدایکنەبوبن، سەرەڕای کونەدیوارو ژێرزەوی[٣].

ئەگەر نوسینێک یا هۆنراوەیەک بەرگریی خۆی لەو مەرگانە کردبێ، مۆرەکەی خۆی چۆتەوەو لە هی کەسێکەوە بۆتە ماڵی کەسێکیتر! ئەم بابەتە مەبەستی نوسینەکەمانە. زۆر هۆنراوەی وەک گڵکۆی تازەی لەیل[٤]و ئەی رەفیقان من ئەوا رۆییم لەلاتان[٥]، گیانە وەنەوشەو چنور لەگەڵ گوڵ[٦]، دلاوەران[٧]، جەژنە جەژنی کوردستانە[٨]، هەرجارەی مۆری کەسێکی لێدراوە!.

لەسەردەمی خۆیا پیرەمێرد کەوتە وەرگێڕانی کوردی بۆ کوردی، وەک هەژاری موکریانی ئەڵێ، نانی بۆ نانی[٩]. لەم رێبازەدا پیرەمێردی



بلیمەت، هۆنراوەکانی مەولەوی[١٠]و بێسارانی و وەلی دێوانەو زۆر شاعیریتری ژیانەوەو نامەخانە هەژارەکەمانی دەوڵەمەنکردو جێگەیەکی بەرزیشی بۆخۆی لەئەدەبی کوردیا گرت. بەڵام رۆژان گۆڕاو پیرەمێرد کۆچیدواییکرد[١٢]و جێگەکەی بەتاڵمایەوە، ئەگەرچی پیرەمێرد لە هۆنراوەدا وەجاخی کوێربو، بەڵام لە کەلەپورو ئەدەبا، نەجمەدینمەلا جێگەیگرتەوەو نەیهێشت ئاگردانەکەی[١٣] بکوژێتەوە، هەرچەن تا پیرەمێرد لەژیانامابو، یاریدەدەرێکی هەمیشەییبو، بەکۆچی دواییشی[١٤] زیاتر خۆی گورجکردەوەو هەر لەگەڕاندابو بەدوای نوسینی کوردیا، تاق و بنمیچ نەما، مزگەوت بەدوای مزگەوتا، رۆژی گەیانە شەو، شەوی لە تەکیەو خانەقادا رۆژکردەوە لەرێگای دەسنوسێکا یا هۆنراوەیەکا، تاسامانێکی گەورەی بۆ گەنجینەی ئەدەبی کوری پێکهێنا. هەرئەمەشبو کردبوی بە متمانەی زوربەی رۆشنبیرانی ئەو سەدەمە کە ئەگەر باسێکی گرنگیان بنوسیایە، رونوسێکیان لێئەبرد بۆ ئەو خەمخۆرەی گەنجینەی ئەدەبیمان تا لە هوروژمی لەناوچون رزگاریبێ. هەرچەن زۆر نەفام لەساڵانی 1958-1960دا لەئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی گشتی[١٥] بەردبارانیانئەکردو وشەی ناشیرینیان پێئەوت لەسەرئەوەی نەئەچوە جەواڵەکەیانەوە. زۆر ساویلکەو نەزانیتریش خستیانە گێژاوی ئەوەی واز لەسەرۆکایەتی هەندێ گۆشەی

**رۆژنامەی ژین بێنێ[١٦]. کەسێکیتر ڕەشنوسی دیوانی شاعیرێکی لێوەرگرت و چاپیکرد،**

**وەک سوپاسینەکرد، ناویشینەهێنا[١٧]!.**

**ئەم ڕەفتارانە کۆڵی بەنەجمەدین مەلا نەداو خامەی لەدەس نەخستەخوارێ، بەڵکو ڕێگەی تێکۆشانی زیاتر لەبەردەما خۆشکرد.هەر ئەو دەمە لەژمارەیەکی رۆژنامەی ژینا[١٨] هۆنراوەیەکی مەولەوی، بریتیبو لە چوارینەیەک کەگەیشتبوە دەستی نەجمەدین مەلا، بەسەرەتایەکی بەتام و چێژەوە بڵاویکردبوەوە (مەولەوی لایدایە کانیی کوێرە دێیەک، داوای کاسەدۆیەکی لە کچێکی جوانکرد، کچەکە پێیوت: خاڵۆ مانونەبی، فەرمو خاڵۆ، مەولەوی بە وشەی خاڵۆ هەستی بریناربو چونکە خاڵۆ واتای پیری ئەگەیەنێ! بۆیە بریاریدا بەم هۆنراوەیە تۆڵەی لێبکاتەوە:**

**خاڵۆخاڵۆتەن بەس واچە خاڵۆ**

**خاڵۆ دەم وە بان خاڵانتا ماڵۆ**

**شەرتبۆ جە داخی خاڵەخاڵی تۆ**

**وێمکەم وە کوڕی چواردە ساڵ لەنۆ**

**بەدوایا نوسیبوی، ئەم چوارینەیە، شاکارێکە لەشاکارەکانی مەولەوی. نازانین هەرئەوەندەیە یا زیاترە؟ ئەگەر زیاترە، تکایە ئەوی لایەتی بۆمانبنێرێ بۆبڵاوکردنەوە با لەناونەچێ وەک سەدەها**



**شاکارێکە. ئەگەر هەرئەوەندەبێ، شاعیرێک بوایە تەواویکردایە، گیانی مەولەوی شادئەکردو ئێمەش دڵنیائەبوین وەجاخی مەولەوی رۆشنە.**

**لەو دەمەدا شاعیری نەتەوەیی، ژێر، پشتوێنی خزمەتی بەستبو و قۆڵی کاری هەڵکردبو، ئەیویست بەهەمو شێوەیەک خزمەتی نەتەوەکەی بکا، ئیتر ئەدەبەکەیبێ یا مەیدانی تێکۆشان. بەتەواوکردنی هۆنراوەکەی مەولەوی وەڵامیدایەوە. ئەز لەم پەنایەوە ئەنوسم ئەگەر مەولەویش بمایە هەر ئەو شاکارەی ژێری ئەهێنایەدی.**

**ژێر لەگەڵ شاکارەکەیا کە تەواوکەری شاکارەکەی مەولەویبو ئەڵێ: ئۆف لەپیری چەن قۆناغێکی سەخت و گرانە، ئەوەی پێیگەیشتوە، دوچارو گرفتاربوە. ئەوەی بۆیئەچێ تۆقیوە. ئەوەی پێیناگا جوانەمەرگئەبێ. ئنجا ئەڵێ:**

**مەمکە بە خاڵۆ ئەی خاوەن خاڵان**

**دڵم زێرێکە نایدەم بەتاڵان**

**نەمداوە بەکەس هێشتا ساوایە**

**تازە خاڵێکی خاڵی تۆی تیایە**

٭

**پێمئەڵێی خاڵۆ گوایە من پیرم!؟**

ژاراو و نەشتەر ئەدەی لەبیرم!؟
من نە خاڵۆم و نە خاڵۆ منم
دێوانەی خاڵی گۆناو گەردنم

❊

بەڵێ خاڵۆنیم هێشتامناڵم
شۆڕە سوارێکم راوکەری خاڵم
هاکا خاڵەکەت کەوتە بەر تیرم
بە دەزرێژێ ماچ بویتە نێچیرم

❊

بەڵێنبێ تۆڵەی خاڵەخاڵەکەت
لەبانی خاڵی کوڵمە ئاڵەکەت
بسێنم بە لێو بە مژینی خاڵ
من وایئەسێنم تۆڵەی وشەی تاڵ

❊

پێمئەڵێی خاڵۆو بەخاڵ ئەمکوژی
مەرجە گەرهاتو خاڵانم مژی
تا وەکو کۆرپەی مەمکلەناودەم
چاو نەچێتە خەو لەمژ کۆڵنەدەم

❊



ئاوێنەی دڵم خاڵی تۆی تیابێ
شاڵاوی پیری با بە ڕومابێ
من هەر مناڵم گڕوگاڵ ئەکەم
داوای مژینی گۆناو خاڵ ئەکەم

❊

نەکەی گیانەکەم پێمبڵێی خاڵۆ
خالۆ وا ئیتر بۆ خاڵانی تۆ
بو بە خوڵامی بێخاڵ سەرگەردان
ئامانەتیی تۆو خاڵۆی پەرێشان

بەدوایا ژێر ئەڵێ: سوپاس بۆ نەجمەدین مەلا، بەو دو بەیتەی ئەم کانیی زێڕەی مەولەویی دۆزییەوە، منیش ئەم لالەوێچەم لێهەڵهێنجا[۱] بۆیەکەمجار نەجمەدین مەلا ئەم شاکارەی بەتەواوکەری شاکارەکەی مەولەوی بڵاوکردەوە لەڕۆژنامەی ژینی ژمارە1508لە1960/2/11 وەک مژدەیەیەک رۆژنامەکەی گرتبو بەدەستەوەو لەگەڵیا ئەیوت: پیرەمێردێکیتر دروستبوە بۆزیندوکردنەوەی رۆحی مەولەوی.[۲۰].

رۆژان هاتوچو، نا مە بەسەر بارەگای رۆژنامەی ژینا باری، ئەو ژمارەیە هەر لەئاسمانەوە قۆزرایەوە، ئەگەر بهاتایە دە ئەوەندە چاپبکرایە، نەئەمایەوە. داواکاریی بەوڕەنگە بەسەر رۆژنامەی ژینا تائەو رۆژە روینەدابو. دوای ئەو لێزمە داواکردنە، بۆجارێکیتر ژین کەوتەوە بڵاوکردنەوەی، هەتا نوسیبوی لەسەر داخوازیی بەشێکی زۆر لەهاوڵاتییان. تائەوڕۆژە ژین بۆدوەمجار هیچ نوسینێکی بڵاونەکردبوەوە، بەڵام شاکارەکەی ژیرو مەولەوی بۆیەکەمجار ئەو بەستەڵەکەی شکان بە وروژانی خوێنەرەوان بۆهۆنراوەی خاڵۆ خاڵۆی مەولەوی و ژیر.[21].

## هۆنراوەکەو چارەنوسی ژیر

وەک لەپێشەوە ئەو راستییەمان رونکردەوە، ئەم کانیی زێڕەش وەک هەمو گەوهەرەکانیتر، مۆری تەواوکەری لەسەر لاچو کە ژیری شاعیرە. هەمو هۆنراوەکە کرا بەهۆنراوەی مەولەوی و بەوەرگێڕانی پیرەمێرد درایە پێنوس، هەندێکیتر بەوەرگێڕانی ژیر نەک تەواوکەری وەک لەم خاڵانەدا دەرئەکەوێ:

1-هونەرمەند عوسمان عەلی لەشەستەکانا لەسەر شریت تۆماریکردبو هەر بەناوی مەولەوییەوە. ئەز لێمپرسی
، وتی هۆنراوەی مەولەوییەو وەرگێڕانی پیرەمێردە بۆ سۆرانی!.



2- لەئێوارەی 1976/2/8دا لەئیستگەی کوردیی کرماشانەوە، هەر بەناوی مەولەوییەوە بڵاوکرایەوە.

3-هونەرمەندی لاو رزگار سەعید خاڵۆخاڵۆتەنی لەسەر قەوان تۆمارکردوە لەبەرهەمی کۆمپانیای چەقماقچی ساڵی 972 لەهۆنراوەی مەولەوی.[22].

4- لەتەلەفیزیۆن، تیپی زانکۆی سلێمانی لەسەر پەردەکە نوسیبوی: خاڵۆخاڵۆتەن لەهۆنراوەی مەولەوی بەدەنگی خوشکێک بڵاوکرایەوە.

لەدەمێکا، رۆحی مەولەوی، چاپی دوایی[23] کەوتە بازاڕەوە، ئەو هۆنراوەیەم هاتەوەبیر، بەدوایا گەڕام زۆر گەڕام توشینەبوم. ساڵی 1980بەدوای باسێکیترا ئەگەڕام بەڕۆژنامەی هاوکاریی 1971دا، جارێکیتر بە هۆنراوەکەی خاڵۆخاڵۆدا گیرسامەوە[24] ئەمجارە هاتمە سەر بیرێک ژیر لەهەورامییەوە وەریگێڕابێلەبەرئەوەی رۆژنامەکە دەسنیشانی باسەکەی نەکردبو، نە بەوەرگێڕان نە بەتەواوکردن. تەنیا لەسەرەتای هۆنراوەکەدا ناوی مەولەوی نوسرابو لەدوایی هۆنراوەکە ژیر کەلەوەئەچو وەک خوێنەرەوەیەک ناردبێتی نەک تەواوکەری هۆنراوەکە. لەبارەی وەرگێرانەکەوە، ئەوە هەر بۆچونی خۆمبو هیچیتر، لەبەرئەوەی لەڕۆحی مەولەوییەکەدا نەبو، لەهاوکاریا ناوی پیرەمێردی بەسەرەوەنەبو. بێگومان ژیر شاعیرێکی بەهرەدارە کەدەورێکی کاریگەری دیوە لەتازەکردنەوەی هۆنراوەی

کوردیا، بەتایبەت کوردایەتییەکەی[25] . هەرئەو راستییەشبو هۆی بۆچونەکانم بۆ وەرگێڕانی لەلایەن کامیل ژیرەوە.

رۆژێک بۆمگونجا بەدیداری ژیر شادبوم. لەگفتوگۆدا قسە هاتە سەر ئەدەب و وەرگێڕان. وتم بەڕاستی ئەو خاڵۆ خاڵۆیەی مەولوی کەبەڕێزت وەریگێڕاوە بۆ سۆرانی، لەگیانی مەولەویی کەمنەکردۆتەوەو چێژی چوارینەی خیام[26]ی سەلام و رۆحی مەولەوییەکەی پیرەمێرد ئەدا. لە وەڵاما وتی من هەورامی نازانم تا هۆنراوەی مەولەوی وەرگێڕم. ئیتر بیرەوەرییەکانی بۆگێڕامەوە لەبارەی ئەو هۆنراوەیەوە کەهەمو وشەکانی لەم لێکۆڵینەوەیەدا رەنگیداوەتەوە. وتیشی لە رۆژنامەی ژینا بڵاوکراوەتەوە. منێس دوای ئەوە کەوتمە گەڕان بەدوای ژینا لە نامەخانەی گشتی و مۆزەخانەی سلێمانی و زانکۆی سلێمانی، تا هەردو جاری بڵاوکردنەوەی هۆنراوەکەی مەولەوی و ژیرم دۆزییەوە، بەڵام دەزگیری ئەو ژمارەیە نەبوم کە دو بەیتەکەی تیا بڵاوکرابێتەوە. لەبەر دەسنەکەوتنی ئەو ژمارەیە، بەزانیارییەکانی ژیر دابینبوم.

دوا وشە هەزار سڵاو بۆ گیانی نەجمەدین مەلا کە نەتەوەییانە خەمخۆری ئەدەبی کوردیمانبو. بۆ ژیری شاعیر کەئاواتەکەی نەجمەدین مەلای هێنایەدی و بەو شاکارەی، ئەدەبی کوردیمانی رۆشنکردەوەو شاکارێکیتری خستە پاڵ



شاکارەکانی پێشوی بۆ نەتەوە کە ژێر سەربازێکی بڕواکەیەتی. چاوەڕوانی شاکاری بەرزتری لێئەکەین.

## پەراوێزەکان:

١-دیوانی ئەحمەد بەگی ساحێب قڕان/حەمدی1957ل4.

٢-سۆزی نیشتمان، دیوانی موفتی پێنجوینی 1959ل4.

٣-ژانی گەل/ رۆمان ، بلە 1972ل151.

٤-بڕوانە شێعری کۆن و نوێ/ا.ب.هەوری 1975 تێکەڵاوبون لەنێوان گڵکۆی تازەی لەیلی ئەحمەد بەگی کۆماسی لەگەڵ گڵکۆی تازەی یاری حەمەئاغای دەربەند فەقەرە یەکەمیان ل63-69 دوەمیان ل74-76.

٥-لەبەینی نالی و کوردیدا، بڕوانە دیوانی نالی —مەلا عەبدولکەریم 1970 ل317، دیوانی کوردی بڵاوکراوەی کوردی و مەریوانی 1931 ل17.

٦-لەبەینی پیرەمێردو بێسارانی. بڕوانە دیوانی پیرەمێرد-کۆکردنەوەی هاوار، 1970 ل7.

٧-لەبەینی بێخودونوری شێخ ساڵح- دیوانی بێخود 1971 ل136. بڕوانە گۆڤاری برایەتی ژ2 ساڵی 1 ل17.

٨-لەبەینی بلەو ع ع شەونم رۆژنامەی برایەتی1968/3/21.

٩-مەم و زینی خانی، هەژار کردویّتی بە موکریانی1960 ل21.

١٠-رۆحی مەولەوی- پیرەمێرد وەریگێڕاوە1935.

١١-پیرەمێرد هۆنراوەی ئەم شاعیرانەی لەهەورامیەوە کردوە بە سۆرانی: وەلی دێوانە، بێسارانی، خانای قوبادی، مەولەوی، بەڵام لەگەڵ هۆنراوەکانی خۆیا بڵاویکردۆتەوە، زۆرجاریش هۆنراوەی خۆی بەناوی ئەوانەوە بڵاوکردۆتەوە. هەندێ جاریش لای خەڵکی هۆنراوەی ئەوان بوە بە هی پیرەمێرد .

١٢- لە 1950/6/19کۆچی دوایی کردو لەگردی مامە یارە نێژراوە-دیوانی پیرەمێرد سەرچاوەی پێشو ل19.

١٣-پیرەمێرد بارەگای ژینی کردبوە جێگەی خۆی، ناوینابو قەلەندەرخانە لەسلێمانی گەڕەکی گۆیژە پشت مزگەوتی هەمزاغا.

١٤-لەساڵی 1926ەوە قوتابخانەی کەشتی نوح دەرئەکەوێ بروانە(بۆتان ئەگێڕمەوە) لێکۆڵینەوە لەسەر نەجمەدین مەلا نوسینی بەیاد عەبدولقادر چاپی سلێمانی 1979-1980 ل5.

١٥-ئەو یەکێتییە بارەگاکەی لەجادەی سابونکەرانبو، سەر بە کۆمۆنستەکانبوسالانی 1958-1960لەسلێمانی.

١٦-بۆتا دەگێڕمەوە-سەچاوەی پێشو ل128.

١٧-سوجادیش کەڵکی لە دەسنوسەکانی نەجمەدین مەلا وەرگرتبو، لە مێژوی ئەدەبی کوردیا هەر ناوی نەهێناوە.



١٨-بەداخەوە ئەو ژمارەیەی ژینم بۆنەدۆزرایەوە.

١٩-ژین ژمارە 1508-1960/2/11ل5.

٢٠-لەسەر گێڕانەوەی هەندێ کەس کە پێیانخۆشنەبو ناویانبهێنم.

٢١-ئەتوانم بڵێم زوربەی ژمارەکانی ژینم دیوە، داخوازیی بابەتێکیترم نەدیوە لەلایەن خوێندەوارانەوە داوای دوبارەی بابەتێک بکەن خاڵۆکەی مەولەوی و ژیرنەبێ. یەکەمیان ژ1508 دوەمیان ژ1547-1960/9/8.

٢٢-رۆحی مەولەوی چاپی دوەم 1965.

٢٤-رۆژنامەی هاوکاری ژ6 شوباتی1971.

٢٥-کوردایەتی ژیر 1960.

٢٦-چوارینەی خیام- گۆڕینی سەلام 1951.

---

# شەهیدی گۆران و عەولە سیسەی ژیر

## لە بەراوردێکی ئەدەبی و ئاوێنەی راستی کێشەکەوە

❊❊❊

## 1-سەرەتایەکی پێویست بۆ ئەم بەراوردە:

پێش چونە ناو باسەکە، ئەم نوسینە بریتییە لە بەراوردێک لەنێوان دو هۆنراوەدا بۆ مەبەستێکی نەتەوەیی، بۆیە بەو ترازوە ئەیکێشین. ئەگەر جارجاریش لەبەراوردەکە دەرچوین، کێشەکە سەپاندویّتی.

ئامادەی هەمو بەرامبەرییەکیشین لەسنوری دنیای ئەدەبەوە. هەمو رەخنەیەکی بەجێش ئەسەلمێنین .

## 2-شەشی ئەیلولی 1930 جێگەی لەئەدەبی کوردیاو هۆنراوەی شەهید و عەولە سیسە.

ئەوانەی سەرنجی شاعیری میللی ڤانیعیان دابێ، تانەیەکیان لەسەر چاوی بەدیکردوە کە لەدەمی خۆیا شەشی ئەیلول هێناوێتی بەسەر چاویا:لە کزیی کوردان گلاراومە- رۆژەکەی ئەیلول تانەی چاومە"

6ی ئەیلولی 1930جێگەیەکی دیاری هەیە لەخەباتی خوێناویی میللەتەکەمانا. هەرئەو راستییەشبو، شەشێ رەشی ئەیلولی بەسەدا برِی، لەگەڵیا گەورەترین راپەرِینبو کە شاری سلێمانی قارەمان، شاری هەڵمەت و قوربانی بەروی داگیکەری ئنگلیزو دەسەلاتی پاشایەتی عێراقا تەقییەوە بەشێوەیەک کە هەتەهەتایە جێێرێزو شانازیبێ. هەروەها ئەو راپەرِینە لەزەمینەی واقیعەوە پەرچدانەوەو بەدرۆخستنەوەیەکبو بۆئەو فەلسەفەیەی ئەڵێ (بیروباوەرِی نەتەوایەتی لەسیستمی سەرمایەداریا دروستئەبێ و بەنەمانی سەرمایەداری ئەویش نامێنێ[٢])

ئەو رۆژە شاری سلێمانی، زوربەی خەڵکەکەی بریتیبو لەچینی چەوساوە کە کرێکارو حەماڵ و کاسبکاری بچوک و موچەخۆرو



فەرمانبەری پلە نزمبو. دەوڵەمەندە ناوەندییەکانیش لەپەنجەی دەست تێپەرِی نەئەکرد. هەمو بە: هەستێک، گیانێک، بیرێک هەڵسان و هاواریان بۆ کوردبو، کوردستان روگەیانبو، بیروباوەرِی لەدەرەوەهێنراو لەئاسمانی ئەو رۆژەدا بەدینەئەکرا. ئەگەر کەسێک بەئاستەمێ بۆنی بەکێگیراوی لێبهاتایە، راویانئەناو نەفرەتی شەرمەزارییان لێئەکرد وەک فایەقی فەرمانبەر کە بەهەزار تکاو کورِنوش رزگاریبو لە کوشتن .

کوردستانی چەوساوە لەو دەمەدا دوربو لەهەموجۆرە کارگەو فابریقەیەک چ خۆیی چ میری چ بیانی هەتا پیشەسازییە خۆماڵییەکان لە دوکانێکی ١٢م[٣] زیاترنەبو. بەلام بیروباوەرِی نەتەوەیی لەکۆمەڵەکانی پشتیوان، گزنگ، زەردەشت، کوردستان، بەرزیی ولات[٤] پەرەیسەندبو بەرِادەیەک وشەی کوردو کوردستان بەسەدەمی زۆرینەی خەڵکی ئەو سەردەمەوەبو.

وەنەبێ ئەو شۆرِشە هەر وشەی سادەو ساکاری خەڵکەکەبوبێ، بەڵکو بنەرِەتەکەی لە پێنوسەکانەوە دەستپێیکردبو

بەتایبەتی شاعیرەکان[٥] کە هەتا ئەمرِۆش کڵپەی ئەو راپەرِینەیان دانەمرکاوەتەوە. هەریەکەش رویەکی گەشی ئەو راپەرِینەیان ئاشکراکردوە وەک د. شەوقی ضیف لەمبارەیەوە ئەڵێ (لەلێکۆڵینەوەی ئەدەبیی هەر نەتەوەیەک، پێویستمان بەشارەزاییە

لەو کارەساتە کاریگەرانەی کاریکردۆتە سەر ژیانە بنەڕەتییەکەی، لەبەرئەوەی ئەدەب ئاوێنەیەکی بێگەردە لەدەرکەوتنی ژیانی ئەو میللەتە چ لەکارەسات و چ لە ژیانی خۆیی[1].

گۆران و ژێر رویەکی راپەڕینەکەیان دیاریکردوە، ئەتوانین دەسنیشانی ئەو راستییە بکەین کە شاعیرانیتر هەستیان بەم لایەنە نەکردوە کە روی یەکەمی راپەڕینی شەشی ئەیلولە. هەر هۆنراوەیەکیان مەلحەمەیەکە لەنمونەی پاڵەوانێتی کە بون بەهاندەرێکیش پاڵیان بەمنەوەنا بۆ ئەم بەراوردە لەبەر روناکیی ئەم خاڵانەدا:

1-کام هۆنراوەیان چۆتە ناو واقیعەکەی شەش ئەیلولەوە هەر وەکو خۆی؟

2-پاڵەوانی کام هۆنراوەیان قارەمانی راستینەی 6ی ئەیلولی 1930بوە بە ناو، پێناس، خێڵ، گەڕەک، کەسوکار،ئەمرۆی گۆڕەکەی؟ کامیان رەمزییە؟ ئەگەر کارەسات رونبێ، رەمز دەوری هەیە؟ یا پوچئەبێتەوە. یا پێویستە لەو دەمەدا پەنا ببرێ بۆ رەمز؟ ئەگەر پەنای بۆبرا هەڵە نیە؟

3-هەڵۆ بەگ کە پاڵەوانی هۆنراوەی شەهیدی گۆرانە، پاڵەوانێکی میللیبوە؟ یا ئەگەر بوبێ، دەوری هەبوە لەو راپەڕینەدا؟ یا ئەوانەی



ناویاناوە پاڵەوانی میللی، چۆن پاڵەوانی میللیمان پێئەناسێنن؟ لەگەڵ رەسەنی ئەو هەڵۆبەگە؟

4-کام هۆنراوەیان لەناخی کێشەکەوە هاتۆتە دەرێ؟ راستیی خەڵکەکەی ئاشکراکردوە؟ هیتافەکانی وەکو خۆی گواستۆتەوە؟ دروشمەکانی ونەکردوە؟

5-جوانکاری (ابداع) کارێکی هونەرییە لەهۆنراوەدا، ئەگەر ئەو گیانەی تیانەبێ، پێزی تیانامێنێ و وەک نوسینێکی سادە کاڵوکرچ دەرئەچێ نەک پەخشانیش کە کارێکی هونەرییە بەڵام ناگاتە هۆنراوە کە لوتکەی هەمو کارێکی هونەرییە لەدنیای نوسینا.

ئەو 2 هۆنراوەیە کامیان ئەو مەرجانەی تیایە؟

6-هەڵسەنگاندنی ئەو دو شاعیرە لە ئاوێنەی راستی کێشەکەوە. بەتایبەتی گۆران کە بەناسراوترین شاعیرمان ئەژمار ئەکرێ. ئایا وەکو پێویست ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێهێناوە بەدڵسۆزی و یەک چاوی بەرامبەر هەمو دەستەو چین و رێبازی نەتەوەکەی لەتەمەنیا؟ هۆنراوەکەی، شەهید، چ مۆرکێکی پێوە دیارە؟

پێشئەوەی هەنگاو بنێین بۆ ناو هۆنراوەکان، پێویستە پەردە لەسەر شاعیرەکان لادەین بەهۆنراوەکانیانەوە:

یەکەم: بەناوی شەهیدەوەیە. ناوی کەس بەسەردێری هۆنراوەکەوەنیە. مێژوی دانانەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1932.

**واتا 2ساڵ دوای راپەڕینەکە.هۆنراوەی گۆران[7]. هەندێ نوسەر بڕوانامەیان لەسەرهێناوە[8]و بەبەرزی و لەئەندازەبەدەر هەڵیانسەنگاندوە، وەک کێشانی هۆنراوەی گۆران بەترازوی راستی[9] چڕنوکگرتنبێ یا بقە!**

**دوەم: بەناوی عەولە سیسەی قارەمانەوەیە. مێژوی دانانەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ 1960 واتا 30 ساڵ دوای راپەڕینەکە. لەهۆنراوەی کامیل ژیر کە لای کەسانی نەتەوەیی وەک مارسلیزێکی کوردیە. لاوانێکی زۆر لەبەریانکردوە. لەودەمەدا هەندێ گۆڤارو رۆژنامە بە ستایشەوە بڵاویانکردۆتەوە[10]. لەمەیدانی رەخنەدا دەستی بۆدرێژکراوە چ بەبایەخ چ بەلاوازی. هەرچەن حەمەی مەلا کەریم خۆی تاقیکردەوە، کۆمەڵە هۆنراوە نەتەوەییەکەی ژیری[11] دایە بەر نەشتەر بەڵام بەوەڵامدانەوەی زەردەشت[12]کەوتە دنیای بێدەنگییەوە.**

**گۆران دەرفەتی دانانی ئەو هۆنراوەیەی لەو سەردەمەدابو. وەکو خۆی ئەڵێ هێشتا هەنگاوی بۆ بیروباوەڕی چەپڕەوی[13] نەنابو. بەم رستەیەدا وادەرئەکەوێ لەوسەردەمەدا ئاڕاستەیەکی نەتەوەیی بوبێ. متمانەمان بەم راستییە هۆنراوەیەکێتی هەر لەوساڵەدا کە بۆ سالمی وتوە:**

**دەلیلی نەجم و هیلالە شەوی سلێمانی**

**غروبی کردوە رۆژی شکۆهی بابانی**



**بنو لە قەبرەکەتا، موستەریح بە سالم**

**لە تۆ کوردترە ، نەزان هەتا عالم[14].**

**لەبارەی هۆنراوەوە، نەک هەر هەنگاوی نەنابو بۆدنیای هۆنراوەی نوێ، بەڵکو یەکەم قۆناغی هۆنراوەیبو، هەتا لەناو شاعیرە لاوەکانی ئەو سەردەمەدا دەرنەکەوتبو[15]. بەڵام دەرکەوتنی هۆنراوەی عەولە سیسە لەسەردەمی هەنگاونانی ژێردابو بۆ لوتکە وەک لەنامیلکەی کامەران و هۆنراوەی نوێی محەمەد سدیق عارف دەرئەکەوێ[15].راستتر ئەوەیە دیوانی کوردایەتییەکەی بەرەو لوتکەیبرد، هەرچەن بەدوایا سستبو و بەرهەمیتری دەرنەکەوت. لەبارەی بیروباوەڕیشەوە، نەتەوەییەکی پێشکەوتنخوازبوە لە سەرەتای لاوێتییەوەو تائەمدەمە هەر بێ وچانە.**

(دەستەواژەی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، لەداهێنانی چەپەکانە ! نەتەوەییی،پێشکەوتنخوازو و پاشکەوتنخوازی نیە. نەتەوەیی هەر بەسروشتی ئەبێ پێشکەوتنخوازبێ. ئەگەر وانەبێ، ئەبێ ناوێکیتری لێبنرێ نەک نەتەوەیی. جگەلەوە، ئێمە مەبەستمان لەنەتەوایەتی، کوردایەتییە. کوردایەتیش زاراوەیەکی تایبەتە بەنەتەوەی کورد. ئەم زاراوەیە لەگەڵ بونی کوردا بەنەتەوە، سەریهەڵداوەو کوردو کوردایەتی شانبەشانی یەک هاوتەریبن و تاکورد بمێنێ کوردایەتیش ئەمێنێ. کەواتە کوردایەتی، وێنەیەکی لەبەرگیراوەی عروبەی عەرەبی و نازێتیی ئەڵمان

و ڕەگەزپەرستیی تورک نیە وەک چەپەکانی کورد ئەیانەوێ بەوە لەکەداریبکەن. - ژیر)

**شەهیدی گۆران پێش عەولە سیسەی ژیربوە. یابەواتەیەکیتر، ژیر هۆنراوەکەی گۆرانی دیوە پێش لەدایکبونی هۆنراوەکەی خۆی، ئەمە ڕاستە!! وەنەبێ ئەم ڕاستییە سەرچاوەیەکبێ بۆ ژیر، ناتوانین بشڵێین نەبۆتە بیرێک بۆ هۆنراوەکەی.**

(بۆ پیشاندانی ڕاستی، من ئەو هۆنراوەی شەهیدەم پێش هۆنراوەکەی خۆم نەدیوە. خۆ ئاساییە ئەگەر بمدیایە ئەموت دیومە. ئەوەی بو بەسەچاوەی ئیلهام بۆ هۆنراەکەی عەولە سیسە، ئەو چەندین جار گێڕانەوەیەی ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلول بو کە لەماڵی ئێمەدا چەنبارە ئەکرایەوە بەجۆرێکە واملێهاتبو خۆم لەو ڕۆژەی بەردەرکی سەرادا ئەدییەوە بێئەوەی تیابوبم یا لەدایک بوبم. جگەلەوە، من ساڵی 1958هۆنراوەی عەولە سیسەم تەواوکردوە، واشدێتەبیرم ساڵی 1957ڕەشنوسەکەیم نوسیوە.هۆنراوەی شەهید بۆ یەکەمجار لە تشرینی دوەمی 1959دا لە گۆڤاری هیوادا بڵاوکراوەتەوە کە من ئەو ساو چەن ساڵێکیش دوای ئەوە هەر نەمدیبوچونکە ئەو گۆڤارە لەو بەروارەدا کەوتبوە دەست کۆمۆنستەکان، من کاتی ئەوەم نەبو خۆم بە چاپەمەنی ئەوانەوە خەریکبکەم ------------------ ژیر).

**بەڵام جیاوازی و یەکنەگرتنەوەی عەول لەگەڵ شەهیدا، بڕیاری دوایی ئێمە پاشگەزئەکاتەوە. ئەگەر پیایانا بگەڕێین، بەهیچ**



**شێوەیەک ناچنەوە سەریەک، تەنانەت پیتێک بەدیناکەین بۆ لەیەکچونی ئەو دو هۆنراوەیە لەڕوی: قافیە، کێش، بابەت، مۆسیقا، ڕێبازی هۆنراوەکە.**

**6-تا ناوی هۆنراوەکان، یەکەمیان شەهید، بێ دیاریکردنی ناوی شەهید لە ناونیشانی هۆنراوەکەدا، هەرچەن خەڵکەکە خۆی ناوی هەڵۆ بەگی بەسەردابڕیوە. بەڵام عەولە سیسەی ژیر، ناوێکی دیاریکراوی هۆنراوەکەیەو هەربەناوی خۆبەختکەرەکەوەیە بەپێچەوانەی هۆنراوەکەی گۆران.**

**7-تا ئەم دەمە کەس پەنجەیەکی ڕانەکێشاوە بۆ لەیەکچونی ئەو دو هۆنراوەیە.**

*

## 3-شاعیرەکان لەدیاریکردنی قارەمانداو دەوری قارەمان لەڕاپەڕینی 6ی ئەیلولا.

**وەک لەپێشەوە باسمانکرد هۆنراوەی یەکەمیان شەهیدە- گۆران. پاڵەوانەکەی هەڵۆبەگە، بێئەوەی لەفەرهەنگی 1930/9/6دا کەسێک بەو ناوەوە هەبوبێ. گۆران ناوی سەرکردەشی لێناوە! بەڵکو قارەمانێکیشنیە، بگرە هەر ناویشینیە لەو ڕاپەڕینەدا، بەپێچەوانەی شانۆفەوە کەئەڵێ: (لەشەشی ئەیلولی ئەو ساڵەدا،**

هەڵۆ بەگ خۆپیشاندانێکیکرد دژی هەڵبژاردنێکی ساختە لەشاری سلێمانی[١٨]) بەداخەوە غەفوری میرزا کەریم[١٩] و حەمەی مەلا کەریم[٢٠] وشێرکۆ بێکەس[٢١] دوای شانۆف کەوتون لەکاتێکا ئەمانە خەڵکی سلێمانین و نەئەبو شوێن قسەی ئەو بێگانەیە بکەون و هەڵەکەی ئەو بکەنەوە. عیزەدینیش هەڵۆ بەگی بە پاڵەوانی میللی داناوە![٢٢].
پاڵەوانی میللی کەسێکی دیاریکراوە کە دەماودەم قارەمانێتی ئەگێڕرێتەوە وەک مامەیارە[٢٣]، شەریف رەندانی هەمەوەند[٢٤]، وەستا رەجەبی رەواندزە[٢٥].
هەرچەن ئەو راپەڕینە هەڵۆ بەگی بەخۆیەوەنەدیوە، شەهیدەکانی خۆی وننەکردوە، وەک: **عەلە گونسوتاو، عەزەی پینەچی، عەولە سیسە، ئەحە رەش، عەلیی سویجگەرفرۆش، حەمەی قالە ئاغا، عەزیزی کورتاندرو، حەمە چاوشین و حەمەی خولە**[٢٦] کە ناوەکانیان لەمێژوی میللەتەکەمانا بەنەمری ماوەتەوە.
ئەشێ هەڵۆ بەگ کارێکی رەمزیبێ. پرسیار ئەوەیە بۆ گۆران پەنای بردۆتە بەر رەمز بۆ ناوی قارەمانەکە؟ لەدەمێکا راپەڕینەکە لەهەمو رویەکەوە دیارو ئاشکرایە، گۆران خۆی بەئاشکرا ناوی حکومەت، عەسکەر، زابت، شەستتیر، مەترەلۆز، حقوق، کەئەوانە



زۆر زیاتر چەقۆیان لەسەرە وەک لەناوەکە. بۆیە پرسیا ئەوەیە: تۆبڵێێ گۆران مەبەستی لە هەڵۆ بەگ، خۆیبێ!؟ بەڵێ ئەمە ئەگەرێکی نزیکە بەبەڵگەی ئەوەی لەزۆر هۆنراوەیتریا هەر من منێتی و بە راناوی من ئەدوێ وەک:

من ئەو دیلەم کە دیلکەری زۆردارم
دڵی لەبەر گوڕی ناڵەم ئەلەرزێ (گۆران ل271)
کوڕی ساوای حەوت ساڵانم ئەتناسێ
ناوت ئەبات وەک هی مامی دراوسێ (گۆران ل279)
بێ هەست ئەمکەن بەزاوای بەردەمی بوک
دەم بۆ ماچت ئەبەم مۆسکۆی ئێسکسوک (گۆران ل305)
لەگەل کۆتر شوێن روناکیی رۆژ کەوتم
نە رۆژ نە شەو نەخەوتم (گۆران ل306)
دەرچوم، دەرچوم بەندم پسان
لەگەڵ هاوڕێ و برادەران (گۆران ل440)

ئەم دیاردەیە لەهۆنراوەی شاعیرانی ترا دەگمەنە، بەڵام لە کامەران موکریا[٢٧] زیاتر خەستبۆتەوە.
ئەم پەنابردنەی گۆران بۆ هەڵۆ بەگی رەمز، چەند خاڵێک ئەگەیەنێ:

1-گۆران خۆی بەگزادەبوە[28]، لەودەمەشا خێڵەکێتی باوبوە، بەتایبەتی لەنێوان شێخانی سلێمانی و بەگزادەدا. لەوانەیە گۆران لەو روەوە روانیبێتیە کێشەکە، یابۆ بەربەرەکانیی شێخان ئەو ناوەی بەکار هێنابێ، یا سروشتە بەگیەکەی خۆی بەسەریا زاڵبوبێ و سەرکردایەتی راپەڕینەکەی دابێتە دەس بەگێ! ئاشکراشە گۆران توخنی شێخان نەکەوتوە لە هیچ سەردەم و دۆخێکا.

2-جێگەکردنەوەی بەگزادە لەمەیدانی کوردایەتیا کە لەوسەردەمەدا هەتا کۆچی دوایی شێخ مەحمودی نەمر، سەرکردایەتی ئەو مەیدانە بەدەس بەرەی شێخانەوەبوە لەناوچەی سلێمانی، هەر بەو هەستەوە دژی شێخانبون، هەرچەن دوژمنایەتییەکەیان پێش هاتنی شێخانبو بۆمەیدانی کوردایەتی، خۆیلەخۆیا ئەم دوژمنایەتییە هەمو شێخان و بەگزادەی گرتبوەوە، بەڵام لەنەوەی کاک ئەحمەدی شێخ و بەگزادەی جافا دەرئەکەوت، بەتایبەتی لەسەردەمی عادیلە خانما[29] ئەو دوژمنایەتییە قوڵتر بوەوە لەبەرئەوەی خانم متمانەی ئنگلیزەکانبو[30]، هەرچەن ئەگەر شێخانیش کوردایەتییان نەکردایە، خانم ئەو رێبازەی هەرنەئەگرت لەبەرئەوەی خۆی پەروەردەی گیانێکی فارسی و ئێرانی بوە[31].

نەمانی عادیلە خانم، گەڕانەوەی بەگزادەبو بۆ مەیدانی کوردایەتی. ئەم راستییە لەبەشداریی عیزەت بەگی وەسمان پاشاو حەمە عەلی



بەگدا[32]لە راپەڕینی شەشی ئەیلولاو هاوبەشی داود بەگی فەتاح بەگ[33] لەشەڕی ئاوباریکا باشترین نمونەیە بۆگەڕانەوەی بەگزادە بۆ ئەو مەیدانە. هەرچەن ناتوانین بڵێین ئەو خەبات و هاوبەشیکردنە، نزیکبونەوەبوە لەشێخان. بەلکو هەر یەکەو ئەرکی نەتەوایەتی خۆی بەجێهێناوە.

کەواتە پەنابردنەکەی گۆران بۆ رەمز 2 هۆیە: - خۆییە کەمەبەستی خۆیەتی –خێڵەکییە کە ئەگەڕێتەوەبۆ بەگزادە.

لەوبارەیەوە گۆران بلیمەتانە بۆمەبەستەکەی چوە، ئەگەر خۆی بەشداری ئەو راپەڕینەی بکردایە، لەجیاتی هەڵۆ بەگ، عەبدوڵا بەگ ئەبو!

❊❊❊

هۆنراوەی دوەمیان، عەولە سیسەی کامیل ژیرە. پاڵەوانەکەی قارەمانێکی راستینەی راپەڕینەکەیە، نیشانەی قارەمانێتیی هەر لە شەشی ئەیلولا وەرگرت و لەپێناوی نیشتمانەکەیا گیانی بەخشی.

پاڵەوانی هۆنراوەکە لاوێکی چەوساوەی ئەم میللەتەبوە. شاعیرەکەی خۆیەتی نەکردوە بچێ شێخێ هەڵبژێرێ بەوەی خۆی شێخە[34]. پەناشی نەبردوە بۆ رەمز. روداوەکەو پاڵەوانەکەی وەک بەکامێرایەکی سینەمایی گرتبێ وایە، بێ کەموزیاد پیشانیداوە. ئەو

پاڵەوانە گۆڕەکەی ئێستەش لە گردی سەیوان دیارە. زیندوە بەشداربوەکانی ئەو راپەڕینە ئەتوانن ماڵی شەهیدەکان بدۆزنەوە. لەناخەوە ئەڵێم ژێر ڕێبازێکی ژیرانەی گرتوە چ لە ناوەرۆک چ لە هەڵبژاردنی قارەمانا. پاڵەوانیی هەژارێکی نەناسراوی لەچینی هەرە خواری چەوساوەی ئەم میللەتەی وننەکردوە، وەکو خۆی خستوێتییەبەرچاو. بەرامبەر ئەمکارە، مێژونوسەکانی نەتەوەو مێژونوسانی چینی چەوساوەی دنیا، نابێ ئەم شاکارەی ژێر فەرامۆشبکەن، هەرچەن ئەو نوسەرە کوردانەی خۆیان بەلێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە خەریک کردوە، لایەنە چەپڕەوییەکەیان هەمو شتێکی لێشێواندون و گرنگییان بە ژێر نەداوە لەبەرئەوەی نەتەوەییە. ژێریش هەر ئەو بیرە پاڵپێوەنەریبوە بۆ ئەو هۆنراوەیەو عەولی قارەمانی وننەکردوە. عەولیش هەر گیانە نەتەوەییەکە هاندەریبوە بۆ ئەو بەشدارییەی لەڕاپەڕینەکەداو ئەو هەڵمەتەی کردییە سەر مەترەلۆزەکەو بەخشینی سەری. گیانی عەول و کەسێتیی ژێریش ئاوڕیکیان لەو پێنوسە لەرزۆکانە نەداوەتەوە. بەڵکو ژێر خۆی ئەکا بەقوربانی عەول و ئەڵێ:

دەی قوربانی کوڕبم عەول ئەوەی تاوانی وا لەمل

ماوە نەدەی نەکو دەچێ ئەم خوێنە زۆرەی تیابچێ

(کوردایەتی ل54)



دەرخستنی دەوری قارەمان لەو کارەساتەدا، هۆیەکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی شاعیر لەهۆنراوەکەیا. ئەوەی جێی سەرنجبێ، ناخی هۆنراوەکان ئەگەڕێتەوە بۆ قارەمان. ئێمەش لەکڵاوڕۆژنەی ئەو بیرەوە ئەڕوانین بۆ قارەمان و لەناوەرۆکی هۆنراوەکانەوە بەم راستییانە قارەمان دیاریئەکەین:

1-شاعیرەکان بە چ واقعێک دەوری قارەمان دیاری ئەکەن. ئەو دەورە لەڕاپەڕینەکەدا رویداوە، یا بە واتایەکیتر چۆتە ناخیەوە؟

2-پلەی قارەمان لەڕاپەڕینەکەدا، سەرکردە یا خۆپیشاندەربوە لای شاعیرەکان و بەراوردی لەگەڵ راپەڕینەکەدا وەکو خۆی کوتومت، یا راپەڕینەکە سەرکردەیەکی تەنیای هەبوە؟ لەم راستیانەوە ئەڕوانین بۆ راپەڕینەکە بە 2 سەرنج: 1-کارەساتەکە 2-هۆنراوەکان.

لای گۆرانقارەمان لەڕاپەڕینەکەدا سەرکردەبوە، ئەو راپەڕینەکەی دروستکردوە:

هەڵۆ بەگ ئەو جوانە پڕ دلیبو، بۆ وەتەن ئاوات

لەپێش جەمعێکەوە تا بەر سەرا روی هاڵمەتی هانی (گۆران ل265)

ئەم دو دێڕە وائەگەیەنێ هەڵۆ بەگ هاتوە خەڵکی کۆکردۆتەوەو پێش ئەو خەڵکە کەوتوەو سەرکردایەتیی کردون بەرەو بەردەرگای سەرا بەخۆپیشاندان و هەڵمەتبردن. بە دو رستەیتر هاتوە

حسابێکی ماتماتیکی پیشانداوە بەو حسابە هەمو جەماوەر = بە هەڵۆبەگ:

لەگەڵ یارانی ئەیوت : ئەی حکومەت تانەکەی تەسبیت
حقوقی کوردەواری، کورد نایانەوێ ئینتیخاباتت (گۆران ل265)

درێژبونەوەی هۆنراوەکەی گۆران، جەماوەر لەهەمو مافێک روتئەکاتەوە. ئەو رەشوڕوتە ئەسپێرێ بە هەڵۆ بەگ و نیمچە ژیانی دەرەبەگیەکە پیشآنئەداو ئەشیسەپێنێ بەسەر خەڵکەکەدا!. دەوری بەگی گوێزاوەتەوە لەدیوەخانەوە بۆ مەیدانی خەبات بەهەمو خۆپەسندییەکی رژێمی دەرەبەگایەتییەوە لەکاتێکا ئەو راپەرینە سەرکردەیەکی دیاریکراوی نەبوە هەتا ئەو سەرکردەیە بەگزادە بوبێ. ئیتر نازانین گۆران ئەم سوپەرمانەی لەکوێوە هێناوە!؟

ئەم راستییانە هەموی پرسیارن لەئاست ئەوانەی ئەڵێن گۆران جیهانی رەخنەنیە. با ئەم مەبەستە رونبکەنەوە لەگەڵ دەیەها پرسیاریتر تەنیا لەسەر ئەم هۆنراوەیە نەک لەسەر هەمو هۆنراوەکانی!!

هۆنراوەی شەهید ئەگەر مۆری گۆرانی پێوەنەبوایە، چەپەکان چەنجارێ شالاویان بۆئەبرد. بەلام ناوی گۆران کۆتایی بەهەمو شتێک ئەهێنێ لای ئەوان!



قارەمان لای ژێر لە شەشی ئەیلولا دروستبوە، راپەرینەکە دروستیکردوە نەک ژێر. قارەمان لەناو واقیعەکەوە چاوی هەڵهێناوە. بەپێچەوانەی گۆرانەوە، قارەمان خەڵکی کۆنەکردۆتەوە هەتا پێشیانبکەوێ. لەهەڵمەتبردنیشا، وەکو خۆپیشاندەرێکبوە نەک سەرکردەیەک. مێژوی راپەرینەکەش ئەو راستییە ئەگێڕێتەوە کە ژێری شاعیر ئەڵێ:

لەم شوێنە پڕ مەترسەدا   لەم کاتە توش و ترسەدا
سێ لاوی ئازای قارەمان   وەکو شێری نەڕی مەیدان
دەس بەخەنجەری روتەوە بەدەم:بابژی کوردەوە (کوردایەتی ل53)

تەنانەت تا ئەم رستەیە پێناسی ئەو 3 قارەمانە ئاشکرانیەو ئەگەر عەول لەگەڵ دوانەکەیتر گیانی لەدەسبدایە،نەناسراوئەبو. ژێریش ئەم راستییەی وننەکردوە:

ئەی داخ ئەوا دوانیان کوژرا
تەنها عەولە سیسە ئەڕوا   (کوردایەتی ل53)

ئەو سەرکەوتنانەی ژێر بەدیی هێناوە، گواستنەوەی راپەرینەکەیە وەک خۆی . ئەشتوانین بەم خالانە دەسنیشانی ئەو راستیانە بکەین لەگەڵ بەراوردیان بە هەڵۆ بەگی گۆران:

1-راپەرین قارەمانی دروستکردوە بە پێچەوانەی گۆرانەوە کە قارەمانەکە راپەرینی دروستکردوە.

**2-هەڵمەت بە3کەسی خەنجەر بەدەستەوە بۆ سەر مەترەلۆزەکە، نزیکترە لە سوپەرمانییەکەی گۆران.**

**3-کارە سەرەکییەکەی عەولی کرد بەقارەمان ، کوشتنی سەربازی سەر مەترەلۆزەکەبو لای ژێر نەک هەڵمەتەکە.**

**عەول کەسێکی راستینەبوە، هەڵۆ بەگ، دروستکراوی گۆران.بڕوانن:**

**پەلاماری کەدا بۆ زابتێ یەک زللە خپ خستی**

**دەمانچەی سەنگ لەدەستی وئاگریدا تاوەکو توانی**

**بەڵام فیشەک نەما هەر زابت و یەک دو نەفەر کەوتن**

**لەپاشا عەسکەریش دەسترێژی لێکردو بەلاداهات** (گۆران ل266)

**ئایا ئەم رستانە وەک فیلمەکانی هۆلیۆدو داستانی ئەمیر ئەرسەلان نانوێنن!؟**

**بەمەرجێ پێشتر ئەڵێ:**

**هەڵۆ بەگ گوللەیی ئەوەڵ لە رانیدا دوەم دەستی**

**کەخۆی و قەومەکەی وادی بەچەشنی شێر نرکانی**

**تەنیا کەسێک بەدەست و قاچێکی پێکراوەوە پەلاماری زابتێک بداو دەمانچەکەی لێبسێنێ و بە زللەیەک بیخاو دو نەفەریتریش بکوژێت...هتد ئەمە ئەچێتە چ ئەقڵێەوە!؟ لەدەمێکا لەو راپەڕینەدا هیچ ئەفسەرێک نەکوژراوە! کوژراو تەنیا سەربازێکبوە ئەویش بەدەستی عەولە سیسە.**



**قارەمان لای ژێر، سوپەرمان نیە، بەڵکو واقیعە روتەکەیە، ئەو هەڵمەتەی عەول بۆسەر سەربازی مەترەلۆزەکە، زۆر جاریتریش هەڵمەتی لەوجۆرە رویداوە:**

**دەی قوربانی کوڕبم عەول ئەوەی تاوانی وا لەمل**

**ماوە نەدەی نەکو دەرچی ئەم خوێنە زۆرەی تیابچێ**

**بژی عەول، ئەوا گەیشت دەستم شکێ ئەویشیان کوشت**

**ئای بەسەزمان عەولی کلۆڵ خوێنی گەش تێکەڵبو بەخۆڵ**

**نەخێر عەول هەڵسایەوە دیسان تەوژمی دایەوە**

**نیشتەسەر مەترەلۆزتەقێن جەستەی کردە خەڵتانی خوێن**

**دەی بەقوربانی دەستتبم فیدای باوەڕو هەستتبم**

**مردن هەردو بەسەر یەکا تەقەو کوشتار نەماو وەستا** (کوردایەتی ل54)

**لێرەدا، ئەبێ ئەو راستییە پشتگوێ نەخەین کە لەبەینی رستەی یەکەم و دوەم، دەی قوربانی کوڕبم عەول،لەنگی بەدیئەکرێ.**(هەردو رستەکە لەسەر کێشی پەنجەی 8 بڕگەییە بەمجۆرە:

دەی 1قور 2 با 3 نی 4کوڕ 5 بم 6عە 7 ول 8

ئە 1 وەی 2 تا 3 وا 4 نی 5 وا 6 لە 7 مل8

کەواتە هیچ لەنگییەک بەدیناکرێ ---------------- ژێر)

بەڵام بەرزیی مەبەستەکە ئەوە ئەگەیەنێ لەپێناوی مانادابێ کەئەمەش شتێکی گونجاوە.

ئنجا بڕوانە ژێر چۆن پەڕەیەکی کوڵۆڵیمان بۆئەگێڕێتەوە. کەساسیی میللەتێکی وەکو کوردی بێ پەناو دەرەتان ، چۆن خوێنی ڕۆڵەکانی ئەڕژێ!

بلیمەتی ژێر لەکەوتن و هەستانەوەی عەولا بەشێوەیەکی واقیعیانە دەرئەکەوێ و پەنای نەبردوە بۆ کاری سوپەرمانانە.

ژێر عەولی هەڵسانەوە، ئەگەر بهاتایە دەرهێنەرێکی سینەمایی بوایە، زۆر سەرکەوتو ئەبو، بەتایبەتی لەبەکارهێنانی وشەکانی دواییا کەدەریهێناوە،مۆری شاکاری ئەدەبی کوردیی پێوەیە.

لەگەڵ ئەم سەرکەوتنانەدا لەهۆنراوەکەدا چەن لاوازییەک بەدیئەکرێ. ئەبوایە ژێر بەسەریا تێنەپەڕیایە، هەتا لەڕوی گەشی هۆنراوەکەی کەمکردۆتەوە کە بەم شێوەیە لەسەرەتای هۆنراوەکەدا ئەڵێ:

لولەی شەستیرو مەترەلۆز (کوردایەتی ل52)

لەدەمی هەڵمەتبردنی عەول بەم شێوەیە:

بەرەو شەستیر تەکان ئەدەن (کوردایەتی ل53)

بەگەیشتنیعەول بو سەر چەکەکە ئەڵێ:



نیشتە سەر مەترەلۆزتەقێن      جەستەی کردە خەڵتانی خوێن

(کوردایەتی ل54)

لەم جێگەیەدا پرسیارێک خۆی ئەسەپێنێ بەم خاڵانە:

یەکەم : شەستیرو مەترەلۆز

دوەم : هاتە سەر شەستیر

سێیەم : دێتە سەر مەترەلۆز

بەمەرجێ هەموی لە یەک هۆنراوەو هەڵوێستێکابێ، ئەم جیاوازیانە لەپەسندی هۆنراوەکە کەم ئەکاتەوە. بەدوای ئەم رستانەی ژێرا لاوازییەکیتر ئەدا بەدەستەوەشایانی رەخنەیە کە ئەڵێ:

مردن هەردو بەسەر یەکا      تەقەو کوشتار نەماو وەستا

(کوردایەتی ل54)

ئەم رستانە گێژاوێکی تەماوی بەسەر هۆنراوەکەدا ئەگرێ، چۆن بەکوشتنی تەنیا کەسێک کەلەسەر مەترەلۆزەکەبو، بو بە هۆ بۆ وەستانی تەقەو کوشتار!؟ لەدەمێکا لەپێشەوە باسی چەن شەستیرو مەترەلۆز ئەکا بەکۆمەڵ بەلای کەمەوەلە 4-5 تێپەڕئەکا وەک ئەڵێ:

لولەی شەستیرو مەترەلۆز کەوتە دروێنەی بەری هۆز (کوردایەتی ل52)

**ئەی چۆن بەکوشتنی تەنیا کەسێکی سەر یەکێ لەمەترەلۆزەکان یا شەستیرەکان تەقەو کوشتار ئەوەستێ!؟**

**بەرەوڕوی ژێر ئەبینەوەو بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم لاوازیانە. شاعیر ئەبێ هەمو لایەنەکان وەکیەک بگرێ ئەگەر لایەنێکی فەرامۆشکرد بۆشاییەکی گەورە دروستئەکا روی هۆنراوەکە ئەشێوێنێ.**

(بەرامبەر ئەو خۆپیشاندانە، شەستیرو مەترەلۆزیش بەکارهێنراوە. ناوبردنیان بەو جۆرەی سەرەوە، دروستە. سەبارەت وەستانی تەقە وەک لەهۆنراوەکەدا ئاماژەی بۆکراوە، ئاساییە لەکاتی کوشتنی سەربازی سەر مەترەلۆزەکەدا، تەقە وەستابێ. چۆن؟

لەهەمو خۆپیشاندانێکا کە گەیشتبێتە ئەوەی تەقەی لێبکرێ و کوژراو و بریندار هەبێ، خۆپیشاندەرەکان بڵاوەیانکردوە. ئەوەش ئاساییە چونکە بەرامبە گوللە، بەدەستی بەتاڵ هیچناکرێ. کەخەڵکەکە بڵاوەیانکردو شەقامەکە یا پانتاییەکە کەسی تیانەما، ئیتر تەقە ئەوەستێ. یا هەرئەبێ بوەستێ، کە کەس نەما، تەقە لە کێبکرێ!؟ وەک ئەو پرسیارەی مامۆستایەک کردی: (ئەگەر 20 چۆلەکە لەسەر درەختێکبێ، بەگوللەیەک یەکێکیان بکوژرێ، چەندی ئەمێنێتەوە؟ قوتابیی یەکەم وتی 19 ! دوەم وتی هیچ، جونکە چۆلەکەکانیتر ئەفڕن) لە شەشی ئەیلولیشا هەر بەوجۆرە، دوای تەقەکان، هەر کوژراوو هەندێک لە بریندارە سەختەکان لە پانتاییەکەی بەردەرکی سەرادا کەوتبون. کەسیتر نەمایەوە تا تەقەی لێبکرێ. بەڵام کە عەول هەڵسایەوەو خەنجەرەکەیدا لە



سەربازەکە، دوا تەقە لەعەول کراو ئیتر تەقە نەما. ئەمە هەر بەڕاستی وابوە. من ئەمەم لەچەند کەسێک بیستوە کە لەو خۆپیشاندانەدابون. یەکێک لەوانە مامم (ا. ب. هەوری) ئەیوت کە تەقە کرا، من خۆمکرد بە بینای دائیرەی پۆستەکەداو لەوێوە چاوم لێبو تا شەهیدکردنی عەول، ئیتر تەقە نەما. دوائیەوە خۆم گەیاندە ماڵی دۆستێکم لەو نزیکانەو تا ئێوارە گلیاندامەوەو نەیانهێشت بڕۆم. باوکیشم ئەیوت: کە ئەبو بەکر تا درەنگ نەهاتەوە ماڵێ، وامانزانی کوژراوە، چوین بۆ خەستەخانە سەیری کوژراوو بریندارەکانمانکرد، ئەوی تیانەبو، وتمان ئەبێ گیرابێ، بەڵام ئێوارە گەڕایەوە ---ژێر)

*

## 4-هەوێنی بیری هۆنراوەکان لەدروشم و دەنگی خۆپیشاندەرەکاندا

**گۆران ئەڵێ:**

**هەڵۆ بەگ ئەو جوانەی پڕ دڵی بو، بۆ وەتەن ئاوات**

**لەپێش جەمعێکەوە تا بەر سەرا روی هەڵمەتی هانی (گۆران ل265)**

مرۆڤ بڕوانێته ئەم هۆنراوەیە، شریتێکی سینەمایی دێته بەر چاو، تەنیا کەسێک بەدیئەکا لەپێش کۆمەڵێکەوەبەرەو مەڵبەندێکی گشتی ئەڕۆن، ژمارەیان لە 100 کەسێک تێپەڕناکا. وەک جەمعەکەی گۆران.جەمع بەهەمو زانستێک لە 4 کەس بەرەوژورترە ، ئەگەر لەرادەیەک تێپەڕی و بەچاو نەژمێرا، ئەوا مانای جەماوەر ئەگەیەنێ، تا ئەمدەمەش بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن بە زوبانی سادەی ساڵی 1932ی هۆنراوەکەی گۆران، موزاهەرە وتراوە. ئەو خەڵکەی ئەنجامیانداوە پێیان نەوتون جەمع وەک گۆران ئەڵێ، بەڵکو پێیان وتون جەماوەر. لەراستیا ئەو رۆژە زوربەی جەماوەری سلێمانی بەشداریی ئەو راپەڕینەی کردوە نەک جەمعیک .

راپەڕینی 6ی ئەیلول گەورەترین راپەڕینی نەتەوەیی بوە لەمێژوی قارەمانێتیی نەتەوەی کوردا وەک هەمو سەرچاوە مێژوییەکان ئەیگێڕنەوە چ نوسەرە کوردەکان، چ گەڕیدە بیانییەکان.

لەورۆژەدا زوربەی خەڵکی شاری سلێمانی بە پاڵەو رەنجبەرو ئاغاو رۆشنبیرو کاسبکارو قوتابی و لاوانەوە، رژابونە بەر دەرگای سەراو دەستەویەخەبون لەگەڵ فەرمانڕەوادا.

گۆران لەئاست هەمو قارەمانێکی نەتەوەکەمان چاوی داخستوە. ئەگەر جارجارێ ناوی کوردی هێنابێ، ئەوە بەتانوتەوەبوە، وەک لەساڵی 1951واتا 19ساڵ دوای هۆنراوەی شەهید،



لەهۆنراوەیەکیا لەژێر ناوی(لاوکی سور بۆ کۆریای ئازا) بەگەلی کۆریائەڵێ:

ئەیەوێ ئازاد یەکگرتو     بژی نەک وەک کوردی نوستو (گۆران ل240)

بۆ کورد نوستوە!؟ ئەودەمەی گۆران ئەو هۆنراوەیەی وتوە، کوردستان خوێناویتربوە یاکۆریا؟ دیارە ئەگەر گۆران بمایە ئەیوت  کۆریا! لەبەرئەوەی خۆی لە کوردستانا نەبوە کاتێ شنۆو نەغەدەو گردی مامەشەو سەردەشت و بادلیان وکێوی پێرس و هەودیان و مەزنە خوێناوییبون. ئاگاداری سێدارەی قازییەکان لەمهابادو سێدارەکانی سەقزو بۆکان و سێدارەکانی بەغدا بۆ قارەمانەکانی کوردستان شەوی 18و رۆژی 19ی حوزەیران نەبوە. ئامادەش نەبوە گوێ لەگێڕانەوەی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی و هەولێرو کۆیەو کەرکوک و خانەقین و هەڵەبجە بگرێ بەحوکمی بەگزایەتییەکەی. هەروەها ئاگاداری ئەو ئاگردانەی شێخمەحمودی نەمر نەبوە کە لەداریکەلیا نەکوژابوەوە.

راستە کورد نوستوە بەلای گۆرانەوە لەبەرئەوەی ئەو لەخوێنڕژانەکاندا لەسەر دەریای ناوەڕاستبو و لەدەمی خۆپیشاندانەکاندا لەهاوینەهەوارەکانی بحەمدون بێروتبو. ئەو دەسەڵاتەی ئەوی کردبو بەبەڕێوەبەری ئیستگەی کوردی لەفەلەستین

هەر ئەو دەسەڵاتە شێخ مەحمودی خزاندبوە داریکەلییەوە[48] ولەزیندانەکانی بەغداشا چوار ئەفسەرە قارەمانەکەی کوردی خنکان!! دوای ئەو هەمو تێکۆشانە، کورد لای گۆران نوستوبو! خۆیشی تا کۆچی دوایی کردنی، بۆ جارێک لەدەزگایەکی پۆلیسەوە بانگنەکرابو لەسەر کورد! بەندییەکانیشی یا هۆی خۆییبوە یا لەسەر ئەو لایەنانەبوە کە پەیوەندییان بەبزوتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە نەبوەو[49] لەسەنگەری کوردایەتیدا جێگەیان بۆدیاری نەکراوە کە چەپڕەوە عێراقییەکان ئەگرێتەوە.

هۆنراوەی شەهید نقومبوە لەدنیای رەخنەداو تائەمڕۆ هاوڕێیانی رەخنەو لێکۆڵینەوە لەئاستیا بێدەنگن، بەڵام بەرپرسیارن لەئاستیا زیاتر لەگۆران کە ویستوێتی مەودای راپەڕینی شەشی ئەیلول تەسکبکاتەوە کەئەو مافەی نییە. هەمو پێنوس و هەستێک، لەوانە شاعیریش، ئەوەندە جێگە رێزن کە لەئاوات و خواستی نەتەوەکەیاندابن. ئەگەر دەرچون، ئەوا مافیان بەکێشەکەوە نامێنێ.

❊❊❊

ژێر وەک رابەرێکی نەتەوەیی ئەڕوانێتە راپەڕینەکە، جەماوەری کردوە بەکەرەسەی راپەڕینەکە نەک کۆمەڵێ. هەمو شاری خرۆشاندوە وەک چۆن لە 6ی ئەیلول



ا رویداوە. نە بەگ دەوری تیایە نە شێخ. تەنانەت دەسنیشانی سەرکردەیەکی نەکردوە. هەمو رێپیشاندەرو سەربازبون بۆ ئەو بڕوایەو هەڵمەتبەربون بۆ بەردەرگای سەرا هەروەکو ژێر ئەڵێ:

بڕوانە شاری خرۆشاو     دیمەنی دایکی کوڕکوژراو

هەر هێرشەو شەپۆلئەدا بەرەو باخی دەرکی سەرا (کوردایەتی ل51)

بەڵام گۆران دەوری جەماوەری پشتگوێخستوە. کۆیکردۆتەوە لەکۆمەڵێکا، ئەو کۆمەڵەش لەتەنیا کەسێکا، کەسەکەش هەڵۆبەگە!! ئەو کۆمەڵ و کەسەش، بڕوایان ئاشکرانیە. کەواتە، بەواتەی گۆران راپەڕینەکە لەبیروباوەڕێکی نەتەوەییەوەنەبوە، گەوهەرێکی نەتەوایەتیشی لە هەڵۆ بەگدا پیشاننەداوە، هەروەک پێشتر وتمان مەبەستی گۆران خۆیی و خێڵەکی بوە. هەر ئەو هۆیانەش مەبەستەکەی لەبەردەمی گۆراندا ونکردوەو پاڵەوانەکەشی، شێوەی قارەمانێکی نەتەوەیی نەهێناوەتەدی و دوابزەی ئەو قارەمانەی وەک دەرەبەگێ یا بۆرژوایەک گەیاندە باوەشی ئافرەتێک، هەر بەرگێکی کردبێتە بەری. واشپیشانئەدا ئەو هەمو خۆبەختکردنەی لەپێناوی ئەودابوە. ئیتر هەمو کێشەکە هێڵێکی راستوچەپی بەسەرداهاتوەو وڵاتەکەی ئەو ئافرەتەی بۆدروستنەکردایە، خۆی لەپێناویدا بەختنەئەکرد!! نیشتمان و

نەتەوەو باوەڕ بەپلەی دووەم دائەنێ لەبەردەم ئەو بوکە یەکشەوەدا!
ئەم وشانەش وشەی رەنجبەرێکی رێی خەباتنیە، بەڵکو وشەی میرێ یا بەگێ، ئاغایەک یا شێخێکی دەسڵاتدارە. لەمەیدانی تێکۆشانا چاوی لەمافی چەوساوەو چارەنوسنیە بەڵکو چاوی بڕیوەتە پایەو ئافرەتی جوان:

بڵێ بەو بوکی تازە یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشتو لەرێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەمبو لەپێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم
کە تۆی پەروەردەکرد بۆ من لەداوێنی چیاو کەژیا (گۆران ل267)

واتا ئەگەر ئەو وڵاتە ئەو بوکی یەکشەوەی بۆ هەڵۆبەگ پەروەردە نەکردایە، ئەو سەری نەئەبەخشی، یا ئەو وەزیفەیەی نەئەبو!!
ئەم پەیامەی گۆران نامەیەکی خۆپەرستییە، لەفەرهەنگی خەباتی چارەنوسا جێگەینابێتەوە. گۆران ئەگەر لەسەرەتادا یەک دو جار ناوی نیشتمانو گەلەکەی هێنابێ، ئەوا بەو رستانە کۆتایی بەهەموی هێناوەو جەماوەر، میللەت، راپەڕین، باوەڕ لای گۆران هەموی هەڵۆ بەگە. هەڵۆ بەگیش بەپێی بۆچونەکەی گۆران، لەپێناوی ئافرەتێکا سەری بەخشی نەک لەپێناوی میللەتا، بۆیە تۆڵەی دوایی داوەتە دەس هەتیوەکەی:

ئەگەر خوا بەخشی پێت هەتیوێ پێبڵێ رۆڵە



لەمن فرمێسکی ویست باوکت لەتۆش داوائەکا تۆڵە (گۆران ل267)

ئەی نەتەوە!؟ کە خاوەنی مەبەستەکەیەو دروستکەری گۆرانی دروستکەری هەڵۆبەگە!؟

***

بەپێچەوانەی گۆرانەوە، ژێر باوەڕی بە میللەتەکەی و شارەکەی زۆر لە عەول زیاترە، هەتا تۆڵەی خوێنەکەی داوەتە دەس هاوبیرەکان و دڵسۆزەکانی عەول و هەمو شەهیدەکان. ئەم راستییە لای گۆران بەدیناکرێ، بەڵام لای ژێر ئاشکرایە:

ئەی شارەکەی عەولە سیسە    بەڵێنبێ ئەو دەستە پیسە
کە هەروا بەدەستی ئانقەست    جۆگەلەی خوێناوە هەڵبەست
ئەبێ ئێمەی دڵسۆزی تۆ    ئێمەی کوردی نەوەی ئەمڕۆ
پشتوێنی تۆڵە ببەستین    نەیکەینەوەو رانەوەستین
تا تێکرا ئەم خاکەپاکە    خاکی ئەم کوردە چالاکە
ئەخەینبەدیار یەک تەنوپۆ    بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ (کوردایەت ل54)

لای ژێر هەمو شتێ سڕاوەتەوە تەنیا خاک و نەتەوەو باوەڕەکەی نەبێ. ئافرەت و خۆشەویستی و جوانیی ئافرەت،لەهۆنراوەی عەولەسیسەدا جێگەیاننەبۆتەوە. ئەم مەبەستەش ئەوە ناگەێنێ

دنیای ژێر دوربێ لەدنیای ئافرەت و جوانی. بەڵکو هەر بەردێک لەجێگەی خۆیا سەنگینە.

لێرەدا چەوسانەوەی نەتەوەکەی، ئەوەی بەسەر ژێردا سەپاندوە کە نمونەی کێشەکەبێ لەم هۆنراوەیەدا. هەر لەو بیرەوە رێز لە عەول و هەمو شەهیدانیتر ئەڵێ:

ئەوسا تۆزێ وچانئەدەین

پەیکەر بۆ نەمرەکان ئەکەین

پەیکەرێکیش جوانتر لە گوڵ

ئەکەین بۆ یادی کاک عەول

لەژێریا بەخامەی زێڕین

ئەنوسین وێنەی نەبەزین (کوردایەتی ل55)

***

گۆران نەیتوانیوە دروشمی راپەرینەکە دەسنیشان بکا. لەبەینی دو رای بێ سەروپێدا گیری خواردوە. رای یەکەم: روی راستی راپەرینەکە باسئەکاو ئەڵێ:

لەگەڵ یارانی ئەیوت ئەی حکومەت تانەکەی تەسبیت



حقوقی کوردەواری نایەوێ کورد ئینتیخاباتت (گۆران ل267)

ئەم رستانە، لەناوەخنەکەی بکۆڵیتەوە دروشمی راپەریوەکانبو. بەڵام گۆران خستویەتیە سەر زمانی هەڵۆ بەگ، واتە دەنگی راپەرینەکەی وننەکردوە، هەرچەندە لای ژێر زیاتر رەنگیداوەتەوەو راپەرینەکەی فراوانتر کردوەو وەک کەسێکی ناوجەرگەی خۆپیشاندەرانی راپەرینەکە ئەڵێ:

ئەڵێن ئێمەی کوردی بێکەس

نامانەوێ پەیمان و دەس

نامانەوێ هەڵبژاردن

پەرلەمانی مل کەچکردن (ژێر ل54)

بەڵام گۆران لەسەر رای پێشوی سەقامگیرنابێ و لەڕای دوەما کێشەکە تەسکئەکاتەوەو ئەگاتە ئەنجامێ داخوازییەکەی (شانۆف) ئەهێنێتەدی کەئەڵێ: خەڵکەکە لەهاوارەکەیانا وتویانە رازینابین نۆکەران نوێنەری میللەتەکەمانبێ، ئەوانە هەڵنابژێرین میللەت روتئەکەنەوەو بەکرێگیراون[٥٠] . بەلای شانۆفەوە بهاتایە نوێنەرەکان لەمیللەتبونایە، هەڵبژاردن سەربەستبوایە، ئیتر ئاو بە ئاگردائەکرا. بەڵام بەپێچەوانەوە راپەرینەکە زۆر لەوە گەورەتربو لەسەر شێوازی هەڵبژاردن یا لەنوێنەرێکەوە بۆ نوێنەرێکیتر بگۆڕێ[٥١]. گەر بروانینە ئەو سەرچاوانەی لەبارەی ئەم راپەرینەوە

نوسراون و داخوازییەکانی ئاشکراکردوە، مافی بە نوێنەرو چونێتی هەڵبژاردنەوە نەبوە.

گۆران نەیتوانیوە مەبەستەکە لەبەشی دوەمی هۆنراوەکەیا بهێنێتەدی وەک لەبەشی یەکەمیا چوبوە ناخیەوە. لەبەشی دوەما پوکاوەتەوەو لەچارەنوسەکە پاشگەزبۆتەوە، هاتوە دەسنیشانی ئەموئەو ئەکاو بیانوی خستۆتە سەر هەڵبژاردنەکەکەمافی بەو راپەڕینەوە نەبوە:

ئەوانە بانگکران و تۆبەقوەت دەوریان ئەگری

دەنی و قازانجپەرستن، هیچنەبێ پێیان موبالاتت (گۆران ل265)

گۆران مەبەستی لەوانەیە کە خۆیان پاڵاوتوە. وەکو کێ!؟ تەنیا فایەقی تاپۆبو. بەڵام کەجەماوەر پێیانزانی، هەر نەیزانی بۆکوێ دەرچو.

راستە لە هەڵبژاردنەکانی 1948 [52] 1954 [53] کێشە لەسەر نوێنەرەکانبو. بەڵام لە 1930دا نوێنەر دەورینەبو. بەڵام گۆران هەر پێدائەگرێ و ئەڵێ:

ئەوانە کەی لەمیللەتبون هەتا تەمسیلی رەئیکەن

حوکومەت! ئێمە کوردین وائەڵێن نامانەوێ نوواب

کە داوێنی غەرەزبگرن بەهەردو دەست وەتەن بەردەن



نەکەی، مەشروعنییە، دەرکە لەسەر سەودایی ئینتیخاب (گۆران ل265)

ئاخر کەنواب نەبێ ئیتر داوێنی غەرەزگرتنی چی؟!

ئەوەی پەڕەیەکی لە 6ی ئەیلول هەڵدابێتەوە، ئەم وشانە لەسەرەتاوە تا کۆتایی رەتئەکاتەوە، بێجگە لەو کەسانەی لەگۆرانەوە سەیری کوردئەکەن! نەک بەپێچەوانەوە.

هۆنراوەکەی ژێر دەنگی راستی راپەڕینەکەی ئاشکراکردوە، بایەخی بەهەڵبژاردنەکە نەداوە، کێشەکەی لەدەرکردنی بێگانەدا چڕکردۆتەوە:

ئێمە کوردین بۆکورد ئەژین

کوردستانی جوانی بەرین

هی خۆمانەو بۆ خۆمانە

بەدەربێ نێروی بێگانە (کوردایەتی ل54)

گۆران رستە بەدوای رستەدا راپەڕینەکە لەهەمو شۆڕشگێڕییەک روتئەکاتەوە. وشەکانی لەگەڵ بەیانەکەی 21/ئەیلولی 1930 کە دەسەڵاتی ئەوسا دەریکردبو، جیاناکرێتەوە[54]. جەماوەرەکە لەپێناوی چارەنوسا راپەڕیبون بەبێ چەک. بەڵام دەسەڵات هێزی چەکداری جۆراوجۆری هێنایە سەریان. خۆپیشاندەران زیاتر کڵپەیان ئەسەند،

سنوقی دەنگدانیان[٥٥] سوتان و هێزەکانی میرییان راونا بۆ ناو سەرا. جەماوەر کەوتە پێشێلکردنی دامودەزگاکانی هەڵبژاردن. کاربەدەستان فەرمانی تەقەیاندا بە مەترەلۆزو شەستیرەکان بێئەوەی بتوانن لەورەی ئەو خەڵکە کەمبکەنەوە. ئەو راپەڕینە ئەگەڕێتەوە بۆ هەست و بڕوا نەتەوەیەتییەکە کەئەوەدەمە لاوان و رۆشنبیران نمایندەیانئەکرد لە رێکخراوێکی نەتەوەییا[٥٦].

گۆران وای پیشانئەدا کە روداوێکی کاتیی لەپڕبوە، ئەڵێ ئەو جەماوەرە تەجاوەزی ئەمنیەتیان نەکردبو. بەڵام بەپێچەوانەی گۆرانەوە، نەک تەجاوەزی ئەمنیەت، بەڵکو داوای چونەدەرەوەی هەمو هێزە داگیرکەرەکانی ئەو رۆژەیان کردوە لەکوردستان و جێبەجێکردنی بریارەکانی کۆمەڵەی گەلان و داوای رزگاری و سەربەخۆییان ئەکرد بە پێچەوانەی گۆرانەوە کە ئەڵێ:

ئەمە جوملەو قسەو ئامالی یارانی هەڵۆ بەگبو

نەنامەشروعی تیابو، نە تەجاوەزبو بەئەمنیەت (گۆران ل265)

لەم دەمەدا وشەی (سڵ) لەئاست رستەیەکی ژیرا، رامانئەوەستێنێ. ئەو وشەیە نزیکی (تەجاوەزی ئەمنیەتەکەی گۆران بۆتەوە) بەهەر گیانێکەوەبێ، ئێمە بە خۆبەدەستەوەدانی ئەزانین. شاکار هەرچەن بەرزبێ زۆرجار وشەیەک هەموی ئەسڕێتەوە. ژێر ئەڵێ:

بڕوانە کوشتاری بێ هۆ (کوردایەتی ل٥١)



چۆن بێ هۆیە؟! ئایا لەداگیرکەر داوای سەربەستی و سەربەخۆیی بکەی هۆ نییە!!! ئەی هۆ چیە؟ ئەگەر ئەو هۆیە نەبوایە گوللەیەک لەمیللەتانەوە بەرەوڕوی داگیکەران نەئەتەقی؟!!

لای داگیرکەر، دزی بکەی، ماڵ تاڵان بکەی، بەرتیل بخۆی، هەرچی بێڕەوشتییە بینوێنی، هۆ نیە!!!بۆئەوەی بگیرێی تیا ئازاربدرێییا بکوژرێی یا بەکۆمەڵ تەقەت لێبکا !! تەنیا هۆیەک نەبێ داوای چارەنوس و سەربەستی بکەیت!!!

(لێرەدا سەبارەت بەو هۆیە، ئەڵێین: دو جۆر هۆ هەیە. هۆی رەواو هۆی ناڕەوا. بۆ نمونە، هۆی رەوا ئەوەیە کەسێک بکوژرێ و بەفەرمانی دادگا ئەو کەسە بکوژرێتەوە. بەڵام کەسێک داوای قەرزەکەی لە قەرزارەکەی بکا، یا داوای مافی رەوای خۆی یا میللەتەکەی بکاو بکوژێ، ئەوە هۆیەکی ناڕەوایە. مەبەستی من هۆیە ناڕەواکەبوە. جائەگەر ئەو کوشتارەی داگیرکەران ئەیکەن بەرامبەر داگیکراوان، هۆی رەوابێ! ئەوا ئەبێ هەمو میللەتە داگیرکراوەکە بکوژرێ! کە یاسای نێودەوڵەتی رێگەی ئەوە ناداو بە کوشتنی رەوای نابینێ، بەڵکو ئەوە هەر هۆ نیە بۆ ئەو کوشتنە. ئێمەی کورد، لەگەڵ ئەو بێکەسییەشمانا، ساڵی 1991 ناوچەی دژە فڕینمان بۆ دیاریکرا، ساڵی 2014ش فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بونە هۆی ئەوەی کورد قەلاچۆ نەکرێ.. نمونەی لەو جۆرەش لەدنیادا زۆرە- جگەلەوەش، خۆپیشاندەرەکانی ئەو راپەڕینە،نە چەکیان پێبو نە کەسیشیان لە پیاوانی دەسەڵات کوشتبو. خۆپیشاندانێکی خوێناوی نەبو لەلایەن کوردەوە. خۆپیشاندانێکی لەوجۆرە، نابێ وەڵامی بەچەک بدرێتەوە، کە بەچەک کوشتاریان لێکرا،

ئەوە کوشتارێکی بێهۆیە، خۆپیشاندەران هەر داخوازییەکیان هەبێ. جائەگەر ئێمە بەدەمی خۆمان بڵێین ئەو کوشتارە هۆی هەبوە!! ئیتر چییتیا ئەمێنێتەوە!؟ ----------- ژیر )

**بەڵام ژێر ژێرانە فریای کەوتوەو درێژەی بە خۆبەدەست دانەوەکەنەداوە،وەک گۆران . بەڵکو بەشێوەی تیسکەی تفەنگ تێئەپەڕێ و بەدەنگی خۆڕزگارکردن لەو وشەیە هاوار ئەکاو ئەڵێ:**

**بڕوانە قوڵپی خوێنی گەش دیمەنی سوری جەستەو لەش**

**گوێ شلکە بۆ زایەڵەی زەنگ شریخەو جەزرەبەی توفەنگ (کوردایەتی ل51)**

**ژێر بەدوایا سەرکەوتوە بەشێوەیەک هۆنراوەکەی گەیاندۆتە لوتکەو لەو لوتکەیەوە، بەدوای 30 ساڵ بەسەر شەشی ئەیلولی 1930دا وەک لاوانی ناوجەرگەی ڕاپەڕینەکە ئەقیژێنێ و ئەڵێ:**

**گوێ شلکە بۆ نەڕەی لاوان بۆ داوای مافی کوردستان**

**هەر هێرشەو شەپۆل ئەدا بەرەو باخی دەرکی سەرا (کوردایەتی ل51)**

**کەواتە مەسەلەکە لەوەدەرچوە (بێ هۆ)بێ، یا تەجاوەزی ئەمنییەتبێ. مەسەلە مەسەلەی چارەنوسە، مافی نەتەوەیەکە، خۆشەویستیی خاکە، سەردانەوانە بەداگیرکەر، ئەم زەمینەیان هەژاندبو هەتا لەزەوی دەرچوبو وەک کورد ئەڵێ: کەشکەلانی**



**فەلەک. چ لوتکەیەک، چ کەشکەلانێک ئەگاتە بەرزایی ئاسمان. ئایا لەم گەردونەدا لەئاسمان بەرزتر هەیە؟ بۆیە ژێر ژێرانە پەنا بۆئەو بەرزی و کەشکەلانە ئەباو لەو ناخەوە ئەڵێ:**

**نەڕەی بەرزی هێرشبەران ئەگاتە لای هەوری ئاسمان**

**ئەڵێن ئێمەی کوردی بێکەس نامانەوێ پەیمان و دەس (کوردایەتی ل52،51)**

**ئەم هۆنراوەیە، هۆنراوەیەکی کامەران موکری هێنامەوە بیر:**

**کە ئەستێرەی ئادەم نشین لەجێ خۆی وەرگەڕێ بەتین**

**هەراش هەراشبێ لەتەما ئەوسا من ئەڵێم کورد نەما**[٥٨]

**5-دیمەن و جوانکاری (الابداع) لەهۆنراوەکانی شەهیدو عەولە سیسەدا:**

**دیمەن و جوانکاری روی گەشی هەمو کارێکی هونەری و ئەدەبییە، بەتایبەتی لەهۆنراوەدا لەبابەتەکانیتری ئەدەبا زیاتر دەرئەکەوێ.**

**دیمەن کارێکی سەرەکییە لەهۆنراوەکانی شەهیدو عەولە سیسەدا، بەتایبەتی لەگواستنەوەو وێنەگرتنی ڕاپەڕینەکەدا هەروەکو خۆی و دیاریکردنی ئەندازەی پلەی سەرکەوتنی هەریەک لەهۆنراوەکان.**

لەزەمینی راپەڕینەکەوە بڕوانین، وەک فلیمێکی سینەمایی بیخەینە بەرچاو وەک دەماودەم ئەیگێڕنەوە، یاسەرچاوە مێژوییەکان بەتایبەتی چیم دی و شۆڕشەکانی کورد[٦٠]و رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بەدوای 14ی تەموزدا کە روناکییەک بەدیکرا بۆ باسکردنی ئەو راپەڕینە، ئەوە بەدیئەکەین یا وەک لەفلیمەکەدا دەرئەکەوێ: شارێک زوربەی دانیشتوانی خرۆشاوە، راپەڕیوە، خۆپیشاندانە، چەپڵەلێدانە، هۆنراوەو وتاری ئاگرینە بۆمافی نەتەوەیەکی دیل و ژێردەستە هاوارە، ئاگر ئەبارێ، لاشە تێکەڵ بەخوێنە، چونەپێشەوەیە، گەڕانەوەیە...ئەم راستیانەو زۆر دیمەنی کاریگەرتر دێتە بەرچاو.

بەهەستێکی بێلایەنەوە بڕوانین بزانین کام هۆنراوەیان ئەم راستییانەی گوێزاوەتەوە وەک خۆی، لەگەڵ دیاریکردنی پلەی سەرکەوتنی هەریەک لە هۆنراوەکان لەمبارەیەوە. بەدوایا لەئاوێنەی ئەم رستەیەی عەبدول وەهاب بەیاتییەوە ماف بەهۆنراوەکان و شاعیرەکان بدەین کەئەڵێ: ( ئەو شاعیرەی هەڵوێستی خۆی بەئاشکرا بۆئەو رۆژگارەی تیایا ئەژی دیارینەکا، لەریزی چەوساوەکانی گەلەکەیا شوێنێ بۆخۆی نەکاتەوە، مافی ئەوەی نیە شەرەفی پاشەڕۆژو رێزگرتنی گەلەکەی بدرێتێ[٦١] )

لەم رێبازەوە رێگا ئەگرین بۆناو هۆنراوەکان بزانین کامیان ئەو راستییەی نەخشاندوە؟



لەڕێگەوە سەرنج بۆ هۆنراوەکەی گۆران رائەکێشین کەئەڵێ:

ئەمە جوملەی قسەو ئامالی یارانی هەڵۆ بەگبو

نەنامەشروعی تیابو نەتەجاوەزبو بە ئەمنیەت

کەچی عەسکەر بەمەترەلۆز بۆ قەتڵی عام دەرچو

درایە بەر شەقەی شەستیر رجاو ئامالی میللیەت (گۆران ل265،266)

باوەڕبکەن لەبارەی جوانکاریی وشەو ناوەرۆکیشەوە، ئەم چوار رستەیە هۆنراوەی گۆران نەبوایە، کەس بە وتەی بەنرخیش نەیئەخەملان، نەک هۆنراوە. بایەخێکیشی نەئەبو لەئەدەبی کوردیدا.

لەگەڕانەوەدابۆدەقی هۆنراوەکە، پرسیارێک خۆیئەسەپێنێ: بۆ عەسکەر دەوری سەرەکیی درایە لای گۆران!؟ لەکاتێکا گۆران ئەوەی زانیوە ئەگەر چەکەکە لەتەقە بوەستایە، هۆیەکی تەکنیکیئەبو، بەڵام ئەگەر عەسکەرەکان نکولییانبکردایە، ئەوانیش ئەخرانە بەر مەترەلۆزەکە. ئایا گۆران بۆ پەنجەی درێژنەکرد بۆ گەورەی عەسکەرەکان!؟ لەدەمێکا ناوی حکومەتی هێناوە کە چەقۆی زیاتر لەسەربوە. لەگەڵ ئەوەدا دوژمنە گەورەکە ئیمپریالیزمی بەریتانییبو!. کەچی بۆ خوێی چێشتیش ناوی لەهۆنراوەکدا نەهاتوە کە لەپشکنەری داد( المفتش الاداری )دا-گاون[٦٢] خۆیئەنوان، ئەوەی

**دوایی وەفدی کوردستانی دروستکرد بۆ دڵنەوایی فەیسەڵی یەکەم، کە پیرەمێردی نەمر لەوبارەیەوە وتی:**

**پەردەی تارای سور بەرن بۆ ئەمیر**

**بڵێن دوای کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر!؟[٦٣]**

**ئەو راپەڕینە لەدایکبوی خۆپیشاندانێکی کتوپڕنەبو وەک گۆران ئەڵێ:**

**هەزارو نۆسەدو سیبو شەشی ئەیلول کە رۆژ هەڵهات**

**قریوەی ویستنی هەق کەوتە ناو شاری سلێمانی(گۆران ل265)**

**شەشی ئەیلول تەقینەوەیەکبو کە ریشەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ خەباتێکی نەتەوەییانەی دورو درێژ. بیروباوەڕی کوردایەتی رۆژی لێهەڵهاتبو. هەربەوراستییەوە کڵپەی دەرونی خەڵکەکە تاوی سەندبو. متمانە بەدامودەزگای ئەو رۆژە نەمابو. ئەم هەستە لای گۆران بێبایەخبو. بەچەند وشەیەکی جێگەنەگرتوی پاڕانەوە لەدوای دو ساڵ بەسەر کارەساتەکەدا ئەڵێ:**

**درایە بەر شەقەی شەستیر رجاو ئامالی میللیەت (گۆرانل 266)**

**ئەگەر گەڕیدەیەکی بیانی بڕوانێتە ئەم رستەیە، تێبینییەک ئەکا: کۆمەڵێک بە نمایشەوە سکاڵایەکیان داوە بە فەرمانڕەوا، ئەویش**



**لولەی شەستیری تێکردون. راپەڕنەکە ئەو رستانە پوچەڵ ئەکاتەوەو هێڵێکی راستوچەپ بەسەر هۆنراوەکەدا ئەهێنێ.**

**لەلایەکیترەوە ، هیوای میللەت ناکەوێتە سەر تکا وەک گۆران باسی رجاو ئامالی میللیەت ئەکا! بەڵکو مافی میللەت ئەسێنرێ و نادرێ وەک ساڵح هەژار ئەڵێ:**

**میللەتێ مێژوی بەخوێن نەنوسرێ**

**چۆن تۆڵەی ژینی دواڕۆژ وەرئەگرێ**

**یا کەی سەربەستی بەکەس دراوە**

**هەر بەخەبات و تۆڵە ئەسێنرێ**

**شەشی ئەیلول راپەڕینێبو هەمو چینەکانی میللەتی گرتبوەوە وەک سوجادی ئەڵێ: (ساڵی 1930 تەنگی بە هاتنەپێشەوە هەڵچنی، ساڵێکی سەیربو بەرامبەر کوردەواری ، بۆنی خوێنی لێئەهات زیاتر بەرامبەر ناو شاری سلێمانی[٦٥].لەمساڵەدا پەلەقاژەیەکی زۆر کرا لەپێناوی خواستەکانی میللەتەکەمانا، بەڵام یەک وشەی بڕینەکردوەو لەجێی خۆیا کپکرا.**

**جەعفەر عەسکەری[٦٦]و وەکیلی مەندوبی سامی[٦٧]کوردستان گەڕان، باسی چارەنوسی کوردیان ئەکرد، بەڵام دەهۆڵیان بەخۆڕایی ئەکوتاو ئەیانویست کورد پێشێلبکەن و بڕیاری پێشێلکردنەکەش هەر بەکورد**

**بدەن. بەڵام کورد بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی زۆر دەمێکبو لەنیازەکەیان گەیشتبو، هەر ئەو تێگەیشتنەبو لەسلێمانی پیایانا تەقینەوەو روبەرو پێیانوتن: وشەکانتان بخەنەوە جەواڵەکانتان و ببیەنەوە بۆ بەغدا، جارێکیکە ئێمە دەسخەڕۆی ئێوە نابین[٦٨].**

**بەم هەستەوە راپەڕینی شەشی ئەیلول بەرپابو، نەک لەدایکبوی ئەو رۆژی شەشە بوبێکە گۆران ئەڵێ:**

**هەزارو نۆسەدو سیبو شەشی ئەیلول کە رۆژ هەڵهات**

**قریوەی ویستنی هەق کەوتە ناو شاری سلێمانی (گۆران ل265)**

**ئەو رۆژە دواییهێنانی متمانەی کوردبو بەدەسەڵاتداری بەریتانی و بریارەکانی کۆمەڵەی گەلان[٦٩]**

**بەپێچەوانەی گۆرانەوە کەئەڵێ لەشەشی ئەیلولدا قریوەی ویستنی هەق کەوتە ناو شاری سلێمانی، یا رجاو ئامالی دایە بەر تەقەی مەترەلۆز.**

**ئەم هەستە لەکوردایەتی روتبۆتەوە وەک لەزوربەی هۆنراوەکانی گۆران دوای 14ی تەموز دەرئەکەوێ. بۆنمونە: چیرۆکی برایەتی، بێشکەی مناڵ، تیرو کەوان، بۆ لاوان، شۆڕشگێڕ، تاسەی دیدار، وەڵامی پرس و هتد. بەمەرجێ پەنجەمان رانەکێشاوە بۆ ئەو هۆنراوانەی بەبۆنەی 14ی تەموزو رژێمی کۆماری و برایەتی کوردو عەرەب و مۆسکۆو یەکێتی سۆڤێت و لنینەوە وتوێتی.**



**ئەتوانین بڵێین، لەدوای 14ی تەموزەوە، بەبۆنەو میهرەجان و بیرەوەرییەوە نەبوبێ، هۆنراوەیەکی بۆکوردنەوتوە. بۆنمونە: نەورۆزی 60و61، بەرەو کۆنفرانس[٧٠]، ئاوابونێک، بۆ رەفیق حیلمی، یادی بێکەس و یادی پیرەمێرد. لەمبارەیەوە ئەوەندە بەسەو مشتێک نمونەی خەروارێکە.**

**روانینی دوەم بۆ هۆنراوەکەی عەولە سیسەی ژێرە. بزانین تا چ رادەیەک ئەو دیمەنەی نەخشاندوە؟ بە چ شێوەیەک ئەیهێنێتە بەرچاو، یا چۆن ویستوێتی راستییە روتەکە رۆشنبکاتەوە لەهۆنراوەکەدا. لێرەدا ئەم رستانەی ژێر وریامانئەکاتەوە کە ئەڵێ:**

**ئای لەم دیمەنە سامناکە    لەم کوردە ئازاو بێباکە**

**لولەی شەستیرو مەترەلۆز  کەوتە دروێنەی بەری هۆز**

**هەر کەللەیەو گوللە ئەیبا   هەر لاشەیەو دێ بەلادا (کوردایەتی ل52)**

**بەپێنوسی رەخنەگرانە بڕوانینە ئەم رستانەی ژێر، توشی هەندێ وشەی ساکار ئەبین، وەک: لەم، هەر، هۆز . دو رستەی دواییش یەک مانا ئەبەخشێ.**

(بۆچی ئەبێ ئەو سێ وشەیە ساکاربن!؟ وشە ساکارو ناساکاری بۆنییە. گرنگ ئەوەیە وشە لەجێگەی خۆیا بەکاربهێنرێ، ئەوسا ئەو وشەیە ئەبێ بەو بەردەی لەجێی خۆیا

سەنگینە.. دو رستەکەی دواییش، ئەنجامەکەی، یەک مانا ئەبەخشێ. بەڵام پێکانی کەللەو پێکانی لەش، دو شتی جیاوازن – ژیر)

**بەڵام لەبارەی کێش و لەنگەرو مۆسیقاو وشەوە، ئەو سێ وشەیەی لێدەرچێ، زۆر دەوڵەمەندە. بۆ جوانکاریش؟ ئەوە پێوانە ناکرێ ئەوەندە جوانکاریی تیایە. لەلایەکیترەوە، لەشەشی ئەیلولەوە تێبڕوانین، ئەوەی دێتە بەرچاو، دیمەنێکی ئاگراوی، بەسام و خوێناوییە. دەرهێنەرێکی سینەمایی، تەنیا لەم چەند رستەیەدا، فلیمێکی پڕبەپێستی کارەساتەکە، دەرئەهێنێ، وەکو خۆی ئەیهێنێتە بەرچاو، بەوپەڕی سەرکەوتنەوە، رێزو ستایش پێشکەش ژیر ئەکرێ کەئەڵێ:**

**لەناو خڵتانی خوێناوا    تەپاوتلیەو لەناکاوا**

**هوروژمی پێ بەسەریادێ    زامی گەرمی لێدێتە سوێ**

**بەئاستەمێ نوزە تیاماو    ئەناڵێنێ بۆ تۆزێ ئاو (کوردایەتی ل52،53)**

**سەرکەوتنی سەرەکی ژیر ئەوەیە، گرنگیی بە سەربازی سەر مەترەلۆزەکە نەداوە. هەتا لەم کاتە ناهەموارەدا، ئەو سەربازە لەهەر بەرگێکا بوبێ، دنیای کێشەکە ناگۆڕێ. لەبەرئەوەی ئامێرێکە هەڵئەسوڕێنرێ، نەک ئەو!!**



**ژیر مرۆڤێکی سادە نیە، خاوەنی بیروباوەڕە. بەرامبەر هەمو وشەیەک، ژمارەی تەواوی خۆی بۆ وتوە. لەراستییەک گەیشتوە: راپەڕین لەپێناوی مافا، پێویستیی بەخوێنە، بەخۆبەختکردنە لەرێگای ئامانجا. ئەگەر ئەنجام سەرکەوتنبو، ئەودەمە میللەت خۆی تاوانبار دیاری ئەکا و لەدادگای گەلا بەسزای یاسایی خۆی ئەگا. لە سەرنەکەوتنیشا، پشتوێنی تۆڵە ئەبەستێ و لەرێی ئامانج و چارەنوسانەبێ نایکاتەوە تا ئەگاتە ئەنجام. ئنجا گەر بدرێتە بەر تۆپ و بۆردومانی فڕۆکەش، هەر ئامادەیە بۆ راپەڕینیتر :**

**بۆ تۆڵەی خوێنی رژاوت  کوردستای زەوتکراوت**

**پشتوێنی تۆڵە ببەستین  نەیکەینەوەو رانەوەستین**

**تاتێکرا ئەم خاکە پاکە  خاکی ئەم کوردە چالاکە**

**ئەخەین بەدیار یەک تەنوپۆ بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ (کوردایەتی ل54و55)**

**وشەی پاڕانەوە لەفەرهەنگی ژیرا نیە، دەربەستی خوێنی رژاو نیە، لەباتی پاڕانەوە یەخە ئەگرێ، یاخی ئەبێ و ئەڵێ:**

**ئەی شارەکەی عەولە سیسە   بەڵێنبێ ئەو دەستە پیسە**

**کەهەروابەدەستی ئانقەست   جۆگەلەی خوێناوی هەڵبەست (کوردایەتی ل54)**

**لەفەرهەنگی ژێری شاعیرا، ڕۆژێکی نەتەوەکەی نەبوە بێ ڕاپەڕین . مێژوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ، لەهەر ڕۆژێکیشا مافی پێشێل کرابێ، ڕاپەڕیوە، بێ وچان لەکاروانایەو ئەڕوا . ژێریش چاوی لە خۆرە هەرئەبێ هەڵبێ. وەنەبێ هۆنراوەکەی ژێر رازاوەنەبێ بەمۆسیقاو وشەی ناسک. ڕستەی بەهێزیش روی هۆنراوەکە ئاشکرا ئەکاو ئەبێتە ستایش و بەشێوەی لێزمەی بارانی بەهار، بەسەر ژێرا ئەبارێ.**

## 6- هەڵسەنگاندنی سەراپا هۆنراوەکان بەگشتی بە هەردو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە:

**هۆنراوەی شەهیدو لایەنە سەرکەوتوەکانی:**

**1-لەبارەی حەماسەوە، زۆر بەهێزە، هەتا لەعەولە سیسەی ژێر بەهێزترە. لەهۆنراوەی خیتابی ئەژمێردرێ.**

**2-لەنگی لەهۆنراوەی شەهیدا بەدیناکرێ بەپێچەوانەی هۆنراوەکەی ژێر لەنگی تیا ئەبینرێ.**

( لە هۆنراوەکەی شەهیدی گۆرانا، ئەم لەنگی و ناتەواویانە بەدیئەکرێن:

هۆنراوەی شەهید، لەسەر کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی وتراوەو کێشانەکەی بەمجۆرەیە:

هەزارو نۆسەدو سیبو شەشی ئەیلول کە ڕۆژ هەڵهات



ب - - -   ب - - -   ب - - -   ب - - -

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

واتا هەر هەنگاوێ، بڕگەیەکی کورت و سێ بڕگەی درێژە

بەپێی دەستوری عەروز، ئەبێ هەمو هۆنراوەکە بەوجۆرەبێ. گۆرانیش هەوڵیداوە بەوجۆرەبێ. بەڵام هەوڵەکەی شکستیهێناوە! بەوەی لەپێناوی ئەوکێشەدا، زمانە کوردییەکەی شێوانوە! بابزانین چۆن؟

لە سێیەم دێڕی هۆنراوەکەیا ئەڵێ:

هەڵۆ بەگ ئەو   جوانەی پڕ   دڵیبو بۆ   وەتەن ئاوات

ب - - -   - - - مفعولن   ب - - -   ب - - -

ئەبینین هەنگاوی دوەم (جوانەی پڕ) تەنیا سێ بڕگەی درێژە کەئەبێتە (مفعولن) جا بۆئەوەی ئەویش بکرێ بە چوار بڕگە، گۆرانسەپانوێتی بەسەر خوێنەرەوەدا کەدەنگەکە بەمجۆرە دەربڕێ (جو وانەی پڕ، ب - - -) واتا ئەبێ واوێک زیادکرێ! ئەمەش شێواندنی وشەکەیە. کورد ناڵێ (جو وان) هەر ئەڵێ (جوان) .

لە دێڕی دوازدەهەما ئەڵێ:

نەکەی،مەشروع نی یە دەرکە لەسەر سەودای ئینتیخاب

ب - - -   ب - - -   ب - - -   - - -مفعولن

ئەبینین هەنگاوی چوارەم (ئینتیخاب) تەنیا سێ بڕگەی درێژە، بۆئەوەی ئەویش بکرێ بە چوار بڕگە، گۆران (سەودای)

كردوه به (سەودايى) و ياى دوەمى داوەتە پاڵ (ئينتيخاب)و كردوێتى به (يئينتيخاب) كه ئەمه لەڕوى زمانەوانييەوه دروستنيه، چونكه ئەوه (ى)ى خستنەپاڵ (اضافه)يەو تەنيا يەک (ى)يەو نابێ بكرێ به دوان.

له دێرى حەڤدەهەما ئەڵێ:

شەقەى شەستى رو قرچەى دەست رێژو هەڵ مەتى سونگى

ب - - -   ب- - -   - - -مفعولن   ب - - -

ئەبينين هەنگاوى سێيەم (رێژو هەڵ) تەنيا سێ بڕگەى درێژه! جا بۆئەوەى ئەويش بكرێ بەچوار بڕگە، ئەبێ بەمجۆره دەنگەكه دەربڕين (ت رێژو هەڵ، ب - - - ) واتا ئەبێ دەنگێک زيادكەين له نێوان پيتى (ت، ر)كەدا كه به عەرەبى بەو دەنگه ئەوترێ (كسره مختلسه) به نوسينى لاتينيش (i) دائەنرێ. ئەمەش شێواندنى وشەكەيه. كورد وشەى (دەست رێژ) به دو دەنگ دەرئەبڕێ نەک به سێ دەنگ. بەڵام گۆران ئەو هەڵەيەشى سەپانوه!.

لەدێرى بيستەما، لەجياتى وشەى (ئازاد) وشەى (ئازاده)ى بەكارهێناوه! واتا بزوێنێكى زيادكردوه بۆئەوەى لەگەڵ وشەى (سەرجاده) بگونجێ! وشەى (ئازاده) لەزمانى كورديدا، بونى نيەو هيچ واتايەک نابەخشێ.

نەما پيرێ له ريزى گولله بوبێ قەلبى ئازاده ........................شەپۆلى خسته سەرجاده

لەدێرى بيست و دوەما، هەمان (كسره مختلسه) لەنێوان: (شێرو نركانيدا) دوبارەئەكاتەوه!



كه خۆى و قەومەكەى وا دى، به چەشنى شێر نركانى

لەدێرى بيستو حەوتەما، هەربەجارێ خومەكه ئەشێوێنێ و ئەڵێ:

لەسەر دەرياى يى خوێنبو كەشتى يى عومرى بەرەو مردن

ئەبينين دو جار (يى) زياد ئەكا! بۆئەوەى كێشه لەنگەكەى راستكاتەوه!

لەدێرى سيوسێيەمى هۆنراوەكەيا ئەڵێ:

خوا كەى بولبولى باغى سەرا هەرچەنده پاييزه ..........................لەدەورم مەيتيان ريزه

ئەبينين وشەى (پايز)ى به دو (يى - ز) نوسيوه! بۆئەوەى لەگەڵ سەرواى (رى - ز)دا بگونجێ!

هەمو ئەوانه نيشانەى ناتەواوى و لەنگين لەو هۆنراوەيەدا كه گۆران ويستوێتى بەو پينەوپەڕۆيه راستيانكاتەوه! جا ئەگەر لەپێناوى هۆنراوەيەكا، بەوجۆره زمان بشێوێنرێ! هەمو كۆلكه خوێنەوارێكى بێ بەهرەش، ئەتوانێ هۆنراوه بڵێ....... ژێر)

هەندرێن لەسەر نوسينەكەى ئەڕواو ئەڵێ:

**3-زۆر رستەى بەهێزى تيايه بەڕادەيەک هەنديكى گەيشتۆته لوتكه لەئەدەبى كورديا، بۆنمونه:**

**خواكەى بولبولى باغى سەرا!! هەرچەنده پاييزه**

**بەخوێنى خۆم گوڵت بۆ ئاو ئەدەم سا بۆم بلاوێنه**

**لەگەڵ ئەو جوانە پاکانەی لەدەورم مەیتیان ریزە**

**لەخوێنا وێنەی شێواویان بە دایکمان بناسێنە** (گۆران ل267،266)

(دێری یەکەمی ئەم پارچە هۆنراوەیە، هیچی بەسەرهیچەوەنیە! وشەی یەکەم (خواکەی) لە جێگەی خۆیانیەو هیچ واتایەک نابەخشێ! وشەی (پاییز)یش لە دو روەوە هەڵەیە. یەکەم: 6 ی ئەیلول ئەکەوێتە هاوینەوە نەک پایز. دوەم: وشەکە بە یەک (ی) ئەنوسرێ نەک دو. ئەگەر لەجیاتی ئەو دێرەی سەرەوە، بیوتایە (دەسا ئەی بولبولی خەمبار کەتۆش ئێستا دڵت زیزە) ئەوسا رستەکە بەهێزئەبو، لەنگیی تیانەئەما، لەوەش رزگاریئەبو کە 6ی ئەیلول ناکەوێتە پایزەوە، ناچاریش نەئەبو پایز بە دو(ی) بنوسێ ------ ژیر)

ئەوەتا، ب. هەندرێنیش ئەڵێ:

**هەرچەندە 6ی ئەیلول ئەکەوێتە هاوینەوە یان 15رۆژی ماوە بۆ پایز بە پەیرەوی نەورۆز لەبەر ئەوەی 21ی ئەیلول پایزە. ئەبوایە گۆران تێبینی ئەم راستییەی رەچاوبکردایە لەبەرئەوەی زیاتر لەهەمو شتێک خۆی بە سروشتەوە بەستۆتەوە.**

**هەرچەن ئەم هەستە لەساڵەکانی دوایی ئەم هۆنراوەیە لەگۆرانا سەری هەڵدا.**



**وەنەبێ شاکاریتریشی نەدابێ بەدەستەوە. لەهۆنراوەی شەهیدا ئەم چوار رستەیەش ئەگەر لەلوتکەدا نەبێ بە شاکار ئەژمێردرێ کەئەڵێ:**

**لەباوەشتا پشوی عومرم نەدی تاوێ بەسەربەستی**

**هەتا مردن زرەی زنجیری دیلیبو لە گەردنما**

**ژیانم عارو زیللەتبو لەژێر پێڵاوی دوشمنما**

**بە خوێنبێ و، گڵ هەڵی لوشێ، کەوابێ هەیکەلی هەستی** (گۆران ل266)

لەم پارچە هۆنراوەیەشدا، بەکارهێنانی وشەی (عار) لەدێری سێیەما، لەجێیخۆیانیە! عار، واتا: ئابروچون، نەنگی، شورەیی. ئەوە بۆ تێکۆشەرێ نابێ بە عار کەبکەوێتە ژێر پێڵاوی دوژمنەکەیەوە. بەڵکو ئەوە بە سەربەرزی ئەژمارئەکرێ بۆی. بۆنمونە: ژیانی ئەو زیندانە سیاسیانەی لەژێر پۆستاڵی جەندرمەکانی بەعسدابون و نەروخان یا شەهیدبون، نەبوە ئابڕوچون و شورەیی و نەنگی بۆیان، بەڵکو بوبە لاپەڕەیەکی گەش بۆیان. جائەگەر گۆران بیوتایە، بۆ نمونە : (ژیانم سەخت و زیللەتبو لەژێر پێڵاوی دوژمنما) ئەوا ئەو چوارینەیە ئەوەی هەڵئەگرت پێیبڵێی شاکار ------- ژیر)

هەندرێن لەسەر وتەکانی ئەڕواو ئەڵێ:

4-هونراوەیەکی شاکاری مەلحەمییە بەلایەن سەردەمەکەیەوە، ئەگەر بهاتایە لەدەرفەتی خۆیا بڵاوبکرایەوە، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدیئەهێنا بەتایبەتی لەروانینا بۆ رەمز کەلەوەدەمەدا چاوی هەڵنەهێنابو لەئەدەبی کوردیا.

هەرچەن هۆنراوەکە  خۆیی و خێڵەکییە زیاتر لەئەوەی رەمزیبێ وەک لەجێگەیەکیتری ئەم باسەدا پەنجەمان بۆراکێشاوە.

5-هۆنراوەی شەهید پێش عەولە سیسەی ژێر کەوتوە چ بەمێژو چ بەبڵاوکردنەوە.

6-لەهەندێ جێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەسنیشانی هەندێ لایەنی بەهێزی هۆنراوەی شەهیدمان کردوە، بەپێویستینازانم دوبارەی بکەمەوە.

بەپێی بۆچوونی بەراوردەکەمان نۆرە دێتە سەر عەولە سیسەی ژێر. لایەنە سەرکەوتوەکانی دیاری بکەین بەپێی بڕکردنی پێنوسەکەمان:

1-رێبازی هۆنراوەی نوێی گرتوە، هەوڵدانێکی تەواوی پێوە دیارە لەبارەی بەکارهێنانی وشەی ناسک و کوردیی پەتییەوەو مۆسیقاوە تەواو رازاوەتەوە. ئەم راستییانە لەشەهیدا بەدیناکرێ هەرچەن ساڵ و سەردەم دەورێکی باڵای هەیە لەئەم روەوە.

2-سەرکەوتنێکی چاپوکانەی بەدیهێناوە لەگوێزانەوەی راپەڕینی 6ی ئەیلولا بۆ هۆنراوە چ لەناوەرۆک چ لەلایەنە هونەریەکەدا.



سەرتاپای هۆنراوەکەی شاکارە لەئەدەبی کوردیا، بەڵام بەلای ئەوانەوە هەڵئەستن بەلێکۆڵینەوەوەیئەدەبی کوردی، لەبەرئەوەی ژێر هەڵگری بیروباوەڕی لەدەرەوەهێنراو نیە، خراوەتە پشتگوێ و لەهۆنراوەکانی نەکۆڵراوەتەوەو نیشانەی شاکاری بۆنەکراوە.

3-هۆنراوەکە لەسەچاوەی بیرێکەوە هەڵقوڵاوە کە کوردایەتییە وەک بیروباوەڕو فەلسەفەیەک پیشانی ئەدا. هەست و گیانی راپەڕینەکەو خۆپیشاندەرەکان هەر ئەبەستێتەوە بەو بیروباوەڕەوە کە واقیعەکەی وابوە، بە مو لەدروشمی خۆپیشاندەرەکان لاینەداوە.

4-سەرانسەری ئەم بەراوردە بریتییە لەلایەنە سەرکەوتوەکانی عەولە سیسە. نامەوێ بۆجارێکیتر ئەو وشانە دوبارەبکەمەوە.

وەک چۆن پلەی سەرکەوتنی هەریەک لەو هۆنراوانەمان دیاریکرد، پێویستە وەک رەخنەگرێک دەسڕاکێشین بۆ لایەنە لاوازەکانیان، هەرچەن ئەم راستییە لای هەندێ لەو کەسانەی خۆیان بەلوتکەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی ئەزانن، وا پیشانئەدەن جیهانی گۆران جیهانی رەخنەنیە! بەڵام ئێمە ئەم ئەفسانەیە بەتاڵئەکەینەوەو ئەچینە دنیای گۆرانەوە، نەک هەمو هۆنراوەکانی، تەنیا هۆنراوەیشەهید. ئەڕوانین بۆ ئەو لاوازیانەی تیابەدیئەکەین:

1-پڕە لە وشەی سادەوساکارو قسەی روتی ناوبازاڕو سەر دەمی خەڵکی نەک ئەدەبی. دورە لەپەیڕەوی زمانەوانیی کوردییەوە. ئەم وشانە مشتێکن لە خەروارەکەی هۆنراوەی شەهید: (غریوە،

**قریوه،جەمع،حكومەت، تەسبیت، ئینتیخاباتت، قوەت، دەنی، قازانج، هیچ، موبالات، تەمسیل، رەئی نواب، غەرەز، دەركە، شەق، مەشروع، جوملە، ئامال، تەجاوز، ئەمنیەت، عەسكەر، قەتڵی عام، رجا، جادە، نەیسمی، دەور قەڵب، قەومەكەی، زابت، قرچە، زەلا، خپ، سەنگ/ سەند، نەفەر، خواحافیز، عومر، عار، زیللەت، مەیت، گڵ هەڵی لوشی، نەعش، وەزیفە، هەتیو، ئەو وەل)**

**ئەم وشە لاوازانە لەهۆنراوەی شاعیرانیتری ئەوسەردەمە بەدیناكرێ وەک شێخ نوری شێخ ساڵح،پیرەمێرد، بێ كەس، سەلام،حەمدی، ئەخۆل، ئەحمەد موختار بەگی جاف، عەلی باپیر ئاغا، عەلی كەمال. بگرە ئەو شاعیرانەی ناوبانگیان بە شاعیرانی كلاسیكی و بەكارهێنانی وشەی بێگانە هەیە وەكو بێخود، زێوەرو رەمزی مەعروف تا شاعیرە میللییەكانی وەكو مەلا حەمدون و قانیع و موفتی پێنجوینی خۆیان دورەوپەرێزگرتوە لەم وشە لەنگ و كاڵوكرچ و وشكانە ئەگەرچی هەركامیان لەپلەی سەرەتای هۆنراوەیاندا بوبن. بەڵام ئەو هەڵوێستانە بو بەهۆی ئەم سەرنجانە:**

**ا-زوربەی ئەوانەی خۆیان بەپسپوری لێكۆڵینەوەی هۆنراوەی كوردی ئەزانن، ئەم هۆنراوەیەیان لەڕیزی لوتكە"ی هۆنراوەی كوردیا داناوە هەتا نەک هۆنراوەی گۆران.**



**ب-بەو بایەخەوە نەكەوتۆتە بەر رەخنە، ئەگەر كەسێک ویستبێتی رەخنەیەک بگرێ، سوپەرمانەكانی لوتكە داویانەتە بەر ئەو چەكەی (گۆرانی لوتكە گۆرانی رەخنەنیە) هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی پەنجەی رەخنەی بۆدرێژنەكرێ.**

**2-هەندێ رستەی هۆنراوەكە وەک هۆنراوەیەكی كلاسیكی وایە كەشاعیر دڵدارەكەی بە شەهێن و باز ئەچوێنێ و بەوەش مافی بەواقیعەوە نامێنێ. گۆرانیش ئەڵێ:**

**شەقەی شەستیرو قرچەی دەسترێژو هەڵمەتی سونگی**

**بەخوێنی وردی بێتاوان شەپۆلی خستە سەر جادە**

**نەما جوانێ كە سونگی نەیسمیبێ سەدكەڕەت سنگی (گۆرانل 266)**

**گۆران مەبەستی لە هەڵمەتی سونگی چیبێ؟ شەڕی دەستەویەخە؟ سونگی وەک خەنجەر و شمشێر شەڕی دەستەویەخەی پێئەكرێ. ئەو پێش سونگی باسی شەستیرو دەسترێژ ئەكا. ئەگەر ئەو رستەیە شیتاڵ بكرێتەوە، ئەوەیە فەرمانڕەوا لەپێشەوە تەقەیكردوە ، دوایئەوە سەربازو پۆلیسەكان شەستیرەكانیان داناوەو هاتون بەسونگی لەجەماوەرەكە بەربون!!! یاخود بەسونگی هەرزەكارەكانیان كوشتوە وەكو گۆران ئەڵێ: (نەما جوانێ كە سونگی).بۆ پیرەكانیش شەستیریان بەكارهێناوە!! ئەمەش دەسكردی ئێمە نییە، گۆران خۆی ئەڵێ (نەما پیرێ لەڕیزی گوللە بوبێ قەلبی ئازادە!!)**

راستییەکەی، جەماوەر یەخەی فەمانڕەوایگرت لەپێناوی چارەنوساو ئەویش گوللەی بەکارهێنا بۆدامرکانەوەی خۆپیشاندانەکە. ئەگەر سونگی بەکاربهێنایە، ئەوا جەماوەرەکە بەخەنجەر ئامبازیانئەبون وەک خەنجەرەکەی عەولە سیسە! جارێکیتریش ئەڵێین ئەو رستانەی گۆران لەفەرهەنگی 6ی ئەیلولا بەئاستەمێکیش بەدیناکرێ.

بابچینەنەسەر شیکردنەوەی چوار رستەکە: گۆران لەسەرەتای هۆنراوەکەیا ئەڵێ: (هەڵۆ بەگ لەپێش جەمعێکەوەهەڵمەتی هانی) پێشتر وتمان جەمع لە 100 کەسێک تێپەڕناکا. دوایی ئەڵێ (وردو جوان و پیر) کە رەگەزی مێش ئەگرێتەوە، ئەوەش مانای هەمو جەماوەرە. دە ئەوە دورە لەواتای 100 کەسێک!

4- نامەوێ جارێکیتر دوپاتی ئەو لاوازی و کەموکوڕیانە بکەمەوە کە پێشتر پەنجەم بۆراکێشاون.

*

وەنەبێ بەرامبەر شەهیدی گۆران، عەولە سیسەی ژێریش لەلاوازی و کەموکورتی بێبەریبێ. یا رزگاریبێ لەداسی پێنوسەکەمان :

1-زۆر وشەی لاواز لەهۆنراوەکەدا دەرئەکەوێ کەکارئەکاتە سەر هەمو هۆنراوەکە. بۆنموەنە ئەم دو رستەیە:

ماوە نەدەی نەکو دەرچێ    ئەم خوێنە زۆرەی تیابچێ (کوردایەتی ل54)



سەرەڕای لەنگی ئەم وشە لاوازانە رەچاوئەکرێ وەکو(نەکو، دەرچێ، بچێ)لەبارەی زمانەوانییەوە لەجێگەی خۆیانییە بێجگە لەساکاری گیانی مۆسیقاشی تیانیە.

2-زۆر وشەی بەکارهێناوە پەیڕەوی رێنوس و رێزمانی تیا نەکردوە بۆ نمونە:

لەجیاتی دەرگای سەرا ئەڵێ دەرکی سەرا

یا پەیمان و دەست ئەڵێ پەیمان و دەس

یا دەرچێت ئەڵێ دەرچێ

یا بچێت ئەڵێ بچێ

یا نەوەک ئەڵێ نەکو

جەستەو لەش هەردوکیان بەمانای لەش دێت

3-دو رستەی بەکار هێناوە لەهۆنراوەکەیا لەجێگەی خۆیا نیەو بۆشاییەکی فراوانی خستۆتە هۆنراوەکەوە کە ئەڵێ:

پەیکەرێکیش جوانتر لە گوڵ    ئەکەین بۆ یادی کاک عەول (کوردایەتی ل55)

جوانی گوڵ بۆ رەگەزی جوان ، وەک عەرەب ئەڵێت بۆ جنس الجمال بەکار دێ کە ئافرەت و شتەکانیتر ئەگرێتەوە . بەڵام بۆ پەیکەر،

**هەڵئەسەنگێنرێ و رێزی لێئەگیرێ . لەرێزلێنانیشدا نرخی مادەکە دیاری ئەکرێت وەک کامەران موکری ئەڵێ:**

**ئاخۆ کەیبێ کورد لە گەوهەرلە یاقوت بۆی بکا پەیکەر**[72]

**رێز لێنان بەم رەنگە دیاری ئەکرێ نەک بە جوان گرتن- ئافرەت، یا گوڵ، یا دیمەن هەتا مرۆڤیتر بە جوانی دیاری ئەکرێ بەڵام قارەمانێک یا سەرکردەیەک، شاعیرێ، نوسەرێ، هونەرمەندێ، شەهیدێ بەقارەمانییەکەیان دیاری ئەکرێن. لە رێزلێنانیشا بەپێی نرخی مادەکە راستییەکان خۆیان ئەسەپێنن نەک رتوش بکرێبەجوانی. لەمبارەوە ژێر سەرکەوتنی بەدی نەهێناوە لەئەم رستانەدا، هۆنراوەکەی شایانی رەخنەیە وەک چۆن دیوە شاکارەکانمان دیاریکرد.**

**4- بێجگە لە ئەم خاڵانە، لەهەندێ جێگەیتری ئەم بەراوردەدا بەشێوەیەکی رەخنەسازی چەن لاوازییەکی هۆنراوەی عەولە سیسەمان دیاری کردوە. بەپێویستی نازانم جارێکیتر بینوسمەوە تەنیا سەرنجی هەمو لایەکی بۆ رائەکێشم تا پیا بچنەوە.**

( بۆ ئەوەی کەس بەهەڵەدا نەچێ، بەپێویستی ئەزانم لەبارەی ئەو رەخنانەوە، ئەم رونکردنەوانە پیشانبدەم، پێشتریش لەجێگەی خۆیا وەڵامی رەخنەکانیتریم داوەتەوە :

1-سەبارەت-لەنگی- پێشتر ئاماژەیەکم بۆکردو لێرەشا زیاتر پێ لەسەرئەوە دائەگرم کە لەهیچ هۆنراوەیەکی منا لەنگی نیە.



من هۆنراوەم بەهەڕەمەکی نەوتوە. خوێندنەوەو شارەزاییم لە کێشی عەروزو کێشی پەنجەدا هەیە. ئنجا کاک لەتیفی رەوانشاد هیچ بەڵگەیەکی پیشاننەداوە بۆ لەنگی یا پەنجەیەکی نەخستۆتە سەر لەنگییەک. هەر لەبەربورە ئەڵێ لەنگە! ئەگەر ئەوەی بکردایە، منیش قسەی خۆم ئەبو. هۆنراوەی عەولە سیسە، لەسەر کێشی پەنجەی 8 بڕگەییە، هەمو دێڕەکانی ئەو هۆنراوەیە هەشت بڕگەیەو لەنگییان تیانیە. لە وەڵامێکی پشترما ئەم لایەنەم زیاتر رونکردۆتەوە.

2-بۆ وشەکانی: (نەکو، دەرچێ، بچێ)ش، ناڵێ بۆچی لاوازن یا ناتەواوی زمانەوانیان چیە، تامنیش بڵێم ـ وایە یا وانییە. پێشتریش وتم: گرنگ ئەوەیە وشە لەجێگەی خۆیا بەکاربهێنرێ، بەوە ئەبێتە ئەو بەردەی لەجێگەی خۆیا سەنگینە.

3- من نەم وتوە : پەیکەرێکیش لە گوڵ یا وەکو گوڵ. وتومە جوانتر لە گوڵ. جا جوانتر لەگوڵ، ئەشێ برۆنز، یاقوت، گەوهەر، یائاڵتونبێ. . وشەی جوان یا جوانی، مەرجنیە هەر بۆ ئافرەت بەکاربهێنرێ. بۆ نمونە ئەوترێ: باڵەخانەیەکی جوانە، یا باخێکی جوانە، یا کراسێکی جوانە، یا رەوشتی جوانەو...هتد ئەشتوانی بڵێی پەیکەرێکی جوانە، واتا جوان دروستکراوە. یا پەیکەرێکی جواننیە، واتا جوان دروست نەکراوە گەرچی لەئەڵماسیش دروستکرابێ. چەن دەیەیەک لەمەوپێش لەشەقامێکی سلێمانی پەیکەرێک بۆ رێزلێنان لەپیرەمێردی نەمر دروستکرا، ئەوەندە ناشیرین دروستکرابو، خەڵکی ناویاننا مەیمونەکەی فلان شەقام. شارەوانی بەپەلە لایبرد!

4-سەبارەت کێش و مۆزیک  کە لەهەندێ شوێنا ئاماژەی بۆکراوە، ئەڵێین: کە هۆنراوە، کێشی تەواوبو، واتا مۆسیقای تەواوە. واتا ترپە (ایقاع)ی تەواوە.کێش و ترپە یەک واتایان هەیە. ئەم راستییە زیاتر لە کێشی عەروزا دەرئەکەوێ. ئەو هۆنراوانەی (زەحاف و عیلەل) یان تیابێ،ناڵێین ترپەیان تیانیە، بەڵامترپەکەیان ساز نیە. ئەمە باسێکی درێژە. ساڵی 1990 بەشی یەکەمیم لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێدا ژمارە 126 بڵاوکردەوە. دوای ئەوە گۆڤارەکە لەدەرچون وەستا. ئنجالەپاشبەندی دیوانی (هەڵبەستەکانی ژیر)ا- چاپی سوید، 1993 کە دەزگای چاپەمەنیی رۆژ لەسوید لە 463 لاپەڕەدا کۆیکردۆتەوەو لەچاپیداوە، لە لاپەڕەی 429 تا460وەک وتارێ بەناونیشانی پراوەکانم لەهەڵبەستداو وانەیەک لەبارەی هەڵبەستەوە، بەدرێژی لەوبارەیەوە دواوم. لەکۆتایی ئەم پەرتوکەشا، پەراوێزی ژمارە 102 بەهەندێ دەسکارییەوە، کورتەیەکی دوبارەئەکەمەوە، ئەمەش بەپێویست ئەزانم، چونکە ئەو دیوانە، بەهۆی گەورەیی قەبارەکەیەوەو قورسیی کێشەکەیەوە ، تەنیا 20 دانەیەکی گەێشتە کوردستان، واتا کەم کەس بینیوێتی، بابەتەکەش بۆئەوانەی ئەخوازن زانیارییان لەسەر زانستی هۆنراوە هەبێ، بەسودە[102].

5-لەبارەی بەردەرکی سەراوە،خەڵکی سلێمانی ناڵێن بەردەرگای سەرا، هەر ئەڵێن بەردەرکی سەرا، مەرجنیە بەردەرکی سەرا، لەبەردەم دەرگای سەراوە هاتبێ.خۆئەگەر لەویشەوە هاتبێ، ئەوا گۆڕانی بەسەرا هاتوە. پێشگری(بەر) واتایتریش ئەگەیەنێ وەک: بەرهەتاو(واتا لە ژێر هەتاوا نەک لەبەردەمی هەتاوا)یا بەرزنجە، بروانن ئەو پێشگرە چۆن وشە ئەگۆڕێ. ئەشێ ئەو وشەیە لەنەژادا (زنج یا زنجەکە)بوبێ، بەڵام کە پێشگری (بەر)ی چۆتەسەر، بوە بە (بەرزنجە) واتا،



زنج یا زنجەکە، گۆڕانی بەسەرا هاتوەو بۆتە زنجە، دواییش: بەرزنجە.

. کورد لەجێگەی تریشا وشەی دەرک بەکارئەهێنێ وەک لەم هۆنراوە فۆلکلۆرییەدا بەکارهاتوە (ئەو کچە لەو ماڵە قەولیداوە پێم   دەرکی دەروازەی داخراوە لێم). لە دیوانی سەرجەمی بەرهەمی گۆرانیشا، لاپەڕە 265 نوسراوە (شەڕی بەردەرکی سەرا).

6-بۆ وەڵامی رەخنەکانیتری، ئەڵێین: پەیمان و دەس، راستترە لە پەیمان و دەست. دەست واتا یەد، دەس لەدەسیسەوە هاتوە واتا پیلان و دزەکردن.. پیتی ت کە ئەکەوێتە کۆتایی وشەوە وەک (دەرچێت، بچێت)راستە وایە ئەوە نەژادی وشەکەیە. بەڵام بۆ کورتکردنەوە ئەتوانرێ هەندێجار بقرتێنرێ. بەتایبەتی ئێستە هەمو شت بەرەو کورتکردنەوە ئەڕوا، ئەوە جگەلەوەی ئەو وشانە بەبێ ئەو تییە، مۆزیکی خۆشترە، خەڵکیش گێل نییەو ئەزانرێ وشەکە لە بنەڕەتدا چۆنبوە. هەر بەوجۆرە، لەجیاتی دەنکێک، باشتر وایە بنوسی دەنکێ. لەکاتی خۆیدا، بنوسی لەکاتی خۆیا، مەگەر لەناچاری و بۆپێویستیی زمانەوانی، ئەوپیتانەی وەک (ت،ک،د) بەکاربهێنرێن.. لەجیاتی نەوەک، نەکوش ئەوترێ، هەردوکیان راستن.. جەستەو لەش، راستە یەک واتایان هەیە، بەکارهێنانی هەردوکیان پێکەوە لەو هۆنراوەیەدا، واتای جەخت- تەئکید ئەگەیەنێ.

7-لەجیاتی بەکارهێنانی 2 واو، 1 واو بەکاربهێنرێ باشترە. من لەم پەرتوکەدا هەمو 2 واوەکانم کردوە بە 1 واو، ئەشزانم 2 واوەکە راستترە، بەڵام 1 واوەکە، جێ کەمترئەگرێ. خوێنەرەوەی ئەمڕۆش ئەوەندە وریایی هەیە کە ئەو راستییە

بزانێ . هەوڵیشئەدەم ئێستەودوا هەمیشە 1 واو بەکاربێنم. با وانەیەک لەڕێنوسی عەرەبی وەرگرین کە سەرو بۆرو ژێر نانوسن لەبەر هەمان هۆ و خوێنەرەوەش لەخوێندنەوەی وشەکانا ئەو سەرو بۆرو ژێرانە بەدەنگ دەرئەبڕێ ....ژێر )

*

ب. هەندرێن دێتە سەر بابەتی حەتەم :-

# 7-لەبەردەم رەخنەگرانا

**نزار قەبانی لەپەڕاوەکەیا، قصتی مع الشعر، بەرامبەر یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەی، قالت لی السمراء [٧٣]، نوسیبوی: (یەکەم چاپی بڵاوکرایەوە، هەر لەگەڵ لەدایکبونی، مێژوییەکان دژم وەستان، رەتیانکردەوە، لەیەکەم وشەوە بۆ دوا رستە. هەتا ناونیشانەکەی، ناوەخنەکەی، وێنەی بەرگەکەی! بەدڕندەیی هەڵمەتیان بۆهێنام! ئەز گۆشتەکەم ناسک و ئەوان چەقۆکانی دەستیان تیژو کاریگەربو. روشان و زام زیاتر ورەیان پێدام و ئەوەندەیتر قینیان پێگرتم و پێنوسەکەیان پێ تیژکردم و پێموتن:**

**ئێمە ئەنوسین و رەچەڵەک ئەشکێنین، شکاو ئەبێ بقیژێنێ و بەرگری لەخۆیبکا[٧٤])**

**لەلێکۆڵینەوەی ئەدەبیی کوردیا، پەنجەڕاکێشان بۆ دنیای گۆران، بەو شێوەیەی نزار، ئەبێ نوسەرەکە چاوەڕوانی چەقۆی تیژو**



**کاریگەرو پلاری ناشیرینبێ! ئەوانەی لەدنیای لێکۆڵنەوەی ئەدەبیی کوردیا، پلەی لوتکەیان گرتوە، گۆرانیان لەسەر رەفەیەک داناوەو ئەڵێن ئەبێ لێکۆڵینەوەی رەخنەیی لەدەرەوەی هۆنراوەی گۆرانبێ. پێنوسەکانی خۆشیان تەرخانە بۆ پیاهەڵدانی گۆران!. ئەگەر خوانەخواستە پەنجەیەک بەرەخنەوە درێژبو بۆ ئەو دنیایە، بەهەمو پەلاماریئەدەن و بەچەقۆیەکی زۆر تیژ ئەیبڕن! هەتا جارێکیتر سەرهەڵنەداتەوەو توخنی هۆنراوەی گۆران نەکەوێ لەبەرئەوەی گۆران گۆرانی لوتکەیە!!**

**ئەگەر ئەو پەنجەیە بەلێکۆڵینەوەیەکی زانستانە هەمو دنیای گۆران یەکاڵابکاتەوەو بەرەخنەکانی قنیات بەهەموکەسبکا، ئەوان هەر پەتی بۆهەڵئەواسن وەکو حەلاج (انا الحق)[٧٥]یشبێ هەر ئەیخنکێنن.**

**گۆران وەک شێرکۆ بێکەس ئەڵێ (گۆرانی لوتکەیە)[٧٦] وەنەبێ دنیای لوتکە دنیای رەخنەنەبێ. ژێر لەپێشەکیی نازەنینا، گرنگی بەگۆران لەهەمو شاعیرانی کورد زیاترداوە[٧٧] لەدەمێکا گۆران لەناوجەرگەی مارکسیەتابوەو ژێر هەنگاوی بەرەو بیروباوەڕی نەتەوەیی ناوە .**

**گۆران پێش هەمو وشەیەک گەورەترین شاعیری ئەم سەردەمەیەو ناسراوێکی جیهانییە، خاوەنی کودەتایەکە لەهۆنراوەی کوردیاو پێیئەڵێن خوای قوتابخانەی هۆنراوەی نوێ. بەمانا ئەبێ لەکوردەوە دەسپێبکەین بۆ گۆران، نەک لەگۆرانەوە بۆکورد. لەبارەی (بروا)وە بەهەرلایەکا سوڕابێتەوە ئەوەندە تاپۆکراوی ئەو لایەنەیە**

**لەدەرونەوە بڕواکەیان فەرامۆشنەکا، لەوەزیاتر هەمو شتێکیتر مافی نەتەوەیە. نەتەوە باوەڕی بە لوتکەیی گۆران هەیە لەگەڵ دانپیانان بەو لوتکەیەدا لەکەمترین هەڵەی گۆران نابورێ و وەکو خۆی ئەخرێتە بەرچاو.**

**بۆسەلماندنی ئەم راستییە، گەڕانەوە بۆ گۆران خۆیەتی بەهەڵسەنگاندنی پیرەمێرد بە دو شێوە:**

**یەکەمیان: پیرەمێردی کەڵە شاعیری کوردی گەیانە لوتکە، لەنامەیەکیا لە4/نیسانی/1932دا نوسیبوی:استادی محترم، رەنگە لەبیریشتان چوبێت هاوینی رابوردو لەدوکانی حمە ئاغای عطار بە ملاقاتێکی بچوکتان فیضی گەورەم چنگ کەوت بە ملکە شعرم لە ضمنی تشریق متفائل بوم..هەرچەن ئەم التفاتەم حرفیا بە جدی وەرنەگرت بەڵام لەشخصێکی صلاحیدارو تجربەدیدەی شعرەوە صادربوبو ، حاشاناکەم قوەتێکی موثری بەهیوام بەخشی)[79]. لەو قۆناغەدا گۆران رێبازی پیرەمێردی بەقوتابخانەیەکی گەورە زانیوەو پیرەمێرد بەمامۆستایەکی مەزن.**

**دوەمیان: لەساڵی 1961دا گۆران پاشگەزبوەوە! لەنامەیەکا هەتا دان بەشاعیرێتی پیرەمێردانانێ! بەڕێکخەری داناوە نەک شاعیر! وەک ئەڵێ: پیرەمێرد لەئەستەمبوڵبو، زیاتر شێعری مەولانا خالیدو مەولەویی تەرجومەئەکردو بڵاویئەکردەوە. شێعری پیرەمێرد**



**فۆڵکلۆری کورردی هەڵبەستی شێوەی گۆرانی تەئسیری تێکرد، پیرەمێرد قوتابخانەیەکی تایبەتی نەبو)[80].**

**لەسەر ئەم رستانە کەس لەگۆران رانەپەڕی، بەئەوپەڕی سنگفراوانییەوە بۆیانبڵاوکردەوە. بەڵام د. عیزەدین لە پەڕاوەکەیا ئەڵێ: (کامەران لەڕێبازی هۆنراوەی نوێدا رێگای هۆنراوەی پیرەمێردو گۆرانی گرتوە[81]. لەدەمێکا ئەم رستەیەی عیزەدین دوای مەرگی گۆران بە 5،6ساڵبوە[82] دوایئەوە لەساڵی 1970دا ئەو رستانەی گۆرانی[83] دیوە بەڵام تائەمڕۆ ساڵی 1982 پەنجەیەکی بۆئەو رایە درێژنەکردوە چ بەهەڵسەنگاندن چ بەرەخنە! بەمەرجێ عێزەدین پیرەمێردی پێش گۆران خستوە لەپەڕاوەکەیا!**

**هۆنراوەی شەهید دەرفەتەکەی لەگەڵ ئەو نامەیەدا بۆ پیرەمێرد، تەنیا 5 مانگیان جیاوازە. مانای کۆرپەی ئەو سەردەمەیە کەسەرەتای سەرهەڵدانی گۆرانبوە لەهۆنراوەدا نەک لەڕێبازی هۆنراوەی نوێ و باوەڕی چەپڕەوی. بەڵام لەساڵی 1961دا گۆران گەیشتە لوتکەو پیرەمێردی رەتکردەوە! ئایا ئەبێ باوەڕ بەگۆران نەکەین کە مەبەستەکەی لەواقیعەوە هەڵهێنجاوە!؟ لەلایەکیترەوە ئەگەر پیرەمێرد شیاوی رەخنەبێ ! لەلایەن گۆرانەوە کە رۆژێ بە استادی داناوە! ئەی گۆران بۆ شایانی رەخنەنەبێ؟**

**لەدنیای رەخنەدا پاشگەزیی رەخنەش هەیە. ئەو پاشگەزییە رەخنەی زۆر فراوانکردوە. بۆ نمونە بەدوای کارەساتی 5 حوزەیرانی**

1967عەرەبا، نزار قەبانی هۆنراوەیەکی بڵاوکردەوە بەناوی(هوامش على دفتر النكسه)[84] دنیای عەرەبی هەژان!! بەڵام نزاری شاعیری گەرمنەکرد! گەیشتە رادەیەک هۆنراوەکە بەندکرا! لەسنوردا گرتیان! لەزوربەی وڵاتانی عەرەبا، وەک قاچاخچی تلیاک و هێرۆیین، لەگەڵیا جوڵانەوە! کۆماری عەرەبی یەکگرتو، میسری ئیمڕۆ، یەکێبو لەو وڵاتانەی پەساپۆرتی تێپەڕبونیان لێسەن! لەو دەمەدا نزار نامەیەکی بۆ جمال عبد الناصر[85] نوسی و لەگەڵ دەقی هۆنراوەکەدا بۆینارد. دوای پیاچونەوە بە هۆنراوەکەدا لەلایەن عبد الناصرەوە، هەمو ئەفسانەکانی بەتاڵکردەوەو بەربەستەکانی لەبەردەما شکان. رەخنەگرەکانیش کەناریانگرت، هۆنراوەکە گەیشتە لوتکەو دەستاودەستی پێئەکرا، هەمو وڵاتە عەرەبییەکان باوەشیان بۆکردەوەو لەهۆڵە گشتییەکاندا دەسکرا بەخوێندنەوەی. لەرەخنە تێپەڕی و بەرزبوەوە بۆ هەڵسەنگاندن و هەڵوێست! راستی هەڵوێستیش ئەوەیە نوسین نابێ لەگێژاوبێ، بەڵکو ئەبێ هەڵبسەنگێنرێ ئەودەمە بریاری لەسەربدرێ.

ئێمە وەنەبێ دنیای گۆرانمان خستبێتە ژێر باری رەخنەوە، بەڵکو تەنیا هۆنراوەیەکیمانبەناوی شەهیدەوە بەراوردکردوە لەگەڵ هۆنراوەی شاعیرێکیترا بۆیەک مەبەست و روداو وتراون، بەڵام لەسەنگا سەرەوخوار ئەوەستن

.بەمانای هۆنراوەی دوەم کە عەولە سیسەی ژێرە، زۆر قورسترە لەهەمو بارێکەوە. هەر ئەو سەنگەش هۆنراوەکەی گۆرانی گەیانە



رەخنە لەسەرانسەری ئەم بەراوردەدا. لەلایەکیترەوە گۆران خۆی رێگای تەختکردوە بۆڕەخنە لەم هۆنراوەیەو هاودەمەکانی لەدەرفەتی خۆیاو لەپێشەکی دیوانەکەی بەهەشت و یادگارا کەئەڵێ:(لەکاتی نوسینەوەو ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیەدا بۆچاپ، لەشێعرە کۆنەکانا هەندێ وشەی تعبیری چەوت توشهاتم ئەمتوانی بیانگۆڕم بەوشەی کوردیی پەتی یان بەچەشنێکی پەسندتر دڵگیرتر دەسکاریانبکەم، بەڵام ئەمە لەباری سەرنجی ئەو کەسانەوە کەبەشوێن لێکۆڵینەوەی تەئریخی ئەدەبی کوردی و چونیەتی گەشکردن و گۆڕانی زمانی کوردیا ئەگەڕێن زیانی زۆرترە لە سود[86])

هەرچەن بەهەشت و یادگار هۆنراوەی شەهیدی نەگرتبوەخۆی بەڵام لەریزی ئەو هۆنراوانە ئەبژێردرێ بەپێی ساڵ کەهاودەمی سییەکانن هەروەها راگەیاندنێکی رۆژنامەیی گۆران کەوتبوی (تادەوروبەری ساڵی 1938 بەرەو سەرتر بەتایبەتی شێخ نوری و رەشید نەجیب و من پێکەوە بە ئەدەبی متاسیربوین پێکەوە ئەماننوسی تەنها شێخ نوری شێعرەکانی بڵاو ئەکردەوە من بڵاوم نەئەکردەوە[87])

ئەم راستیە رامانئەکێشێ بۆ سەپاندنی شەهید لەسەر ئەو هۆنراوانە پێش گەشەکردنی گۆران یا هەنگاونان بۆڕێبازی نوێ.

ئەو هۆنراوەیە ساڵ 1932بوە، گۆران هەتا ساڵی 1938 هۆنراوە تازەکانی بڵاونەکردۆتەوە هەرچەن هۆنراوەی شەهید بۆیەکەمجار ساڵی 1959بڵاوکراوەتەوە[88]. لەلایەکیترەوە ئەگەرچی

ئەو هۆنراوەیە لەبارەی ناوەرۆکەوە بڕوانێ بەلای ڕۆمانسیەتا، بەڵام لەکێش و قافیەدا هەتا رستەو وشە نەک بڕوانێ بەلای کلاسیکیەتا بەڵکو دەقاوەەق کلاسیکییە . ئەوەی ئاشکرابێ گۆران لەهۆنراوەی کلاسیکیا سەرکەوتنی بەدینەهێناوە هەروەک لەپێشەکی بەهەشت و یادگارا خۆی پەنجەی بۆ راکێشاوەو ئەڵێ: (بابێزاری خۆشم لەولاوە بوەستێ لەتەقەلای شاردنەوەی خەوش و ناتاواویەکانا. بەچەشنێکی لەئەندازەبەدەر[٨٩]). ئەم وشانە تێڕوانینی گۆران خۆیەتی پێوانەکەی لەجێگەی خۆیایەتی، بەڵام بەلای هەندێ رەخنەگران و خاوەن لێکۆڵینەوەکانەوە هێشتا مۆری شاکارو لوتکەیان بەهۆنراوەی شەهیدەوە نوسانوە بەبێ شیکردنەوەیەک و چونەناوەوەیەک. جائەگەر پێنوسێ درێژبو بۆ ئەو دنیایە، ئەوا ئەکەوێتە بەر لێزمەی ئەو نوسەرە لەرزۆکانە. زۆرجاریش مایەپوچ ئەبن و ئەکەونە پەلاماری ناشیرین. بەڵام ئێمە بەدەرونێکی فراوانەوە لەبەردەم ئەو نوسەرو رەخنەگرانە، هەمو وشەیەکیان وەرئەگرین وەک خۆی بەمەرجێ لەجێگەی خۆیابێ نەک سپی رەشبێ و رەش بەپێچەوانەوە. ئەگەر نوسین گەیشتە ئەو پلەیە، لەئاست ئەو تێکدەرانەدا بێدەنگنابین و وەک کێوە سەرکەشەکانی کوردستان بەرامبەریان ئەوەستین هەتا راستییەکە بەسەریانا ئەسەپێنین، چونکە کورد ئەڵێ شەڕەو یەخەت ئەگرێ ئەگەر نەیکەی خوا ئەتگرێ. دڵنیاشبن لەو مەیدانەدا ئەلفێک ناخرێتە پشت گوێ، هەمو شتێ وەک خۆی ئەخرێتە بەرچاو. بۆجارێکیتر ئەیڵێینەوە هەمو رەخنەیەکی بەجێ ئەسەلمێنین وەکو خۆی.



وەنەبێگۆران خاوەنی هەڵوێست نەبوبێ و لەو هەڵوێستانەدا لەخۆبوردن و قارەمانێتی نەنواندبێبەڵکولەهەندێکیا وەک پاڵەوانێ تەقیوەتەوەو بۆتە شانازیی نەتەوەکەمان بۆ نمونە:

1-ساڵی 1954 بەپارێزگاری سلێمانیا تەقییەوە بەوپەڕی سەربەرزییەوە لەئاستیا ملی کەچنەکرد[٩٠].

2-هاوینی 1960 لەرێی بەشداریکردنی کۆنگرەی دوەمی مامۆستایانی کورد لەشەقڵاوە، فرمانەکەیان دوایی پێهێنا بەڵام ئەو سڵینەکردەوە[٩١].

3- هەر لەکۆنگرەی دوەمی مامۆستایانا پشتگیریی پێشنیارێکی مامۆستا کوردستانیەکانیکرد لەسەر یەکگرتنی نوسینی شێوەکانی زمانی کوردی. هەر بەهۆی ئەوەوە، کۆمۆنستەکان بێدەنگبون هەتا پشتگیرییانکرد، بەمەرجێ ئەو بەرەیە لەکۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کوردا لەهاوینی 1959دا دژی وەستان. ئەم راستییە لەهۆنراوەکەیا(بەرێگادا بەرەو کۆنفرانس) دەرئەکەوێ:

ئەوسا خانی، خانیی سەردەم

بە زمانێ ئەنوسێ مەم

کە پێیئەدون نالی و مەحوی

وەک قوبادی، وەک مەولەوی

**ئا بۆ گەیشتی بەو کاتە**

**بەو ئاواتە**

**لەکورتترین رێی رونەوە**

**مامۆستایان کۆبونەوە**[92]

**4-نابێ ئەو خزمەتە بێپایانەی ونبێ کە بە محازەرە پسپورییەکانی لەبەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدادا دای کەهەتا ئەمڕۆ بناغەیەکی بەهێزە بۆنوسینی کوردی و لەئاسمانی زانستا ئەدرەوشێتەوە.**

**لەوانەیە زۆر قارەمانی و هەڵوێستیتری بوبێ و نەگەیشتبێتە لای ئێمە تاهەڵیبسەنگێنین وەکو خۆی و بەرزی و رێز پێشکەش بە گۆران بکەین. لەگەڵئەوەدا بەهەڵهاتنی 14/تەموزو گەڕانەوەی بۆ کوردستان و سلێمانی و بەربونەکەی، نەتەوەی هەژان**[93]**! هەر لەشاخی حەمرینەوە تا بەردەرگایماڵەکەی لە سلێمانی، بەیەک وشە، شاعیری کورد، کورد هەڵیسەنگان. بەڵام بەداخەوە بەپێچەوانەی ئەو پێشوازییەوە کەنەتەوە لە گۆرانی کرد، ئەو کەڵە شاعیرە پەنای گرت و بەلایەنێکەوە خۆی بەستەوە کە هەتا خاوەنی رەگێنین لەم خاکەدا!.**



**گۆران هەمو میللەتەکەی خستە پشتگوێ لەپێناوی ئەوانا. ئێمەش لەڕێبازی هەڵوێستەوە ئەم خاڵانەمان لەسەر تۆمارکرد بەهەمو مەرجێک و سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە ئەڵێین:**

**1-کۆمەڵی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا تەنیا کۆمەڵێکی ئەو سەردەمەی کوردبو لەدەرەوەی وڵات و هەموجۆرە باوەڕێ لەو کۆمەڵەدابو، بۆڕاژەی کورد ئەو کۆمەڵە ساڵی 1958 بروسکەی پیرۆزبایی بەربونیان بۆگۆرانکرد تەنیا بەوەی شاعیرێکی کوردە، بەڵام گۆران بروسکەکەی خستە پشتگوێ و وەڵامینەدایەوە هەر لەبەرئەوەی کۆمۆنستنەبون!**

**2-ساڵی 1958 یادی دە ساڵەی فایەق بێ کەسی نەمر کرایەوە لەلایەن لاوانی کوردستانەوە لەسلێمانی کە تائەودەمە میهرەجانی وا نەکرابو، لەگەڵ بانگکردنیا بۆئەو بیرەوەرییە، ئامادەنەبو! کەبۆ یادی بێ کەسی هاوڕێیبو، لەبەرئەوەی لایەنەکە سەر بەحیزبەکەی ئەونەبو! لەدەمێکا گۆران خۆی پێشنیاری یادکردنەوەی کەڵەپیاوانی کوردی کردبو. لەودەمەدا میهرەجانێکی گەورە کرابو بۆ رەسافی شاعیر لەبەغدا**[94]**.گۆران زۆر تێکۆشابو بۆ یادکردنەوەی حاجی قادری کۆیی**[95] **بەڵام سەرینەگرت، هەرچەن ئەگەر میهرەجانێلەو میهرەجانەی رەسافی گەورەتر بکرایە بۆ حاجی قادری کۆیی، بەڵام تەنیا مۆری کۆمۆنستەکانی پێوەنەبوایە، وەک بیرەوەرییەکەی بێ کەس، هاوبەشیی نەئەکرد.**

3-یەکێتیی نوسەرانی کورد زۆردەمێکە ئاواتی پێنوسە شۆڕشگێڕە لێهاتوەکانی نەتەوەی کوردەبوە، ساڵی 1958 کەیەکێتی ئەدیبانی عێراق دامەزرا، زوربەی پێنوسە دڵسۆزەکانی کورد توخنی نەکەوتن و داخوازییان دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی کوردبو. داخوازیشیان پێشکەشکرد[٩٦] ڕێگەنەدران، بەڵام بێپەروا لەتێکۆشاندابون بۆ ئەو نیازە. ئەوەبو گۆڤاری ڕۆژی نویَ[٩٧] کەلەو سەردەمەدا ریزی هەرە پێشەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردی گرتبو، پرسیارێکی لە گۆران و چەن نوسەرێکیتری کورد کرد لەبارەی دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی کوردەوە، زوربەی ئەوانیتر وەڵامی بەجێ و بەسوربون لەسەر مافی کوردیاندایەوە.بەڵام گۆران وەک وەڵامی نەدایەوە، یەکەمین کەسبو چوە یەکێتی ئەدیبانی عێراقەوە نەک دنیای بێدەنگی گرتبێ بەڵکو بەشێوەیەکی گەرم دژی یەکێتی نوسەرانی کورد وەستاو لەگەڵیا هانی هەمو پێنوسێکی کوردی ئەدا بۆ چونەناو ئەدیبانی عێراق و دژ بەنوسەرانی کورد، لەگەڵئەوەدا چەن کەسێک کەژمارەیان لەپەنجەی دەس تێپەڕینەئەکرد، بەپیر بانگەوازەکەیەوە ڕۆیشتن کە بریتیبون لەمانە: محمەد مەلا کەریم، عیزەدین مستەفا رەسول، ئەحمەد دڵزار، مستەفا ساڵح کەریم، رەزاق بیمارو هەندێکیتر. تەنانەت هەندێکیان وەک تەپڵی کرێگرتە لێبدەن، کەبەرهەمەکانیان بڵاوئەکردەوە، ئەیاننوسی: ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عێراق! هەرچەن تەمسیلی 20% ی ئەدیبانی عێراقیان نەئەکرد. لەدەمی خۆیا زەردەشت[٩٨] پەردەی لەسەر لابردن



و ئەمڕۆ سەرنجی خوێنەرەوە بۆئەو سەرچاوەیە رائەکێشین و هیچیتر.

4-ساڵی 1959 بەوەفدێکی ئاشتیخوازی، شێخ لەتیفی شێخ مەحمودو گۆران ئەچنە مۆسکۆ. شێخ لەتیف وەکو کوردێ ئەیەوێ کێشەی کورد لە خرۆشۆف بگەیەنێ بەڵام گۆران[١٠٠]بەشیوەیەک لە شێخ لەتیف رائەپەڕێ کە ئەبێتە هۆی دڵتەنگی شێخ، هەرچەن لای گۆران بهاتایە ناوی کۆریا یا گەلێکیتری بهێنایە بێجگە لەکورد، ئەوا گۆران پشتگیرییئەکرد!

ئەم راستییانە رستەیەکی ژانژاک رۆسۆی هێنامەوەبیر کە وتبوی: سوکرات لەهەمو کەس زیاتر وریاتربو، بەڵام لای کاتۆکان وەک خوای سەر زەوی وابو چونکە نیشتمانپەروەرو نەتەوەییبو .. گۆرانیش هەرچەن زیرەک و بەتواناو هوشیاربو، نمونەی هۆنراوەکانی لەڕیزی شاعیرە جیهانیەکانبو، بەڵام ئەگەر بهاتایە لەگەڵیا قاڵبوی بڕوای نەتەوە بێدەرەتانەکەیبوایە، ئەودەمە وەکو مەزنێک تێیانئەڕوانی. هەرچەن لەسەر نوێنی ماڵئاواییدا چاوی بەهەڵەکانیا گێڕایەوەو دانی بەهەڵەکانیا یەکەیەکەناو ئامۆژگاریی زۆر کەسیکرد کە ئەو ڕێگایە نەگرن ئەو گرتبوی .

لەکۆتاییا ئەڵێم، وشەم زۆرمابو، بیر یادگاری ئەگێڕایەوەو وەک شریتێکی سینەمایی ئەو دنیایەی تازەئەکردەوە، شریتە تۆمارکراوەکان لەسەر هەمو تۆمارکەرێک وشەیەک ناپەڕێنن،

بەهەمو پەنجەپیانانێ لەسەرەتاوە ئەیلێینەوە . بەڵام گەڕانەوەی گۆران، دوایی بەهەمویهێنا. ئێمەش ئەڵێین با دیزە بەدەرخۆنەبێ، یا وەک کەڵە شاعیری نەتەوەی کورد حاجی قادری کۆیی ئەڵێ:

## گەلێ قسەم لەدڵابو ، حیکایەتم مابو

## کەچی لەبەختی کەچم خامە لێرە نوکی شکا

**

# پەراوێزەکان:

١-دیوانی قانیع 1979ل351.

٢-گۆڤاری رۆژی نوێ ژ6 1961ل6.

٣-شۆڕشەکانی کورد-عەلائەدین سوجادی 1959ل125.

٤-ا-سۆڕشەکانی کورد-سوجادی ل125.

ب- چیم دی- ئەحمەد خواجە1970ل30.

ج-یاداشت-رەفیق حیلمی1957ل69.

د-دیوانی سەلام1958ل11.



٥-شاعیرەکانی سلێمانی:حەمدی، پیرەمێرد، فایەق بێکەس، سەلام، عەلی کەمال باپیر ئاغا، گۆران، قانیع، ئەخۆل. لەشاعیرە نوێکان: کامیل ژیر، شێرکۆ بێکەس. دەرەوەی سلێمانی: ساڵح یوسفی، هەژاری موکریانی.

٦-الادب العربی المعاصر- د.شوقی ضیف1957

٧-گۆران ناوی عەبدوڵابەگە کوڕی سلێمان بەگە لە بەگزادەی میران بەگی 1905/1904لە هەڵەبجە لەدایکبوە، ناسراوترین شاعیری کوردە لەئاستی جیهانی، 1962کۆچی دواییکردوە لەگردی سەیوانی سلێمانی نێژراوە.

٨-ا- الواقعیه فی الادب الکوردی-د. عزالدین مستفی، رساله دکتورا، زوربەی تەرخانە بۆ گۆران.

ب- عبدالله گوران-حسین علی شانوف، نقله من الازربایجانیه شکر مستفی1957.

٩-ئەمانە رەخنەیان لەگۆران گرتوە: ا- مەنگوری، لەگۆڤاری شەفەق ژ4 ساڵی 1958 ب-کامیل بەسیر- گۆڤاری رۆژی نوێ1960 ج- حەمەی مام ئەورەحمان، پرۆژەی رەخنەی 1979 ل 5،6،15،35.

١٠-رۆژنامەکانی خەبات، رای گەل، دەنگی کورد بڵاویانکردەوە، هەوەها نوری عەلی ئەمین ئەیلولی1960 لەرادیۆی کوردی بەغدا بڵاویکردەوە.

١١-کوردایەتی ژێر لەژێر نەشتەری یەکاڵاکردنەوە- محمد ملا کریم 1960.

١٢-کوردایەتی بزوتنەوەو بڕواو رژێمە-زەردەشت 1960

١٣-گۆڤاری بەیان ژ2ساڵی 1970ل2.

١٤-سەرجەم بەرهەمی گۆران 1960ل117.

١٥-نامەیەکە گۆران بۆ پیرەمێرد1932/4/4 دیوانی پیرەمێرد- هاوار1970ل83.

١٦-کامەران و هۆنراوەی نوێ-محەمەد سدیق عارف،1958ل23.

١٧-گۆڤاری هیوا ژ1 1959ل9.

١٨-عبدالله گۆران- الشاعر الکوردی المعاصرل78.

١٩-رۆژنامەی هاوکاری ژ283-1975ل3.

٢٠-گۆڤاری بەیانژ29-1975ل60.

٢١-گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژ64ل60.



٢٢-الواقعیه فی الادب الکوردی ل142.

٢٣-مامەیارە ناوی یار ئەحمەدە خەڵکی شاربازێڕبوە، لەلەشکری بابانا تۆپچی بوە. لەشەڕی کۆیەدا هەتا دوا گوللە بەرگری کرد کە گیرا سەری شۆڕنەکرد بەرامبەر نەجیب پاشای قوماندەی عوسمانییەکان، لەسەر ئەو ئازایەتییە یەکدو گوندی پێبەخشرا. بەڵام بەئاستەم لەکوردایەتی لاینەدا هەتا کەمردیش وەسێتیکرد لەگردی گوڵان بمنێژن بالەوێ تەنیابم چونکە نامەوێ گۆڕیشم نزیکی گۆڕی ئەرشەکەرەکانی کۆیەبێ. دوایی گردەکەش بەناوی مامە یارەوە ناونرا. بڕوانە یادگاری لاوان- غەفوری میرزا کەریم 1978ل46تا48.

٢٤-دو شەریف رەندانی هەمەوەندی هەیە:

یەکەمیان: لەدەوروبەری 1252کۆچیدا بوە. دوەمیان: ئەمیش بە هەمان ناو، رەفیق چالاک ئەڵێ هەمەوەندە بەڵام لەپرسیارێکی زۆردا ئەڵێن کافرۆشییە، کەسوکاری ماوە لە دەرگەزێن و شێخی هەمەوەند دائەنیشن. دوای گرتنی شێخ مەحمود، رێگای کەرکوک- سلێمانی گرت و کەوتە کوشتنی ئنگلیزو کاربەدەستانی ئەو سەردەمە، مۆرێکی هەڵکەندبو لەسەری نوسرابو خوا هەقە، کورد هەقە- رۆژنامەی برایەتی 1967/10/20.

٢٥-وەستا رەجەب دروستکەری ئەو تۆپانە کە پاشماوەکانی لەسەرای رەواندزو مۆزەخانەی بەغدا ماوە . لەنێوان 1223-1259کۆچی

دروستکراوەو مۆری پاشای رەواندزی پێوەیە-رۆژنامەی عێراق1983/6/1.

٢٦-گۆڤاری رۆژی نویٚ ژ6-1961ل14.

٢٧-دیوانی کامەران ئاوات و رەنج1968، زەبری هۆنراوە1973.

٢٨-سەرجەم گۆران ل.545

٢٩-عادیلە خانم کچی عەبدولقادر بەگی ساحیب قرانە لەبنەماڵەی بابان 1860 لەسنە لەدایک بوە.1895 شویکردوە بە عوسمان پاشای جاف، بە خانمی وەسمان پاشا ناویدەرکردوە، بەزیرەکی جڵەوی لەدەس مێردو برای مێردەکەی مەحمود پاشا سەندوە دەورێکی خێڵەکی و سیاسیی باڵای هەبوە. 1924 لە عەبابەیلیٚ نێژراوە. بڕوانە ئافرەتە ناودارەکانی کورد جەبار جەباری 1969ل19.

٣٠-ویلسن موعتەمەدی ئنگلیز 1919 چوە هەڵبجەو بوبەمیوانی عادیلەخانم ،لەپاداشی رزگارکردنی حاکمی ئەو دەمەی هەڵەبجە لەدەس هەورامییەکانی سەر بەشێخ مەحمود، خانم بەدزیەوە ناردبویە خانەقین، لەقەبی بەهادری وەرگرت لە ژەنەراڵ فرێزەردوای ئەوەی لاشەی کوردو شێخ مەحمودی شێلا لەبازیان. ئەو مەدالیایەی نرا بەسنگی عادیلەخانمەوە بو بەلەکەیەک بەناوچەوانی جافەوە. بڕوانە یاداشتی رەفیق حیلمی بەرگی دووەم 1956ل116،117،118.



٣١-رحلە متنكر الیٚ بلاد مابين النهرين- مێجر سۆن ترجمە فوئاد جمیل الجزءالاول1970ل290،291.

٣٢،٣٣-شۆڕشەکانی کورد ل127،138.

٣٤-کامیل ژیر لەسلێمانی پێشئەوەی بەو شێوەیە بناسریٚ، بەشێخ کامیل ناسراوە، کوڕی شێخ نیزامەدینە 1934لە سلێمانی لەدایکبوە. لەهەمو جۆرە نوسینێکا بەشدارییکردوە(وتار،چیرک، شانۆیی، لێکۆڵینەوە، رۆژنامەنوسی، هەتا ئەکتەریشبوە بەلاٚم بە شاعیر ناوی دەرکردوە. لەچاپکراوەکان: 1-ئافرەت و نوشتە-شانۆیی، چاپی بەغدا، 1956خراوەتە سەر شانۆ لە سلێمانی 2-نازەنین1957هۆنراوە. 3-کوردایەتی، هۆنراوە 1960.

٣٥-سەرجەم- گۆران ل235.

٣٦-گۆڤاری بەیان ژ321975ل11،121.

٣٧-گۆڤاری نوسەری کورد ژ61981ل18.

٣٨-گۆڤاری رۆژی کوردستان ژ411976ل37.

٣٩-هەلبژاردە لەگۆڤاری رۆژی کوردستان1977ل81،82.

٤٠-الادباء المعاصرون رجا النقاش1972ل225،226.

٤١-مع الاعوام-عزیز الحاج 1981ل58.

٤٢-پایزی جاران- دیلان 1973ل39.

٤٣-ڕەفیق چالاک، ڕۆژنامەی برایەتی ژ13 ، 1972ل4.

٤٤-سەرجەم-گۆران ل83.

٤٥-ڕۆژنامەی برایی ژ201 ، سالی 1967لەبارەی گۆران لە کۆمۆنستییەوە بۆ نەتەوەیی.

٤٦-شۆڕشەکانی کوردل127.

٤٧-مەبەست لەپێشوازییەکانی سلێمانییە لە جەنازەی مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی و هەڵچونی ئەو شارە قارەمانە لە18تا23ی حوزەران، بەتایبەتی شاعیرەکان بێ کەس و پیرەمێردو هەردی و کامەران و ع ح ب.

٤٨-ئەدمۆنز کە راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆبو لەعیراق، ڕێگەی لە شێخ مەحمود گرتبو لەداریکەلیەوە بچێ بۆ سلێمانی. هەر ئەویش گۆرانی کردبو بەبەڕیوەبەری ئیستگەی فەلەستین. بڕوانە ڕۆژنامەی برایەتی ژ13-1972/8/17ل4 یاداشتی ڕەفیق چالاک کە ئەویش لەو ئیستگەیەبو.

٤٩-سەرجەم گۆران ل547.

٥٠-حسین علی شانوف ل79و80.



٥١-شۆڕشەکانیکورد ل116و129.

٥٢-1948و1954 سلێمانی بەشداریی هەڵبژاردنیکرد بە پێچەوانەی 1930یەوە.

٥٣-مارف بەرزنجی لەنوسینێکا بۆ مارف خەزنەدار: ساڵی 1954لەنوێنەرانی بەرەی نیشتمانیبوم لەسلێمانی من و ئیبراهیم ئەحمەد بەرامبەر نوێنەرەکانی حکومەت علی کمال و ماجد مستەفا وەستاین کە ئێمە نزیکەی 2000 دەنگمان هەبو لەناو شارا، ئەوان زۆرەکەیان 117بو بەڵام بەدزی ناوچەکانی دەرەوەی شار، میری پڕیکردوەبۆیان. پێش هەڵبژاردن بڕیاری تەوقیفمان دەرکرا. ئیبراهیم ئەحمەد گیراو من بەردەسنەکەوتم-دەفتەری کوردەواری ژ3مایسی1970ل.157

٥٤،٥٥،٥٦،٥٧-شۆڕشەکانی کورد-ل131،130،127،126.

٥٨-ئاگرو ژیلەل3

٥٩-سەرجەم گۆران ل352–جەمال بابان، گۆڤاری هیوا ژ5 ل 83

-ئەحمەد هەناری- دوارۆژی دەهاک 1960

-کامەران موکری -کاوەی ئاسنگەر شانۆیی، چاپنەکراوە 1959 خرایە سەر شانۆ لە سلێمانی

-ئەمین میرزا کەریم، داسەکەی شاسوار، شانۆیی 1971ل83

شێرکۆ بێ کەس کاوەی ئاسنگەر شانۆیی بەهۆنراوە چاپی 1971.

٦٠-چیم دی- بەرگی سێیەم ل50تا95.

-شۆڕسەکانی کورد- ل114تا141.

٦١-ر.هاوکاری ژ. تایبەت-1/1/1972ل26.

٦٢-شۆڕشەکانی کوردل127،125.

٦٣-دیوانی بێ کەس ل58

٦٤-دەرەبەگی-سالح هەژار 1959.

٦٥-شۆڕشەکانی کوردل114.

٦٦-جەعفەر عەسکەری لەو دەمەدا جێگری سەرەک وەزیران و وەزیری بەرگریی عیراقبو- شۆڕشەکاکی کوردل120.

٦٧-میجەر یانغ وەکیلی مەندوبی سامیبو لە بەغدا –شۆڕشەکانی کوردل121.

٦٨و٦٩-شۆڕشەکانی کوردل121،92،93.

٧٠-سەرجەم گۆرانل311.



٧١-الواقعیه ل142 - شانوف ل78 –غەفور مرزا کەریم، هاوکاری ژ283 س1975ل3 -گۆڤاری بەیان ژ29س1975ل6 –شێرکۆ بێ کەس رۆشنبیری نوێ ژ64س1978ل65.

٧٢-ئاگرو ژیلەل7.

٧٣-قالت لی السمراء، اول دیوان شعر قبانی 1944

٧٤-قصتی مع الشعر- قبانی 1973ص 88ز89ز90

٧٥-دیوانی مەحوی 1977 ل149

٧٦-رۆشنبیر ژ64 ل65، 77،78

٧٧،٧٨-دیوانی نازەنین 1958 ل : و،ە،ل،ز- ل٨

٧٩-دیوانی پیرەمێرد 1970ل83

٨٠-گۆڤاری بەیان ژ2، 1970 ل3

٨١-الواقعیه ل11

٨٢-مەبەست لە الواقعیه فی الادب الکردی 1967چاپکراوە بەڵام گۆران 1961کۆچی دواییکردوە، 6 ساڵ جیاوازە. واتا دوای ئەو کۆچە چاپکراوە

٨٣-مەبەست لێدوانەکەی گۆرانە لە گۆڤاری بەیان 1970بڵاوکراوەتەوەبەڵام تا ئەمڕۆ دوکتۆر ئەو رستەیەی گۆرانی هەڵنەسەنگانوە کە ئەیتوانی دەسنیشانیبکا.

٨٤-هوامش على دفتر النكسە- نزار 1967

٨٥-قصتی مع الشعر-نزار ل273، 240

٨٦-سەرجەم گۆران ل4.

٨٧-گۆڤاری بەیان ژ2 س1970 ل3.

٨٨-گۆڤاری هیوا ژ1 س3 تشرینی دوەم 1959ل9،10.

٨٩-سەرجەم گۆران ل4.

٩٠-ژین ژ1404 ئابی 1958.

٩١-کاروانی شێعری نوێ کاکەی فەلاح1978 ل73.

٩٢-سەرجەم گۆران ل316.

٩٣-گۆڤاری هیوا ژ2 س3 ئابی 1958 ل89-95. هەروەها هیوا ژ3 س3 ئەیلول 1958 ل29-36.

٩٤-ژین ژ1410، 1958/9/25 ل5.

٩٥-ژین ژ1408 س1958/9/11 ل2.



٩٦-رۆژنامەی پێشکەوتن ژ109 س1960 ل2. ئەوانەی داوایانکردبو: شێخ محەمەدی خاڵ، شاکیر فەتاح، ئەحمەد هەردی، کامەران موکری، رەمزی مەعروف، موحەرەم محەمەد ئەمین، حەسیبە محەمەد، حسەین رەشوانی، ساڵح یوسفی، ئەنوەر مائی، بورهان قانیع، رۆستەم نافیع فەتاح، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد مستەفا کوردی، محەمەد حەسەن برزو.

٩٧-گۆڤاری رۆژی نوێ ژ1 س1 نیسان 1961 ل46.

٩٨-کوردایەتی زەردەشت 1960 ل 7،8.

٩٩-مجلە فکاهە 1963 ل19. وێنەیەکی تیایە خرۆشۆف، شێخ لەتیف، گۆران، ناجی یوسف، ثمینە ناجی یوسف دەرئەکەون.

١٠٠-اعادە التوازن الی المیزان المختل– مسعود محەمەد 1977ل62،63.

١٠١-گۆڤاری هیوا ژ5 س3 1960ل18.

١٠٢-وانەیەک .................

# وانەیەک لەبارەی هۆنراوەوە

کامیل ژیر

بەڵگەنەویستە کە بازاڕی هۆنراوە لەم سەردەمەدا، روی لەنوشوستییە، هۆکاری ئەوش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێ. لەوانە:

1-پاڵەپەستۆی تەکنەلۆجیا- ئێستا هەرلەتەمەنی چوار ساڵییەوە، یارییە ئەلەکترۆنییەکان ئەخرێنە بەردەم مناڵ. لەگەڵ گەورەبونیا: مۆبایل، ئایفۆن، ئایپاد، کۆمپیوتەر، تی ڤی و داهێنراوەکانیترئەبنە خولیای مرۆڤ لەمناڵییەوە تا پیری، بەجۆرێ کە کاتی نەمێنی بۆ توخمە وێژەییەکان بە هۆنراوەشەوە. خۆ یارییەکانی تۆپێن، ملیاران خەڵکبەلای خۆیانا رائەکێشن و کاتیان ئەبەن.

2-باری ئابوری و فەنتازیاکان- کە تائەبێ سەختترو زیاترئەبن بەجۆرێ خەڵکی لە کۆششی دابینکردنیاندان و نایانپەرژێتە سەر بابەتە وێژەییەکان.

3-خراپبونی جۆرێتیی هۆنراوە خۆی- بەرامبەر شاڵاوی ئەو دو هۆکارەی سەرەوە، ئەبو جۆرێتی هۆنراوە باشتر بکرایە تا بیتوانیایە بەرەنگاری ئەو شاڵاوەببێتەوە، کەچی بەپێچەوانەوە، زوربەی جۆری هۆنراوەی ئەم سەردەمە، لەخراپەوە بەرەو خراپترئەچێ! وەک لەم بابەتانەی خوارەوەدا تیشکیان ئەخەینەسەر:



# هۆنراوەو کێش (وزن)

یەکێ لەو هۆیانەی هۆنراوە بەرەو نوشوستیئەبا، وازهێنانە لەکێش. کێش لەهۆنراوەدا ترازوە. بەهۆی ئەو ترازوەوە، هۆنراوە لە لەنگی رزگاریئەبێ. ئەشتوانین کێش بەدەستور ناوبنێین بۆ هۆنراوە. بەبێ ئەو دەستورە، هۆنراوە ئەبێتە ئاژاوەو ئاوازی خۆشی تیانامێنێ و ناساز دێتە گوێ و لەجیاتی خۆشی و هەژاندن، گرژی و بێزاریمان تیا دروستئەکا!

جۆرەکانی کێش لەهۆنراوەی کوردیا، کێشی پەنجە یا بڕگەو کێشی عەروزە. بەڵام ئەمڕۆ هەندێ لەوانەی هۆنراوە ئەنوسن، بەناوی گۆڕانکارییەوە، وازیان لە کێش هێناوە! کەلەڕاستیا ئەوە گۆڕانکاری و بۆپێشەوەچوننیە. وازهێنان لەکێشی هۆنراوە وەک وازهێنانە لە ترپە (ایقاع) لەمۆزیکا کەبەوە ئەبێتە مۆزیکێکی ناخۆش و ناساز دێتە بەرگوێ. هۆنراوەش هەروایە.

هەندێ ئەڵێن، کێش و سەروا، کۆت و زنجیرن بۆ هۆنراوە! ئەگەر لابران، هۆنیار(شاعیر) ئازادئەبێ و دەستی کراوەترئەبێ وهۆنراوە زیاتر ئەڵێ و هۆنراوە پێشترئەکەوێ!. کەچی ئێمە تائێستا هۆنراوەی کام هۆنیارەی ئەڵێن باڵادەستە لەهۆنراوەی بێکێشا، نەدیوە کەبەپەرێزی هۆنراوەیەکی کێشداری ئەو هۆنیارە خۆی یاهۆنیارێکیتری هاوشانی خۆیا بڕوا ئەگەر بەهرەمەندبن لەهۆنراوەدا.

کێش و سەروا، کۆت و زنجیرنین. دو پێویستین هۆنراوە خۆش و جوانئەکەن. بازنگ و پاوانەی زێڕن بۆ هۆنراوە. بەڵام ئایا کێش و سەرواش وەک هەر بوەیەکیتر لەگۆڕانکاری (تطور)دا نابن؟بێگۆمان با. بەڵام گۆڕانکاری هەرگیز ئەوەنیە

واز لەو دو رەگەزە رەسەنەی هۆنراوە بێنین. ئەگەر دەستوری بۆ وڵات کۆن و خراپبو، چار ئەوەنیە واز لەدەستور بهێنرێ و ئاژاوەو پاشاگەردانی بەرپاببێ! چار ئەوەیە ئەو دەستورە هەمواربکرێ یا بگۆڕرێ بە دەستورێکی باشتر. وازهێنان لەو دو رەگەزە، وەک وازهێنانی ئەندیازارە لە راستەو پەرگاڵ و مەترەو تەنیا بەهەڵسەنگاندنی چاو نەخشە بکێشێ! راستە ئەگەر هۆنیار وازی لەکێش و سەروا هێنا، ئەتوانێ هۆنراوەی زیاتر بڵێ. بەڵام ئەوسا وەک ئەو بەنایەی لێدێ کە بەبێ تەناف و شاوڵ و ترازو، لەجیاتی 2 مەتر دیوار، 4 مەتر هەڵئەسێنێ، بەڵام دیوارێکی لارو خواروخێچ!

کەواتە گرنگ چەندێتینیە، گرنگ چونێتییە. ئێمەش هۆنیاری ئەوتۆمان هەبوە، لەجیاتی دیوانێک، دە دوازدە دیوانی بێکێش و سەروای رەشکردۆتەوە، بەڵام کە دەرئەکەوت، ئەوانەی چێژ لەهۆنراوە وەرئەگرن، کەناڵی تەلەفیزیۆنەکەیان ئەگۆڕی!!

یەکەم مەرجێ  کە (کۆلڕچ 1771-1834) دایئەنێ بۆ بڵیمەتی ئەو کەسەی بە هۆنیارێتی لەدایکئەبێ، (هەستکردن بە خۆشیی مۆزیکی هۆنراوەکەیەتی[1] هەروەها مۆزیکی هۆنراوە بریتییە لەکێش و رێکخستنی دەنگەکان و مۆزیکی هۆنراوە ئەبێتە فراوانکردنی واتاکەی[2]. رەخنەگرانیش گەیشتونەتە ئەوەی ئاوازو مۆزیک رۆڵێکی گەورەو کاریگەر ئەگێڕن بۆ فراوانبونی واتای هۆنراوە[3]).

ئەی گۆڕانکاریی کێش؟ ئەبێ دان بەوەدابنێین کە ئەوانەی وازیان لەکێشهێناوە، هەمویان لەبێدەسەڵاتییانەوە نیە لەکێشا. تیایانا هەبوە خەڵەتاوی چەمکی گۆڕانکاری (تطور)ەکەیەو وائەزانێ گۆڕانکاری لەهۆنراوەدا وازهێنانە لەکێش! تیایشیانا هەیە، بوە بەوشەی کۆتوزنجیرەکەوە! هەشبو وەڕسبو لەو



کێشە دەقگرتوانەیساڵەهای ساڵبو هۆنراوەی لەسەرئەوترا، ئا لێرەدا پێویستیی گۆڕانکارییەکە دروستبو. ژمارەیەک لە هۆنیارانی کورد وازیان لەکێشی عەروز هێناو پەنایان بۆ کێشی بڕگەبرد.ئەم کێشەش بەشێوە ساکارەکەیەوە نەوەستا، ئەوەبو سەرەتا هۆنراوەکانی شێوەزاری هەورامان و هۆنراوەکانی یەکەم قۆناغی گواستنەوە لەعەروزەوە بۆ بڕگە، سەرتاسەری هۆنراوەکە لەسەر یەک کێشی بڕگە ئەهاتەخوارێ. واتا ئەگەر کێشی دێڕی یەکەم 10 بڕگەییبوایە، هەمو هۆنراوەکە بە 10 بڕگەیی ئەهاتەخوارێ وەک هۆنراوەکانی مەولەوی. دوایی وایلێهات کە بگونجێ کێشی دێڕێک بۆنمونە 4 بڕگەبێ، دێڕەکەی دوای ئەو چەندجارەی 4 بڕگەبێ وەک:

من هەمیشە 4بڕگە

وەکو لێمبوبێتە پیشە 8بڕگە

لەناو کاتا، لەناو شوێنا 8بڕگە

نەتەوەکەم 4بڕگە

رەچاو ئەکەم[4] 4بڕگە. یا:

ئێستا ئەوان بەهەرجا بێگانەن 11بڕگە

ئەمانەی خۆمان کە مشتۆی هەمانەن11بڕگە

بەڵێ مەڕە لاتەکان 7بڕگە

لێناگەڕێن، رێنمان [5] 7بڕگە

ئیتر بەوجۆرە ئەگونجێ هەر دو دێڕەو لەسەر کێشێبێ. ئنجا ئەوە من نەک هەر لەکێشی بڕگەدا کردومە، بەڵکو لەکێشی عەروزیشا ئەو گۆڕانکارییەم کردوە. لەهۆنراوەی نیگای دیلا بۆنمونە وتومە:

لەشەرمی ئەفسونی لێوی پڕو پڕخوێن و پاراوی

لەترسی ونبونی کێویدڵی نامۆ لەدو چاوی

ب-ب-  -ب-ب ب ب - -  ب - - -

مەفاعیلون  فاعیلاتو فەعەلاتون  مەفاعیلن

نیگای دیلی  پەشۆکاو

لەسەر هێڵی قژی خاو

ب - - ب ب--

مفاعیلو  فەعولان

لەبەرزەوە راماخزا بۆڕانی

بەلەرزەوە داما رژا  دۆڕانی[6]

ب – ب ب - - ب - - - -

مەفاعیلە  موستەفعیلن  مەفعولن

ئەم دەرچون و خۆڕزگارکردنانە لەکێشە دەقگرتوە کۆنەکان، یا بڵێین ئەم تازەکارییانە لە کێشا، مەیدانێکی فراوان بۆ هۆنیار دروستئەکا کەبەئارەزوی خۆی یاری و ئاڵوگۆڕ بەکێشەکان بکا



بەبێئەوەی مۆزیکی هۆنراوەکە تێکبچێ. ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی هۆنیار دانەمێنێ بۆ واتا لەپێناوی کێشا. ئیتر دوای ئەمانە ئەگەر هۆنیارێ هەر دەسەڵاتی بەسەر هۆنراوەی کێشدارا نەبێ، ئەوا با واز لەهۆنراوە بێنێ و روبکاتە بوارێکیتر کەلەگەڵ تواناو بەهرەیا بگونجێ. چونکە ئەو کەسە بەهرەی هۆنراوەی تیانییە.

هەندێ ئەڵێن ئێمە هەرچەن هۆنراوەکانمان کێشی تیانییە، بەڵام ترپە (ایقاع) ی تیایە! هەشە وشەی کێش و وشەی ترپە وەک دو وشەی هاو واتا بەکارناهێنێ، کە لەڕاستیا کێش و ترپە هەر یەک ئەنجام ئەدەن لەهۆنراوەدا. کێش زاراوەیەکی هۆنراوانەیە، ترپە زاراوەیەکی مۆزیکانەیە.

فارابی (874-950ز) لە پەرتوکی مۆزیکی گەورەدا، ژمارەیەکی زۆر زاراوەی عەروزی بەکارئەهێنێ بۆپێناسەی جۆرەها ترپەی مۆزیکی سەردەمی خۆی.

خەلیلی فەراهیدی718-786 زانستی عەروزی لەسەر ترپە داناوە. کاتێ بەبازاڕی مزگەرەکانا هاتوچۆی ئەکرد، گوێی لە چەکوشکاریی مزگەرەکانبو بەرێکوپێکی و لەسەر ترپەیەکی یەکسان: (تەتە تم، تەتە تم، تەتە تم) ئەوێش لەبەرخۆیەوە بەهەمان ترپە ئەیوتەوە: (فەعەلەن، فەعەلەن، فەعەلەن) ئنجا زەردەخەنەیەک گرتی و وتی کەواتە وشەی (فەعەلە) ئەگونجێ ببێتە بنچینەی هەمو ئاوازەکانی هۆنراوەو لەسەر ئەم بنەمایە کێشەکانی هۆنراوەی داناو هەر ئاوازێکی بە دەریایەک دانا[7]

خەلیلی فەراهیدی(تەتەتم)ی گۆڕی بۆ (فەعەلەن) بۆئەوەی یارمەتیی قوتابیانبدا کەلەترپە بگەن. هەروەها زانای فەرەنسی

[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] پیشاندا. بەوجۆرە ئەتوانرێ هەر نۆتەیەکی مۆزیکی بگۆرری بۆ دەنگیی زمان لەناو ئەو
لەعێراق، بۆیەکەمجار، جەمیل سدقی زەهاوی (1863-1936) رۆژی 1925/5/25 باسێکی بەناونیشانی [illegible]
(Ta — tii) (Taa — tii) [illegible]
هەندێ رەخنەیانلێگرت و ئەویش لەرۆژنامەی العالم العربیا 1925/6/11 (Ta- ti — pi) و نۆتەی (pa — tii) و ... هتد.
ئنجا بە هەمان رێگە ئەتوانین نۆتەی مۆسیقا بگۆرین بۆ [illegible] لەوەکە سەروا کۆتێکی قورسە لەدەست و ملی هۆنراوەی [illegible]
هەنگاو (تفعیلە) کانی خەلیل. بۆ نموونەنۆتەی [illegible] عەرەبیداو بەدەستییەوە ئەنالێنێ و ناتوانێ بەسەربەستییەوە
[illegible] (فاعلن) [illegible] (مفعول) [illegible]
[illegible] (فَعَلُنْ) [illegible]
[illegible] [8]. بوەهۆیەوەی هۆنراوەی
عەرەبی دوابکەوێ لەچاو هۆنراوەی رۆژئاوابیاو وایکردوە کەواتە تریەو کێش لەهۆنراوەدا، دو بوخمی جیاوازیین. داهێنان کەمبێتەوە. ئەگەر سەرواماں پشتگوێخست و گوێ هۆنراوە، کەکێشینەبو، وایا تریەشی نیە، کە تریەی نەبو، وایا بەهۆنراوەی ئازاد ئاشنابو، کەئەمەیان زیاتر بایەخ کێشی نیە
بەجوانیگەیاندنی واتاکانئەدا، ئەوا ئەوسا هۆنراوە ئەکەوێتە

## هۆنراوەو سەروا (قافیە)

جموجوڵ و چالاکیەوە وەکو هەربەشێکیتری هونەرەجوانەکان پێشئەکەوێ. هەروەها زەهاوە لەبارەی
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] بەسەرانەهات، بەتایبەتی
لەهۆنراوەی عەرەبی و هۆنراوەی دەقگرتوی کوردیا. ئەمە
وایکرد کە ژمارەیەک لەهۆنیاران و هۆنراوە دۆستانیش

بەرامبەر ئەم رایانەی زەهاوی، هەر لەکاتی خۆیا گەلێ رەخنە نوسرا. لەوانە محەممەد بەهجەت ئەسەری (1904-1996)رای وابو کەسەروا یەکێکە لەکۆڵەکەکانی هۆنراوەو بەنەمانی ئەو کۆڵەکەیە زۆر کەسی بێدەسەڵات زەفەر بەهۆنراوەئەبەن و هەر کەس بێ و وشە ریزکا ئەبێتە هۆنیار! بەلایەوەوابو ئەوکەسانەی بەسەر سەروادا زاڵنین، بە هۆنیاری لاوازو بێدەسەڵات دائەنرێن. چونکە ئەگەر(واتا گیانی هۆنراوەبێ ئەوا سەروا جەستەکەیەتی). پەیوەندیی نێوان ئەم دوانەش وکو پەیوەندیی گیان و جەستەیە کە هیچیان بەبێ ئەوەکەیتر هەڵناکەن. ئەوانە بۆیە سەروایان لاگرانە، چونکە وشە بەدەستیانەوە نایەت و واتاش لێیان گیرو یاخییە[٩].

ئێستا دوای تێپەڕبونی ئەم هەمو ساڵە بەسەر ئەو مشتومڕەدا، ئەگەر بەچاوێکی لانەگیرەوە سەیری ئەو رایانە بکەین، ئەبینین هەردولایان تاڕادەیەک راستبون . زەهاوی سکاڵای لەدەس سەروابوبەو سیستەمەی ئەوسایەوە کە ئەوەندە کۆن و دەقگرتوبو، لەبەرچاو کەوتبو. هۆنیاری زۆر سەرکەوتوش نەبوایە، واتای ئەکرد بەقوربانی سەروا. ئەوجۆرە سەروایەی هۆنراوەی ستونی، کۆتێبو لە ملی هۆنراوەدا.

رەخنەگران لە راکانی زەهاویش، لەسەر رەوابون و ئێستە بەچاوی خۆمان ئەبینین کەچۆن بەنەمانی کۆڵەکەی سەروا لای هەندێ، زۆرکەسی بێدەسەڵات زەفەریان بەهۆنراوەبردوەو هەرکەس دێ و وشە ریزئەکاو ناویئەنێ هۆنراوەو هۆنراوەی پێلەکەدارئەکا!

زەهاوی دەردەکەی دۆزیبوەوە. راستە هۆنراوەیەکی سەد سەدو پەنجا دێڕی کەهەمو سەرواکانی وەکیەکبن، هۆنیار شپرزەئەکا. ئەو جۆرە هۆنراوەیەش لەبەرچاوکەوتبو. خۆی ژیان هەروایە.



هەر شتێ زۆر مایەوە لەقاڵبێکا یا لەسەر یەک سیستەم، لەبەرچاو ئەکەوێ و مرۆڤ ئارەزوی گۆڕینیئەکا. بەڵام چارەسەرییەکەی زەهاوی کەبریتیبو لەوازهێنان لەسەروا، لەجێگەی خۆیانەبو. سەروا خۆیلەخۆیا توخمێکی ناشیریننیە لەهۆنراوەدا. سەروا وەک د. ئەنیس ئەڵێ: (توخمێکە لە توخمەکانی بینای هۆنراوە. سەروا نرخێکی مۆزیکیی هەیە کە ژمارەیەک دەنگ دوبارەئەبێتەوە لەکۆتایی دێڕەکانی هۆنراوەدا. ئەو دوبارەبونەوەیەش بەشێکی گرنگ دروستئەکا لەمۆزیکی هۆنراوە. سەروا وەک نێوەندە مۆزیکییەکانە کە گوێگر چاوەڕوانی دوبارەبونەوەیان ئەکاو چێژێ وەرئەگرێ لەو دوبارەبونەوانە کەلەپەردەی گوێ ئەدا لە ماوە کاتییە رێکوپێکەکانا[١٠])

چارەسەرکردنی ئەو دەردەی زەهاوی هەستیپێکردبو، بەوە ناکرێ واز لەسەروا بهێنرێ بەجارێ. چارەسەری راست ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە سەروا خۆیا بکرێ. کۆڵەکەی خانویەک ئەگەر کۆنبو و شکستیهێنا، بەوە چارەسەرناکرێ کە کۆڵەکەکە فڕێدەیت و خانوەکە بێ کۆڵەکە بمێنێتەوە! چار ئەوەیە بیگۆڕی بە جۆرێکی باشتر.

لەم بۆچونەوە، چارەسەرەکە بەوەکرا کە برەو بەهۆنراوەی جوت سەروا درا و دواییش سەروای جۆراوجۆر هاتەئاراوە کەپاشتر رونیئەکەینەوە.

هۆنیارانی کورد، پێش زەهاوی هەستیان بەو بارە خراپەی سەروا کردبو کە هۆنراوەی ستونیی پێکئەهێناو پەنایانبردبوە بەر هۆنراوەی جوت سەروا.

بێسارانی 1641-1702 و ئەحمەدی خانی 1650-1706 و مەولەوی 1806-1882 و مەلای جەباری 1806-1876 و حاجی قادری کۆیی 1815-1892 و گەلێکیتر هۆنراوەی جوت سەروایان وتوە[11] و بەوە گۆڕانکارییەکیان بە سەروا داوەو وایانکردوە کە یەک توخم سەروا نەبێتە هۆی چاوتێربون و گوێپڕبون و وەڕسبون. وایانکرد کە واتا نەبێتە قوربانی سەروا. هۆنیار هەرچەن دەسکورت و لاوازبێ، ئەتوانێ لەناو هەزاران وشەی زمانەکەیا، دو دێڕ بەیەک سەروا بڵێ بەبێئەوەی پەنابەرێتە بەر وشەی سواو. خۆئەگەر کەسێ ئەوەشی لەبارانەبێ ، ئەوا بێگومان هەر هۆنیارنیە.

بنەمایەکی گشتیی یاسایی هەیە ئەڵێ: ئەگەر قەدەغەکەر نەما قەدەغەکراو ئەگەڕێتەوە. کەسەرواش بەوجۆرە ئاسانکراو نەبوە هۆی ئەو گیروگرفتانەی زەهاوی و لایەنگرانی لێیئەترسان، ئیتر بۆچی ئەبێ گوێچکە لەو ئاهەنگە خۆشەی سەروا بێبەشبێ !؟

ئێمە لەهۆنراوەی کۆنی یەک سەروای ستونی و لەهۆنراوەی تازەی جوت سەروای ناستونیا، هەزاران شاکارە هۆنراوە بەدیئەکەین، کەچی لەهۆنراوەی بێ سەرواو بێ کێشا، وێنەی ئەو جۆرە شاکارانە بەدیناکەین.

لێرەدا چەن پرسیارێ هەیە :

ئایاهۆنیار هۆنراوە بۆخۆی ئەڵێ یا بۆ جەماوەر؟

ئایا جەماوەری هۆنراوەدۆست، هۆنراوەی چاک و جوان و خۆشی ئەوێ،یاهۆنراوەی زۆرو بۆر؟



ئایا ئەو جەماوەرە دەربەستی ئەوەیە هۆنیار بۆ سەروا، یا کێش دائەمێنێ یا نا؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە رون و ئاشکران. فەردریک ئەڵێ: (چاکترین تیۆری هونەر مێژوەکەیەتی)[12] هەروەها ئۆگست فیلهیلم شلیگڵ ئەڵێ: (روانگەی مێژویی رابەری رەخنەی وێژەییە.. هەمو بەرهەمێکی وێژەیی، هەرچەن سەربەخۆو یەکگرتوبێ، ئەبێ لەڕێگای پەیوەندیی بەو بەرهەمانەی لەپێش خۆی و لەدوای خۆیا هاتون، سەیر بکرێ)[13]. دە ئێمە ئەگەر سەیری ئەو هۆنراوانە بکەین کە سەروایاننیە لەدوای وتارەکەی زەهاوییەوە هەتا ئەمڕۆ، نابینین کە واتای ئەو هۆنراوانە زیاترو بەرزتربن لەواتای هۆنراوە سەروادارەکانی یەک سەرواو جوت سەروا. هۆنراوە چیرۆکیش پەیدانەبو لەناویانا وەک زەهاوی ئەیویست! ئەو هۆنراوانەش نەک پێش هۆنراوەی رۆژئاوایی نەکەوتن، بەڵکو هۆنراوە کۆنەکانی خۆشمانیان نەگرتەوە، داهێنانیش زیاترنەبو!.

لەلایەکیتریشەوە پێشبینییەکانی رەخنەگران لەزەهاوی، هاتنەدی و زۆر کەسی بێدەسەڵات ئەمڕۆ زەفەریان بەهۆنراوەبردوەو لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەم رۆژانە، بەڵگەی ئەم راستییەن. بەپێچەوانەوە، ئەوانەی گۆڕانکارییاندا بەسەروا، هەر لەبێسارانییەوە تا حاجی کۆیی، هەر لە پیرەمێردەوە تا گۆران و ژمارەیەک لە هۆنیارانی ئەمڕۆ، گەشەو پێشکەوتنێکی زۆریانداوە بەهۆنراوەو واتایان بەرزکردۆتەوەو داهێنانیان بەدیهێناوە.

بەلای منەوە هۆی دیاردەی وازهێنان لە سەروا بەگشتی و لە کێش و واتای رون بەتایبەتی، ئەگەڕێتەوە بۆئەم خاڵانە:

1-چاولێکردنێکی درەنگ وەختەی کوێرانەی قوتابخانەکانی ڕۆژئاوای وەک مۆدێرنیزم و سریالیزم و ئایندەنیزم و...هتد

2-کاردانەوەی هۆنراوەی ستونی.

3-ناوبردنی کێش وسەروا بە کۆت و زنجیربەهەڵە، یابۆ مەبەستێ لەلایەن هەندێکەوە! کەلەڕاستیا ئەو دو توخمە دو کۆڵەکەی هۆنراوەن.

4-پەیدابونی ژمارەیەک نیمچە خوێندەواری نەشارەزا لەهونەری هۆنراوەدا کە سواری هۆنراوەبون!

5-بەخشینی پاداشت و خۆخۆیەتی و هۆکاری سیاسی و پارتایەتی! وەک بینیمان چۆن وڕێنەکارێکیان لێکردین بە بلیمەت و هۆنیاری گەورە!!.

6-نەبونی ڕەخنەسازی نەترس و بێلایەن، یادەگمەن. ئەوەش مەیدانەکەی چۆڵکردوە بۆ ڕمبازێنی وشتر لەجێی ئەسپی ڕەسەن!

تازەکاری، ئەگەر نەبونی کێش و سەروابێ، ئەوا لەدێرزەمانەوە ئاوێستاو لاوک و حەیرانمان هەیە! یا ئەگەر ئەوەبێ کە حسەین عارف ئەڵێ (کامەران و وەشتی و ژێر هەندێ هەوڵدانیانەهیە لەوبارەیەوە)[٤]ئەوا من بەشبەحاڵی خۆم ئەوانەی ئەو مەبەستێتی کە وازهێنانبون لە کێش و سەروا، هەر زو وازم لێهێنان و بە پەخشان ئەژمارم کردن. کامەرانیش لێی پاشگەزبوەوەو وەشتیش لەمەیدانی هۆنراوە کشایەوە.

## نمونەکانی سەروا



1-نمونەی هۆنراوەی جوت سەروا کەهەر دو دێرەو سەروایەکیان هەیەو دو دێرەکەش هاوتەریبن بۆیەکتری. واتا لەژمارەیبڕگەدا یەکسانن کە ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی ئاهەنگی سەروا لەماوە کاتییەکی یەکسانا ببیسترێ بەوەی ژمارەی بڕگەی هەمو دێرەکان ئەوەندەی یەکبن وەک:

کوردستانم فراوانە

بوکی ڕازاوەی جیهانە

پەیمانە دوا تنۆکی خوێن

لێرەبێ یاخو لە هەر شوێن

بە قوربانی ئەوی ئەکەم

بۆ ئەو ئەژیم، سامانەکەم

لەگەڵ گۆشت و ئێسکی لەشم

بۆ ئەوەو خۆم لێی بێبەشم

2-مەرج نیە لەماوە کاتییەکی یەکساندا، سەرواکە دوبارە ببێتەوە، واتا ژمارەی بڕگەی دێرەکان ئەوەندەی یەکنین:

ئێمە ڕۆڵەی بیری تازەی ڕابەرین

ئێمە کوردی جەربەزەی تێکۆشەرین

بۆ وڵات و سەربەخۆیی و ژینی شاد

خوێن ئەڕێژین

لەش ئەنێژین

ئەفسەرین

نیشتمان، نیشتمان ئێمە بۆتۆ سوپەرین

لەم نمونەیەدا ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین سەروای (ە رین) لەدێڕی یەکەم و دوەمدا دوای 11 برگە دوبارەبۆتەوە. لە دێڕی 3تا6 دوای 13 بڕگە.لە دێڕەکانی یەک تا پێنج دوای 22 بڕگە دوبارەبۆتەوە. دو دێڕی چوارەم و پێجەم، سەروای سەربەخۆی خۆیان هەیە .

3-جۆرێکیتر، هەر چەندێڕێکی هۆنراوەکەو یەک سەروا:

نەرێتی ئەم چەرخە وایە

هەر هێزە خەڵکی لەدوای

هێز شکۆیە، هێز پەنایە

هێز تەخت و تاجی پاشایە

*

کە بازوی هێز ئێسکی رزا

پێ، لەبەرزی هەڵنوت، خزا

لای برای خۆت، لای برازا

ئەبی بە جرجی بێ رەزا

جێگەی پلار، جێگەی نزا ... یا:



وێرانەشارێ          دەسی نەیارێ

ستونی شکان، بو بە کالاوە

دڵی من، یارێ          هێنایەخوارێ

دیواری ڕمان، نایە پەناوە

یەکەم و سێیەم هاوسەروان، دوەم و چوارەم هاوسەروان ... نمونەیەکیتر:

کچۆڵەیەک سێ و چوارساڵە

ئەمداتە بەر نیگای چاوی

زەردەی خونچەی لێوی تادێ    ئەکرێتەوەو گەشتر ئەبێ

سەرەتا ئەموت مناڵە

نەمئەپرسی چیە ناوی

گەلێ نمونەی تری سەرواهەیە کە من لەهۆنراوەکانما لەسەریان رۆیشتوم جگە لەو نمونانەی سەرەوە. جا نەک هەر من، زۆرێ لە هۆنیارە بەرێزەکانیتریش بەوجۆرە گۆڕانیان لە سەروادا کردوە.

ئەوەشمان لەیادنەچێ کە سەروا دەوری رێکخستن (تنظیم)یش ئەبینێ. واتا سەروا کاتێ کۆتایی بە دێرە هۆنراوە یا پارچە هۆنراوە ئەهێنێ، ئەم مەبەستانەش ئەنجام ئەدا:

١-پشویەک بەگوێگر، یا خوێنەرەوە ئەدا.

٢-ئاوازی هۆنراوە لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکیتر ئەگۆڕێ.

٣-نیمچە سەربەخۆییەک ئەدا بە دێڕەهۆنراوە یا بەپارچە هۆنراوە لەناو سەرجەمی هۆنراوەکەدا.

لە هۆنراوەی کلاسیکیا، دێڕە هۆنراوە یا بڵێین بەیت، سەربەخۆییەکی هەیە.

لە هۆنراوەی جوت سەروادا، دێرە هۆنراوە، نیمچە سەربەخۆییەکی هەیە. لە هۆنراوەی سەروا هەمەڕەنگا، پارچە هۆنراوە یا بڵێین کۆپلە هۆنراوە، نیمچە سەربەخۆییەکی هەیە. جیاکەرەوەی ئەم قەوارە سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆیانە، سەروایە. راستە ئەشێ بێ سەرواش، ئەو قەوارانە هەبن، بەڵام ئەبنە قەوارەی بێ نیشان و بێ ئاڵا!.

رەخنەسازی بەناوبانگی فەرەنسی (مالارمیە) لەپەرچدانەوەی راکانی (رامبۆ)ی رابەری رێبازی هێمایی (رمزی)دا ئەڵێ: (وشە بەهۆی ئاوازی کێش و سەروای هۆنراوەوە، ئەتوانێ زیاتر ئەرکی کارتێکردن و شوێنەوارجێهێشتن بگرێ)[١٥]. لەم روانینەوە ئەپرسین: ئایا ئەو دەقانەی ناوی هۆنراوەیان لێنراوەو بێ کێش و سەروان، تا چ رادەیەک کارئەکەنە جەماوەری هۆنراوەو شوێنەوار بەجێئەهێڵن لایان؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەوەنیە بوترێ: ژمارەیەکی زۆری هۆنراوەنوسانی ئەم سەردەمە، لایەنگری هۆنراوەی بێ کێش و سەروان!. ئەوە گرنگنیە، گرنگ ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری هۆنراوەخوازان لایەنگری ئەو جۆرە هۆنراوەیەبن کە تائەمڕۆ جەماوەرێکی لەوجۆرە دروستنەبوە بەهۆی ئەوەی ئەو



جۆرە دەقانە کاریانتێناکەن و نایانهەژێنن. من کەسێک نابینم یەکێ لەو دەقانەی هاتبێتەبەر. کارتێکردن و هەژاندن هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لەبەرکردنی هەردەقێ. من خۆم نوسینی نەتەوەییانەو هۆنراوەی نەتەوەییانەم زۆرە. ئاستی نوسینەکانم کەمترنیە لەئاستی هۆنراوەکانم، بەڵام کەسێکم نەدیوە یەکێک لەو نوسینانەی هاتبێتە بەر، بەپێچەوانەی هۆنراوەکانمەوە کە زۆر کەس لەبەریانە. با بەبەڵگەوە بدوێین: لەپێش هەر هۆنراوەیەکەوە لەهۆنراوەکانی دیوانی کوردایەتیەکم، پێشەکییەکی کورت و چڕوپڕم نوسیوە کە لەڕوی شێوەو ناوەرۆکەوە لە هۆنراوەکان کەمترنین، بەڵام کەس پێینەوتوم یەکێ لەو پێشەکییانەی لەبەرە، کەچی دەیان کەسپێیانوتوم هەمو هۆنراوەکانی ئەو دیوانەیان لەبەرە. رەخنەسازی بەتوانە (زایر رۆژبەیانی) یەکێکە لەو کەسانە. بۆیە ناوی ئەو بەڕێزەم هێنا، چونکە هەرئەو بۆیگێڕاماوە، شەوێک لەکەرکوک لەماڵی دۆستێکی ئەبێ بەبۆنەی ناونانی منداڵێکیانەوە، بەڕێکەوت گۆڤاری بەیانی ژمارە 152 ساڵی 1989 لەبەردەسیانائەبێ کەهۆنراوەی (لەبیرەوەرییەکانی ساڵانی دێرین)ی منی تیائەخوێننەوە، هەمویان بڕیارئەدەن ناوی ئەو مناڵە بنێن ژیر. دیارە هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی هۆنراوەکە. ئەگینا کەسانی ئەو مناڵە منیان نەناسیوەو نەدیوە.

هەندێ لەوانەی وازیان لە کێش و سەروا هێناوە، واتا مۆزیکی دەرەوە، ئەلێن ئێمە بە مۆزیکی ناوەوە هۆنراوەکانمان بنیاتئەنێین. لەوەڵامی ئەوانەدا ئەڵێم: مۆزیکی ناوەوە بەبێ مۆزیکی دەرەوە،بایەخێکی هۆنراوانەی نیە. تەنیا بەمۆزیکی ناوەوە هۆنراوە دەستەبەر ناکرێ. چونکە پەخشانی هونەریش مۆزیکی ناوەوەی هەیە. جگەلەوە، مۆزیکی ناوەوە دەسکردو

داهێنانی ئەو جۆرەکەسانەنیە. مۆزیکی ناوەوەی هۆنراوە هەرهەبوە. تەنیا ئەوەندەهەیە جاران بەمۆزیکی دەرەوەی هۆنراوەیان ئەوت کێش وسەروا، بەمۆزیکی ناوەوەش : رەگەزدۆزی (جناس)، دژیەکی (مقابلە یا طباق)، رەوانبێژی (فصاحە)و بەجۆرێکی گشتی لەشێوەی داڕشتن و پەیوەندیی نێوان وشەو واتاکانی و جوانکاریی واتایی لەهۆنراوەدا خۆیئەنوان. کەواتە هیچکام لەو دو مۆزیکە بری ئەویتر ناکەوێ.

نوسەرێ لەبارەی دەوری سەرواوە لەهەڵسەنگاندنی رۆشنبیریی هۆنیارا ئەڵێ: (سەروا ئەو دەنگی دواییە لەبەیتی هۆنراوەدا چاودێرێکی هەڵسەنگاندنە بۆ لایەنێ یا چەن لایەنێکی ژیانی رۆشنبیریی هۆنیار بۆئەوەی هاوکێشەیی مۆزیکی و واتایی لەبەیت و لەچامەکەدا بکا. ئەگەر وابو ئەوا ئەو هۆنیارە سامانێکی زمانەوانی و شارەزاییەکی دەرونی و شارەزاییەکی مۆزیکیی هەیە کەئەزانێ لەرینەوەی سەروا لەگوێچکەدا زیاتر لە وشەکانیتری هۆنراوە، گوێ پڕئەکا، توانایەکی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەستا بەو وشانەی هەڵیانئەبژێرێ. هۆنیاری رۆشنبیر، سەروا بۆی ملکەچە. ئەوانەی نهێنیی سەروائەزانن ئەوانەن کە ئێمە هۆنراوەکانیان ئەڵێینەوە. سەروازانی نیشانەی زیرەکییە. بەکورتی هەندێ هۆنیاری هاوچەرخ ئەوانەی رکیان لەسەروایەو پێشێلیئەکەن و بەکارەکەی خۆشیان ئەزانن، بەوە پەردە لەسەر ئاستی رۆشنبیریی خۆیان لائەبەن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کە ئەم پەردە لابردنە ناڕاستەوخۆیە ئەچێتە سەرباری ئەو پەردەی راستەوخۆلابردنە کەخۆیئەنوێنێ لەواتالێگیران و وێنەلەرزین و دەربڕینی پەشۆکاوانەدا)[16]. هەروەها (بەدر شاکر سەیاب)لەنامەیەکیا بۆ عەبدولکەریم ناعیم ئەڵێ: (من دژی



وازهێنانم لەسەروا. پشتگوێخستنی سەروا، واتا راوەستانی وێنەکان و سۆزو بیر لەئاستێکی دیاریکراوا. ئەتوانرا کاریگەریی وێنەکانت و بیرەکانت و سۆزەکانت لەسەر دەرون زیاتربکەی ئەگەر هۆنراوەکەت سەرواداربوایە)[17](کۆڵرچ)یش ئەڵێ: (هۆنراوە ئەو هۆنراوەیەنیە کەزیاترین چێژت ئەداتێ، بەڵکو ئەو هۆنراوەیەیە کە زیاترین چێژمان ئەداتێ کاتێ جاریتر ئەیخوێنینەوە)[18] دە هۆنراوەی بێ سەروا نایەتەبەر تا جاریتر بیڵێینەوە.

هەرچۆنێبێ، مرۆڤ ئازادە لەشێوەی نوسین و دەربڕینی خۆیا. بەڵام من داوا لە خونچە تازە کراوەکانی هۆنراوەی کوردی ئەکەم کە دوربن لەچاولێکەری و لاساییکردنەوەی کوێرانە. بۆپاڵپشتی هەر رایەک، داوای بەڵگەی سەلمێنەربکەن.

## هۆنراوەو واتا

هەمو ئەوانەیبەرەنگاری کێش و سەروابونەتەوە لەهۆنراوەداو بەکۆت و زنجیر ناویانئەبەن و داوای نەهێشتنیان ئەکەن، بیانویان (واتا - مەعنا)یە. بەناوی بەرگری لەواتاوە، لەکێش و سەروا یاخین. گوایە بە گرێ و کۆسپیان ئەزانن لەڕێگەی واتادا. کەچی لەڕاستیا مەبەستی سەرەکیی هۆنراوە، واتا یا راگەیاندنی واتانیە. تەنانەت ئەو هۆنراوانەی کە (واتا) تیایانا ئامانجبێ، دەوری هۆنراوەکە رازاندنەوەی ئەو واتایەیە. ئامڕازەکانی ئەو رازاندنەوەیەش، مۆزیکی هۆنراوەیە بەگشتی و کێش و سەروایە لە پلەی یەکەما. هەر لەبەرئەوەشە هۆنراوەی وەرگێڕراو بەنوسینی سادە، ئەو چێژو خۆشی و هەژاندنەی نامێنێ.چونکە وەرگێڕ تەنیا وەک واتا هۆنراوەکە وەرئەگێڕێ. ئەمە بێجگە لەو هۆنراوانەی گیانیان

بەبەردائەکرێتەوە بەوەی وەرگێڕ وەک هۆنیارێ واتای هۆنراوەکە وەرئەگێڕێ و بەکێش و سەرواو ئەندێشەی خۆیەوە دایئەڕێژێتەوە کە لەئەنجاما چێژو خۆشی و هەژاندنی نوێی تیادروستئەبێتەوە بەپێی توانای هۆنیاری وەرگێڕ، وەک وەرگێڕانی هۆنراوەکانی خیام بۆکوردی لەلایەن هۆنیاری گەورە (سەلام)ەوە[٣٠] و(کرتی ما احلاها)ی محمەد بەهجەت ئەسەری و (یا وطنی) جەمیل سدقی زەهاوی لەلایەن هۆنیاری بەتوانا بەختیار زێوەرەوە[٣١]و (رۆحی مەولەوی) لەلایەن پیرەمێردی مەزنەوە[٣٢].

راستە هۆنیاریش وەک هەر بیریار (مفکر)ێکیتر بیرئەکاتەوەو بیرۆکەی خۆی هەیەو ئەشێ هۆنراوەکانی جۆرە بیرو فەلسەفەیەکی تازە بێننە ئاراوە، بەڵام لەهەمان کاتا، تایبەتمەندییەکانی هۆنراوە، وەک کێش و سەرواو ئەندێشەو جوانکارییەکانیتری وەک وێنەو زمان و داڕشتن و..هتد بەڕازەوەیی بەرهەم ئەهێنێ، بۆیە کۆڵڕچ ئەڵێ: (جوانی بۆ بیرۆکە وەک رۆشنایی وایە بۆ چاو)[٣٣]کەدیارە مەبەستی لەو بیرۆکانەیە بەهۆنراوە رائەگەیەنرێن.

ئەگەر مەبەستی هۆنراوە تەنیا گەیاندنی واتابێ، ئەوا ئەم کارە بەهۆی وتارەوە چاکتر ئەنجامئەدرێ. هەرگیز ناتوانرێ واتایەکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی بەو تێروتەسەلیەی وتار، بەهۆنراوە رابگەیەنرێ. چونکە مەودای هۆنراوە وەک مەودای وتار فراواننیە. بگرە مەودای هۆنراوە ناگاتە مەودای پەخشان و چیرۆکیش بۆ گەیاندن و رونکردنەوەی واتا. بەڵام وەک کاریگەرێتی ، ئەو واتایەی بە هۆنراوە ئەگەیەنرێ، زیاترو زوتر کارئەکاتە سەر وەرگری هۆنراوە، ئەویش بەهۆی رازاندنیەوە بە تایبەتمەندییەکانی هۆنراوە.



ئەو واتایانەی هۆنراوە ئەیانڕازێنێتەوە دو جۆرن: یەکەمیان هەڵقوڵاوی هۆنیار خۆیەتی. دوەمیان ئەوانەیە کە بەسادەیی وەریئەگرێ و بەڕازاوەیی ئەیداتەوە بە وەرگری هۆنراوە. بەوەش ئەو رازاندنەوەیە ئەبێتە شیرینکردن و خۆشەویستکردنی واتاکە هەتا رادەی هەژاندن لەچەن وتەیەکی چڕوپڕ لە سۆزی ئاوازو ترپەی سەرواو دیمەنی وێنەکانا. بۆنمونە، لەبواری بازرگانیا زۆر نوسراوە لەسەر پێویستیی بایەخدان بەو جێگەیەی کەلوپەلی تیا پیشانئەدرێ بۆفرۆشتن، هەمو ئەیزانین بایەخی دوکانێکی بازرگانی لەشەقامێکی ئاوەدانی گشتیا، زیاترە وەک لەلاکۆڵانێ. جلوبەرگێ لەبەر جوانێکا جوانتر ئەنوێنێ وەک لەبەری ناشیرینێکا، کوردیش وتوێتی بەرد لەجێگەی خۆیا سەنگینە، بۆیە (حەمدی) هەمو ئەو چەمکانە سەبارەت بایەخی جێگە، لە چەن وشەیەکی کورت و رازاوەو کاریگەرا چڕئەکاتەوە و ئەڵێ:

بازاڕی دەهرە، قیمەتی ئەشیا بەجێگەیە

مێشێ گەییە روی نیگارێ، بە خاڵ ئەچێ

پێشئەوەی (بێ کەس) بلێ :

داری ئازادی بە خوێن ئاونەدرێ قەت بەرناگرێ

سەربەخۆیی، بێ فیداکاری ، ئەبەد سەرناگرێ

خەڵکی زانیوێتی کەئەبێ لەپێناوی ئازادیا خوێنبڕێژن و فیداکارییکەن و کردوشیانە. چەندین چیرۆک و پەرتوک هەبوە لەوبارەیەوە . واتە، بێ کەس، واتایەکی تازەی نەهێناوەتە بەرهەم، بەڵکو واتایەکی هەبوی رازاندۆتەوە.

بەوجۆرە ئەبینین کاری سەرەکیی هۆنراوە، رازاندنەوەی واتایە، تەنانەت ئەو واتایەی هۆنیار خۆشی خاوەنیبێ هەرئەبێ بیڕازێنێتەوە. جا کەکاری سەرەکیی هۆنراوە رازاندنەوەی واتابێ، دیارە ئەو رازاندنەوەیە هەتا زیاترو چاکتربێ، شیرینترو کاریگەرترئەبێ و زیاتر خەڵکی ئەهەژێنێ. هەرلەبەر ئەوەشە هۆنیارەکان لەکۆنەوە هەوڵیانداوە کە نەک تەنیا هۆنراوەکانیان پڕواتابێ، بەڵکو واتاکان بەڕازەوەترین پۆشاکەوە پێشکەش وەرگری هۆنراوە بکەن. لەم پێناوەشا پەنایان بردۆتە بەر هەمو هۆکارەکانی رازاندنەوەی هۆنراوە.

هۆنراوە خۆراکێکی مادینیە کە پێویست بەوەبکا زیاترین بڕ بەرهەم بهێنرێ بۆئەوەی بەشی زیاترین کەس بکا. بەڵکو خۆراکێکی گیانییە و هۆنراوەیەکی چاک بەشی هەمو نەتەوە ئەکا لەبابەتەکەی خۆیا. لەبەرئەوە هۆنیاری چاک دەربەستی ئەوەنیە زیاترین یا درێژترین هۆنراوە بۆ یەک مەبەست بڵێ. ئەم ئەنجامەش ئەمانبا بۆ ئەوەی لەپێناوی واتادا دەسبەرداری جوانکاری و رازاندنەوە نەبین لە هۆنراوەداو هۆنراوە بەرەو هەڵدێری پەخشان و وتارو قسەی ئاسایی بەرین و هۆنراوە داماڵین لە مۆزیکی کێش و سەرواو وێنەو رەوانبێژی و جوانکاری!! یا چاومان لە چەندێتیی هۆنراوە بێ و چونێتی وازلێبێنین!

ئەگەر ئامانجی سەرەکیی هۆنراوە تەنیا واتابێ، ئەوا تەنیا کێش و سەروا گرێنین لەڕێگەی واتادا. ئەندێشە(خەیاڵ) گرێیەکی کوێرترە بۆ واتا. بگرە ئەندێشە هەر بایەخ بۆ واتا ناهێڵێ و هۆنراوە تەواو دورئەخاتەوە لە واتاکانی ژیرێتی و سروشتی و راستی و زانستی. بۆنمونە: ئەگەر هۆنراوە جوان و بەرزەکەی مەولەوی:



هەندە ناسکبو بەبای باوەشێن

سەرکوڵمی ئاڵی پڕئەبو لەخوێن

بدەین لە بێژنگی ژیرێتی، ئەگەینە ئەنجامێکی سەیر! ئافرەتێ ئەگەر تەنیا بەبای باوەشێنێ سەرکوڵمەکانی پڕببێ لەخوێن ، دیارە بە ڕەشەبایەک توشی خوێنبەربون(نزیف)ی دەموچاو ئەبێ ! خۆئەگەر پەنجەیەک یالێوێکی بەرکەوێ، ئەوا ئەو کوڵمە هەڵئەوەرێ و لەئەنجاما خۆمان لەبەردەم دەموچاوێکی خوێناوی و زامدارو چاڵوچۆڵا ئەبینینەوەو بێزمان لەو دەموچاوە ئەبێتەوە!!

جائەگەر خەیاڵ ئەوکارە بەواتابکا، ئایا خەیاڵ زیانبەخشترە یا کێش و سەروا بەڕای ئەو کەسانە!؟ ئایا چاوەڕوانناکرێ سبەی داوای نەهێشتنی کەلەپچەی خەیاڵیش بکەن لەهۆنراوەدا بەبیانوی ئەوەی خەیاڵ واتا ئاوەژوئەکا!؟ بەوەش توشی گەڕانەوەیەک ئەبین بۆ راو بۆچونەکانی ئەفلاتون لەبارەی هۆنراوەوە کە گوایە هۆنراوە لەسەر بنچینەی درۆ دروستئەبێ! بێگومان خەیالیش سوارچاکی خۆی هەیە. مەولەوی ئەو ئەنجامەی نەویستوە. تەنیا ویستوێتی لەبەرزترین شێوەدا گوزارە (تعبیر) لە ناسکیی دەموچاوی دڵخوازەکەیبکا. ئەندێشە، هەروەکو لەزانست و هونەری رەخنەسازیی هاوچەرخا چەسپاوە ، رەگەزێکی ئێجگار گرنگە لە رەگەزەکانی وێژە. چونکە بەهۆیەوە ئەم چالاکییە مرۆڤانەیە، لەزانست جیائەکرێتەوە. هەروەها شوێنەوارەکانی کەسایەتی و ژینگەی وێژەر دەرئەبڕێ و رێگەیەکە بۆ هەست و نەستی خوێنەران[٣٤]. بابەتی وروژاندنی واتاکان، بریتیە لە لێکچواندن و خوازەو خواستەو درکە، کە بەرهەم و هێزی ئەندێشەن)[٣٥]

(هۆراس)ی رەخنەگرو هۆنیاری بەناوبانگی لاتین، پێش 2 هەزار ساڵ وتویەتی: (ئامانجی هۆنراوە فێرکردن یا خۆشیگەیاندن یا هەردوکیان)[٣٦] ئەم بۆچونە بو بەبنەمایەک تا ئێستاش جێگەباوەڕی رەخنە سازان و هۆنیارانە. کەواتە هۆنراوە تەنیا گەیاندنی واتانیە، بەڵکو خۆشیگەیاندنیشە. ئەمە لەکاتێکا کە کێش و سەروا ئەبنە هۆی بایەخدانێکی زیاتر بە واتا. لەمبارەیەوە بەهجەت ئەسەری ئەڵێ: (موزیکی هۆنراوە بریتییە لە کێش و رێکخستنی دەنگەکان و ئەبێتە هۆی رونکردنەوەو فراوانکردنی واتاکەی)[٣٧] هەروەها رەخنەگران گەیشتونەتە ئەوەی ئاوازو مۆزیک رۆڵێکی گەورەو کاریگەر ئەگێڕن بۆ فراوانبونی واتای هۆنراوە[٣٨] .

ئەمانە هەموی ئەوەئەگەیەنن کەکاری سەرەکی هۆنراوە،رازاندنەوەی واتایە تەنانەت ئەگەر هۆنراوەیەک بۆ فێرکردنیشبێ، ئەبێ لە شێوەیەکی رازاوەدابێ بۆئەوەی جیاوازی لەگەڵ وانەی قوتابخانەدا هەبێ و زیاتر کاریگەربێ تا زیاتر فێرخوازەکە بهەژێنێ. لەمبارەیەوە درایدن ئەڵێ: (هونەرمەند هەوڵئەدا شتێیەک بەرهەم بێنێ کە لەژیان جوانتربێ)[٣٩] ئنجا ئەڵێ: ( خۆشیگەیاندن ئامانجی سەرەکیی هۆنراوەیە ئەگەر نەڵێین تاکە ئامانجێتی. ئەگونجێ دانبنرێ بە فێرکردنا وەک ئامانجێکی ناوندی، چونکە هۆنراوە فێرناکا ئەگەر خۆشی نەگەیەنێ)[٤٠] هەروەها درایدن بەئاشکرا دان بە ئامانجە تایبەتییەکەیا ئەنێ وەک هۆنیارێک و ئەڵێ: (هەوڵدانە سەرەکییەکانم ئەوەیە کەخۆشی بگەیەنمە رۆڵەکانی ئەو سەردەمەی تیایا ئەژیم)[٤١] دیارە ئەو خۆشیگەیاندنە بەدەسنایەت ئەگەر هۆنراوە رازاوە نەبێ بەمۆزیکەکەی.



ئێمە تائێرە مەبەستمان ئەو هۆنراوانەیە کە واتا تیایانا مەبەستێکە. ئەگینا ئەو هۆنراوانەی کە واتا تیایانا مەبەستنیە، گوایە هونەر بۆ هونەرە، ئەوە بێگومان زیاتر پێویستیان بەرازاندنەوە هەیە بە مۆزیکی دەرەوەو ناوەوە. هەرچەن من لەو باوەڕەدانیم کە لەم جیهانەدا شتێک هەبێ پێیبوترێ هونەر بۆ هونەر یا هۆنراوە بۆ هۆنراوە! چونکە ئەگەر هۆنراوەیەک هیچ واتایەکیش ئەنجام نەداو تەنیا بۆ گەیاندنی خۆشیی روتیشبێ، ئەوا ئەو خۆشیگەیاندنەش هەر لەخزمەتی مرۆڤ و ژیاندائەبێ. مرۆڤ تەنیا پیویستیی بەخوراکی مادی نیە، پێویستیی بەخۆراکی گیانیش هەیە وەک گوێگرتن لە ئاوازێکی خۆش، سەیرکردنی دیمەنێکی جوان، بینینی هەڵوێستێکی مەردانە، بیستنی نوکتەیەک ، هەروەها هۆنراوەیەکی هەژێنەر. ئنجا ئەگەر هۆنراوەیەک واتاو خۆشییەک نەبەخشێ، ئەوە هەر هۆنراوەنیە!

مالارمێ 3 رەگەزی بۆ هۆنراوە داناوە:

1-وشەو دێري هۆنراوە خۆی لەخۆیدا پێویستە ئاکامێکی ئاوازی مۆزیک ببەخشێ.

2- هۆنراوە هەرچەن ئەبێ پارچەیەکی مۆزیکیبێ، لەهەمان کاتا پێویستە مەبەستێکی واتاییشی هەبێ.

٣-ناوەرۆکی هۆنراوە ئەبێ بیرۆکەیەکی پەتی بێ[٤٢] .

د. کامیل بەسیر ئەڵێ: (ئەم 3 رەگەزە پێکەوە ناگونجێن. چونکە ئەگەر هۆنیار هەمو کۆششی سازکردنی ئاوازو مۆزیکبێ و لەسەرچاوەی بیری پەتییەوە هۆنراوە بهۆنێتەوە، چۆن ئەتوانێ بەهۆنراوەکانی مەبەستێک بهێنێتەدی؟[٤٣]

من لەگەڵ بۆچونەکەی د. بەسیرنیم و ئەڵێم: گۆنجاندنی ئەو 3 رەگەزە کاری نەکردەنیەو ئەکرێ و کراویشە. چونکە مەبەستی هۆنراوە لەناوەرۆکەکەیایە، ئاوازو مۆزیکەکەشی لەروخسارەکەیایە. هیچیان رێ لەویترناگرێ. تەنیا سەرنجێکم لە رەگەزی سێیەم هەیەو ئەڵێم: راستە ئەگونجێ هۆنراوە ناوەرۆکی بیرۆکەیەکی پەتیی ببێ ، بەڵام مەرجنیە هەمو کاتێ وابێ.

رازاندنەوە وەک پێویستییەک بۆهۆنراوە، هەمو جۆرە هۆنراوەیەک ئەگرێتەوە. بەڵام پشتبەستن بە کەرەستەی رازاندنەوەکە، لەهۆنراوەیەکەوە بۆ هۆنراوەیەکیتر ئەگۆڕرێ. لەهۆنراوەی کلاسیکیا، زیاتر پەنائەبرێتە بەر بەرزیی زمانی هۆنراوەو ژیرێتی و چڕیی واتا بەکەمترین وشەو رونکاری و رەچاوکردنی یاسا دەقگرتوەکانی هۆنراوە. بەڵام لەهۆنراوەی رۆمانسیا زیاتر پەنائەبرێتە بەر ئەندێشەو سۆزو نیمچە تەمومژێک و هەڵچون و گێنگڵ و هێماکاری. لەهۆنراوەی ریالیزما زیاتر پەنائەبرێتە بەر شێوەکاری روبەروبونەوە وەک خۆی و وەک راستیو راستەوخۆیی و نەترسان و جەربەزەیەتی. بەدەربڕینێکیتر لەهۆنراوەی ریالیزما ئازایەتی و بەزاتی و نەترسان و روبەروبونەوەی بارودۆخە راستییەکەو جەسورێتی، جوانکاری و رازاندنەوە ئەدا بەهۆنراوەکە . ئەوانە هەموی هۆکارو کەرەسەی رازاندنەوەی هۆنراوەن لەپلەی دوەمدا.پلەی یەکەم : مۆزیکی دەرەوەی هۆنراوەیە. چونکە مۆزیکەکە تایبەتە بە هۆنراوە، ئەوانیتر کەرەسەی هاوبەشی رازاندنەوەی هەمو لقەکانیتری هونەرو وێژەن لەپاڵ هۆنراوەدا.



لێرەدا لەبەرئەوەی ئاماژەمان بۆ هەندێ لەڕێبازە وێژەییەکانکرد، بەپێویستی ئەزانم ئەو راستییە بدرکێنم کە مەرجنیە هۆنیاری ئەمڕۆ خۆی ببەستێتەوە بە تەنیا یەک رێبازەوە. هەرچەن لەئەنجاما یەکێک لە رێبازەکان زاڵئەبی بەسەریا

## هۆنراوەو تەکنەلۆجیا.

ئیمە با راستگۆیانە بپرسین: ئایا وێژەو تەکنەلۆجیا لەپێشبڕکێدا لە چ ئاستێکدان؟ ئایا ئەو سەردەمانەی ئەفلاتون (427-347پ.ز)، ئەرەستۆتالیس (384-322پ.ز)، هوراس (65-8پ،ز) بیردۆزە وێژەییەکانیان دائەنا، بیردۆزەیەکی زانستیی ئەوتۆ لەئارادابو؟ ئایا ئەو رۆژانەی هۆمیرۆس (چەرخی 9 پێش زایین)، ئەرەستۆ فانیس (445-386)، دانتێ (1265-1321ز)، شکسپیر (1564-1616ز) شاکارە وێژەییەکانیان بەرهەم ئەهێنا، زانست و تەکنەلۆژیا بەپەرێزی ئەو شاکارانەدا ئەڕۆیشتن؟ بێ گومان نەء . دەی ئەمڕۆی سەردەمی کارەباو تی ڤی و گەشتی ئاسمان و کۆمپیوتەرو مۆبایل و ئایفۆن و ئایپادو چەندین داهێنانیتر، وێژە بەپەرێزی زانست و تەکنەلۆجیادا ئەڕوا؟ بێ گومان ئەمیش هەر نەء . کەواتە لەپێشبڕکێکەدا وێژە دواکەوتوە، زۆریش دواکەوتوە. بەڵای گەورەش ئەوەیە کە کێشەکە هەر بریتینیە لەپێشبڕکێ، بریتییە لەپاڵەپەستۆو تەنگپێهەڵچنین! تەکنەلۆجیا رۆژلەدوای رۆژ زیاتر خۆیئەسەپێنێ بەسەر مرۆڤاو کاتەکانی بەلای خۆیا رائەکێشێ بەجۆرێ مرۆڤ نەیپەرژێتە سەر وێژە، بەهۆنراوەشەوە. دیاردەی ئەم پاڵەپەستۆیەش پێشکەوتنەکەی تەکنەلۆجیایە لەلایەک، لەلایەکیترەوە سستوسۆڵیەکەی وێژەیە! مرۆڤ هەمیشە باش و باشترو باشترینی ئەوێ.

تەکنەلۆجیا بەجۆرێکی گشتی پاڵەپەستۆ لەگەڵ وێژەدا ئەکا بەڵام بەتایبەتی تەنگی بەهۆنراوە هەڵچنیوە! ئەوەتا هێشتا تەکنەلۆجیا نەیتوانیوە دەسبەرداری پەخشان و چیرۆکبێ بۆ چالاکییەکانی سینەماو شانۆو تەلەفیزیۆن و ڤیدیۆ، بەڵام بەدەگمەن نەبێ بەلای هۆنراوەدا ناچێ، مەگەر هۆنراوەی گۆرانی کەبۆئەمیش مۆزیک و سەماو بزواندن، هاوکاری گۆرانیەکەن و زاڵن بەسەریا!

جگەلەوانە، ئەو کاتە زۆرانەی جاران خەڵکی تەرخانیانکردبو بۆ وێژە، بەتایبەتی هۆنراوە، کە لەبەرئەکراو هۆکارێکی سەرەکی رۆشنبیری و بابەتی دیوەخانەکانبو، ئێستا ئەو کاتانە دەسناکەون و دیوەخانیش نەماوە! خەڵکی خەریکی دابینکردنی بژێوییانن و چاویان لە فەنتازییە نوێکانەوەیە!

ئنجا لەئاستی ئەم بارودۆخەدا تەگبیر چیە؟ تەگبیر هۆنراوەی چاکە. لەبارەی هۆنراوەی چاکیشەوە کۆڵرچ هەوڵی دۆزینەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی هۆنراوە ئەدا کەئەگەڕێتەوە بۆ بلیمەتیی تەواوی هۆنیارو لەم خاڵانەدا دەسنیشانیان ئەکا:

1-شیرینییەکی تەواوی هۆنراوە، یاهەستکردن بە چێژی مۆزیکی و توانای هۆنیار لەبەرهەمهێنانیا. ئەم توانایەش زگماکییە لەمرۆڤاو بەهەوڵدان بەدەسنایەت.

2-هەڵبژاردنی باس و ناوەرۆکی دور لە بارودۆخ و کێشە تایبەتییەکانی هۆنیار خۆی. لەمبارەیەوە گۆتە (1749-1832ز)ش گەیشتۆتە هەمان ئەنجام و ئەڵێ: ئەگەر هۆنیار تەنیا گوزارە لەخەمە تایبەتییەکانی خۆی بکا، شایانی ئەوەنیە نازناوی هۆنیاری بدرێتێ.



3-قوڵیی وزەی بیر. مرۆڤ هۆنیارێکی مەزن نابێ لەهیچ کاتێکا ئەگەر لەهەمان کاتا فەیلەسوفێکی قوڵنەبێ. هۆنراوە خونچەو گوڵاوی هەمو زانین و بیرو هەست و سۆزو زمانی مرۆڤانەیەکە.

4-وێنەکان نابنە بەڵگەی بلیمەتییەکی رەسەن ئەگەر لەهەست و نەستێکی کارتێکراوەوە نەبێ. یا لە گۆڕینی کۆیەکی بڵاوەوە بۆیەکەیەک نەبێ.

گۆتە ئەم مەبەستە بەدەربڕینێکی رۆشنبیرانە دەرئەبڕێ و ئەڵێ: (هێزی راستینەی هۆنراوە، یا داستان یا شانۆنامە لەکەسێتییەکان و بیرۆکەو پێناسەو بۆچونەکاندا نیە، بەڵکو لەهەڵوێست یا لەو هاندەرەدایە کە هەمو ئەوانە ئەگرێتەوەو ئەویش پێشترە لەوان بە پێی ئەو قسەیەی کەئەڵێ گشت پێش بەش ئەکەوێ)''

گومانیش لەوەدانیە کە هۆنراوەی چاک، هۆنیاری چاک ئەیڵێ. ئەی هۆنیاری چاک کامەیە؟ یا مرۆڤی هۆنیار چۆن ئەبێتە هۆنیارێکی چاک؟

لەمبارەیەوە بن جۆنسن ئەم مەرجانە دائەنێ:

1-بەهرەی سروشتی، مەرجی یەکەم و بنچینەییە.

2-هەرتەنیا بەهرە سروشتییەکە بەسنیە، بەڵکو پێویستە هەمیشە مەشق بەو بەهرەیەبکەین. ئەڵێن ڤەرجیل(71-19پ،ز) کەمەزنترین هۆنیاری رۆمابوە، وەک ورچ ژان ئەیگرت بۆ لەدایکبونی هۆنراوەکانی. دواییش بە لستنەوە پەرداخی ئەکردن!.

3-مەرجی سێیەم بۆهۆنیار، لاساییکردنەوەیە. واتە هۆنیار بتوانێ سامانی هۆنیارێکیتر بگۆڕێ بۆ بەکارهێنانە تایبەتییەکانی خۆی.

4-مەرجی چوارەم، خوێندنی وردو خوێندنەوەی جۆراوجۆرە.

لەگەڵ ئەوانەشا، جۆنسن زیاتر پێ لەسەر مەرجی یەکەم دائەگرێ و ئەڵێ من لەهەڵگرانی ئەو رایە نیم کە سەربەستیی هۆنیار بخەمە سنورێکی یاسایی تەسکەوە کە پەیکەرتاش و فەیلەسوفەکان ئەیسەپێنن.حەکەم لەسەر هۆنیاران تەنیا بەهرەکەیانە، ئەویش بەهرەی هەمو هۆنیارەکاننا، بەڵکو چاکترینیان[٤٥] .

کەواتە ئەگەر هۆنراوەی پێش شۆڕشی تەکنەلۆجیا پێویستبوبێ چاکبێ، ئەوا هۆنراوەی دوای ئەو شۆڕشە، بەتایبەتی هی ئێستەو داهاتو، ئەبێ زۆر چاکتربێ. کەچی بەداخەوە وانییە! بگرە بەتەواوی پێچەوانەیە لەزوربەی ئەو بەناو هۆنراوانەی کە هۆکارەکانی راگەیاندنی پێپڕئەکرێتەوە. ئەوەش هیچ بیانویەکنیە کەبوترێ مەبەست لەو بڵاوکردنەوانە،هاندانی نەوەی نوێ و تازە هۆنیارانە. ئێمە پەرچدانەوەی ئەو بیانوە لەم خاڵانەدا ئەبینین :

1-هۆکارەکانی راگەیاندن، کێڵگەی تاقیکردنەوەنین بۆ رێکخەری ئەو جۆرە هۆنراوانە. هۆنیاری خاوەن بەهرەی چاک، لەیەکەم هۆنراوەیەوە دەستی رەنگینی خۆی پیشانئەداو هونەری خۆی ئەنوێنێ و جێگەی خۆی لەدڵی وەرگری هۆنراوەدا ئەکاتەوە. هۆنیارە دێرینەکان بەبێ هیچ هۆکارێکی راگەیاندن و هیچ هاندەرێ، بون بەو ئەو کەڵە هۆنیارانە.



2-ئەمڕۆ کاتی مرۆڤ بەشی خوێندنەوەی بەرهەمە وێژەییە چاکەکانیش ناکا چجای ئەو جۆرە بەرهەمانە. لەڕاستیشا خوێنەرەوە بەرهەمی چاکی ئەوێ و هیچ گوێ بەوەنادا خاوەنی بەرهەمەکە لاوە یا پیاوە، تازە کارە یا قاڵبوی پیشەکەیەتی. ئەو لەناخیا ئەڵێ کەی بەرهەمەکەت کامڵبو ئەوسا لێتوەرئەگرم. جگەلەوە، با ئەو بەرهەمانە جێگە لەبەرهەمی چاک نەگرن.

3-هەمو رەخنەسازان لەسەرئەوە کۆکن کە هۆنیارێتی، بەرلەهەمو شتێ، بەهرەیە.ئەگەر بەهرەکە نەبو، بەهاندان کەس نابێتە هۆنیاری چاک ئەگەرچی ئەو کەسە چەندین دیوانی رەشکردبێتەوە بە پیتچنین(نظم).

هۆراس پێش 2 هەزار سال وتوێتی: ( قیزتان لەو چامەیەبێتەوە کە رۆژگارو چاککردنی یەک لەدوای یەک دەیانجار مشتومالْیان نەکردبێ و وەک نینۆکی لەبناکراو خاوێننەکرابێتەوە. هۆ ئەوانەی ئەنوسن، بابەتێ هەڵبژێرن کە هاوتای تواناتانبێ. ئەگەر ویستت فرمێسکم پێبڕێژی، ئەبێ لەپێشا خۆت هەست بە ئازاری گەزین بکەی.ئەوە کە هۆنیار پلەی دوەمی هەبێ، ئیمتیازێکە کە خەڵک و خواوەندو ڕێبازەکانیش بەکەسی نابەخشن. هۆنراوە، پێویستە خەڵک رازیبکا)[٤٦] .

4-هیچ نەتەوەیەک پێویستی بە هۆنیارو هۆنراوەی زۆر نیە. بەتایبەتی لەم سەردەمی زانست و تەکنەلۆجیایەدا. بەڵکو هۆنیاری زۆرو هۆنراوەی زۆر، نیشانەی نەگبەتی و دواکەوتوێتی نەتەوەیە. وەک پێشتر وتمان: هۆنراوەیەکی چاک بەشی هەمو نەتەوە ئەکا لەبابەتەکەی خۆیا. با نەوەی نوێمان وزەکانی خۆیان بخەنە بواری زانست و تەکنەلۆجیاوە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١-ر.ا سکۆت جیمس. صناعه الادب. ترجمه هاشم الهنداوی. من مطبوعات دار الشون الثقافیه العامه. بغداد. ص199.

٢-مجید محمود مطلب . شعر و فلسفه . گۆڕینی فواد میسری. چاپخانەی علا. ل35.

٣-هەمان سەرچاوە. ل 35.

٤- هۆنراوەی من خاوەنی پۆلێ یارم ل 259 دیوانی هەڵبەستەکانی ژیر.

٥-هۆنراوەی رازی مەڕی شار بۆ مەڕی کێوی.ل98 هەمان سەرچاوە.

٦-هۆنراوەی نیگای دیل. ل 384 هەمان سەرچاوە.

٧-الدکتورممدوح حقی- العروض الواضح. دار الیقضه العربیه. بیروت ص59.

٨-طلال عبدالرحمن.الایقاع بین الشعروالموسیقی.جریده العراق 3905 فی1988/11/21ص٦

٩-ئازاد عبدالواحد.شوکری فەزڵی.گۆڤاری بەیان.ژ145 ساڵی1988 ل24.

١٠-عبدالکریم راضی جعفر.القافیه.جریده العراق1989/3/25 ص6.





١١-عەلائەدین سوجادی.مێژوی ئەدەبی کوردی1952بۆمێژوی لەدایکبون و کۆچی هۆنیارەکان.

١٢-گۆڤاری بەیان ژ145 ساڵی 1988 14.

١٣-هەمان سەرچاوە ل14.

١٤-حسەین عارف.ورشەی رەخنەیەکی ئەدەبی.رۆژنامەی هاوکاری1988/7/31ل٦.

١٥-د. کامیل بەسیر. رەخنەسازی 1983 ل156.

١٦-عدنان عبدالنبی البلداوی.حول دورالثقافه فی تقدیر ثقافه الشاعر.جریدەالعراق1989/5/31ل٤

١٧،١٨-هەمان سەرچاوە ل26.

١٩-سەلام. خیام بەکوردی

٢٠-دیوانی بەختیار زێوەر ل119،118.

٢١-پیرەمێرد، رۆحی مەولەوی.

٢٢-هەمان سەرچاوەی ژمارە 1.

٢٣-سەچاوەی ژ ١5 ل156.

٢٤-سەرچاوەی ژ 25 ل157.

٢٥-سەرچاوەی ژ 1 ل7.

٢٦-سەرچاوەی ژ 2 ل35.

٢٧-سەرچاوەی ژ 2 ل36.

٢٨-سەرچاوەی ژ 1 ل124.

٢٩-سەرچاوەی ژ 1 ل123.

٣٠-سەرچاوەی ژ 1 ل123.

٣١-سەرچاوەی ژ ١5 ل97.

٣٢-سەرچاوەی ژ ١5 ل97.

٣٣-سەرچاوەی ژ25 ل197تا207.

٣٤-سەرچاوەی ژ25 ل110،109.

٣٥-حەمید عەزیز. هۆراس. هونەری هەڵبەست چاپخانەی زەمان. بەغدا.